# یاخی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# یاخی

سەلاح مەنوچێهری



کتێب: یاخی - ڕۆمان
نووسینی: سەلاح مەنوچێهری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤١٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: عەزیز عەبدولخالق + کارزان ئاوڕەحمان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٢٠٩)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# بەشی یەکەم

نیوەڕۆی گەرمی ئاخر مانگی بەهار – مانگی خەرمانان – گەرما پەرەی سەندبوو؛ تاووتینی هەتاو لەسەر قیرتاوی شەقام، هاڵاوێکی گەرمی هەڵدەدا. خەڵک زیاتر خۆیان بۆ شوێنی سێبەر و ساو دەکوتا و لە کەنارەوە ئاموشۆیان دەکرد. چۆلەکە و پەلەوەر خۆیان دەهاوێشتە ناو گەڵا و لقی دارەکان. کۆترە باریکە لەناو قەناو و جۆگەکاندا – کە باریکە ئاوێکی پێدا دەڕۆیشت – یان لە قوڵکەیەکدا کە تۆزێ ئاوی تێداکۆوە ببوو، بەخاووخلیچکی مەلەیان دەکرد و خۆیان فێنک دەکردەوە.

سەر شەقامەکان بەس هاتوچۆی بەپڕتاوی تاکسی و سەیارە بوو کە تێدەپەڕین. ژێر سێبەری دارەکان، ئەو زەلامانەی کە وێستابوون بۆ تاکسی،





بەلاوازییەوە سەیرێکی سەیارەکانیان دەکرد، تا لە چاویان ون دەبوو. چاویان بەدوی سەیارە و تاکسییەکانەوە، بەسەر جادەکەدا وشک دەبوو. بێ گومان لە بیری ئەوەدابوون: «چی بوو ئێستە لەناو ئەو سەیارەدا بوایەم» . کە لەپڕ بۆقی سەیارەیەک، بەهەوای ئەوەی کە تاکسییە ڕووی پێ وەردەگێڕان. زۆربەی ئەوانەی کە وەستابوون، پیتاک و کەرەسیان بەدەستەوەبوو؛ هەندێکیشیان دەست بەتاڵ بوون. هەموویان ژێر باخەڵ و نێوشانیان ئارەقی کردبوو. کراسەکەیان دەلکا بەلەشیاندا؛ لەبەریاندا دەیانشەکاند تا ئارەقەکەی وشک بێتەوە. یان دەمیان دەکرد بەناو یەخەی کراسەکەیاندا و فویان لە خۆیان دەکرد. یان بەڕۆژنامە و هەر شتێ کە بەدەستیانەوە ببوایە خۆیان باوەشێن دەکرد تا فێنکیان بێتەوە و تۆزێک لە تینی گەرما کەم بکەنەوە. ژنان بەگۆشەی چارشێوەکەیان ئارەقەی سەر و چاویان دەسڕی و دیسانەوە لە خۆیان دەئاڵاندەوە.

ئەو زەلامانەی کە وێستابوون، جارجار سەیرێکی پاڵ دەستەکەی خۆیان دەکرد و سەرێکیان ڕادەوەشاند و لەژێر لچەوە ورتە ورتێکیان دەکرد. کە ئەم ورتە ورت و سەیرکردنە بەبێ قسە دیار بوو لە چی باس دەکات. بێدەنگی شەقام، جیکە و جوکی چۆڵەکە، ئاهەنگێکی دڵڕفێنی دابوو بەسروشتی شەقامەکە. کە بۆقی سەیارە یان هەراو بانگەوازی دەست فرۆش و وردەواڵە فرۆشێک بۆ چەن ساتێکی کورت دەیهەژاند؛ وەک چۆن بەردێک بکەوێتە ناو گۆمێکەوە، بۆ یەک تۆز دەهەژێ و مۆنج دەدا و دیسانەوە مەن و ئارام دەبێتەوە.

هەموو کپی و بێدەنگی و خاو و خلیسکی شەقامەکە؛ زەنگی هەژێنەری مەدرەسە ڕایچلەکاند. ئەو منداڵانەی کە دەستەی بەیانی بوون، وەک تازە ئازاد بووبن و چوار پێنج سەعاتی مەدرەسە وەک ماوەیەکی دووروودرێژ لێیان تێپەڕ بووبێ، هەموو بەهەرا هەرا و قیژە قیژ دەردەکەوتن. شەقام،

کۆڵان، جۆگە و کەلێن ڕۆحێکی تری پێدا هاتبووەوە؛ پڕبوون لە قیژە و هەرا، جنێو و قاقا و ترس. سەیری هەر کەلێن و سوچێکت بکردایە چەن کات لەمەوبەر لە نوچ و باوێشکی کپ و کڕیدا بوو، ئێستە وەک کانی ژیابۆوە؛ ببووە کونەبەردی منداڵان، یان پەناگەی خۆحەشاردانی بێ دەستەڵات و لاوازێ. بەترس و لەرزەوە بزانێ ئەوانەی کە لێی دەترسا دیارنین. چاوی بەسمایل کەوت، هەناسەیەکی ڕاحەتی هەڵکێشا و چوو بۆ لای:

– سەلام سمایل.

– سەلام بێهروز چۆنی؟

بەدەم ڕێوە دەستیان لەگەڵ یەکداوە:

– خاسم، سمایل ئەوە بۆ نیوەڕوان سەور ناکەی تا بەیەکۆ بڕۆینۆ؟

سەیرێکی بێهروزی کرد. وەک بەتەواوەتی لە مەبەستەکەی حاڵی بووبێ، بەڵام نەیداوە ڕووی.

– با ڕاکەین.

بێهروز بوو؛ دیاربوو هێشتا ترسی لە دڵدا بوو. گەرچی ئێستا لەگەڵ دانێکدا بوو کە لە خۆی و لەوەش کە لێی دەترسا ئازاتر بوو؛ بەڵام لە ڕاستیدا دەیەویست لە دەست ترسەکەی ڕا بکات. هەستی دەکرد ئەگەر ڕا بکات ئارام دەبێتەوە. سمایل سەری داخستبوو، شەقی لە بەرد هەڵدەدا وتی:

– من ڕاناکەم گەرمە.

گەرما هەردووکیانی بێ تین کردبوو. بێهروز دەستی کردبوو بەقۆڵی سمایلدا و بەم بۆنەوە هەستی بەهێمنی و ئارامی و ئەمنی دەکرد.

– ئاخ!





بێهروز دەستی گرت بەسەرییەوە؛ بەڕەنگ و ڕوویدا دیاربوو کە ئازاری پێگەیشتووە. سمایل وەک شتێکی سەیر ڕووی دابێ بەپەشۆکاوی وتی:

– ئەوە چی بوو؟ کێ بوو؟

بێهروز بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کوڕە ڕووبەڕوو نەبێ بەهێدی و لەسەرخۆ وتی:

– هیچ ئەو هەتیوە کتێوەکەی دا بەسەرما.

– هەڵێین بیگرین؟

بێهروز دیسان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کوڕە ڕووبەڕوو نەبێت بەپێکەنینەوە بەسمایلی وت:

– نە باوە! بەیانی لە حەوشی مەدرەسە دەیگرم تۆڵەی خۆمی لێ دەکەمەوە.

بەئاشکرا لە بیچم و نیگای بێهروزدا خۆپاراستن لە ڕووبەڕووبوون دەبینرا. کە سمایل هەستی پێ کردبوو وتی:

– ئەی ئێستە؟

سەیری نێوچاوانی بێهروزی کرد؛ دەستی نایە سەر شانی. بێهروز سەری داخست و جوابی نەداوە. ڕکبەر گەرووی گرتبوو؛ دەلەرزی و قسەی بۆ نەدەهات. بەلایەوە زۆر گران بوو کە بڵێ لێی دەترسێ. دەست و پای خۆی گوم کردبوو. تفی قوتدا و ڕکی خۆی خواردەوە. بەئارامی ڕێکەوتن. سمایل باڵی بێهروزی گرتە دەست و لە خۆی نزیک کردەوە و وتی:

– بێهروز ڕاس بێژە لێی دەترسی؟

سمایل بۆ ئەوەی کە بۆچی ئەوەندە لەسەر ئەو وشە سوور بوو، بۆ خۆیشی نەیدەزانی. یان شایەد دەیزانی و بیری لەوە نەدەکردەوە کە بەدەربڕینی ئەم وشە بێهروز ورد دەبێ و هەست بەداڕمان دەکات. بەڵام شتێک لە ناخیەوە

بەردەوام هانی دەدا کە ئەم پرسیارە دووپات کاتەوە. تا ئەوەی کە دەستەڵاتی خۆی بەسەر بێهەروزدا نیشان بدات؛ یان دای بسەپێنێ بەسەریا، یان هەر پێی خۆش بوو ئەو ترسە لە دەروونی بێهەروزدا بڕسکێنێ. بێهەروز سەری داخستبوو؛ بۆ ئەوەی بتوانێ مێشک و بیری خۆی کۆ بکاتەوە هەنگاوەکانی خۆی فڕێ دەدا و هەوڵی دەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێتەوە.ئەم پرسیارە جوابەکەی بۆ بێهەروز دەمگروگران بوو. هەر بۆیەش لەم ماوەیەدا لەم جوابە تەفرە ڕۆیشتبوو. چۆن بڵێ لێی دەترسێ؟ کە ئەو گشتە وێڕای ئەوان شەڕی کردبوو. سەری منداڵی شکاندبوو. ئێستە چۆن بەسمایل بڵێ کە دەترسێ؟ خۆی بەشەق لە بەرد هەڵدانەوە خەریک کرد. تا تۆزێک ئارام بێتەوە. ئەوسا وتی:

– دەزانی چی، عەزیەت دەکا... ئەو لەمن گەورەترە... ئەو...

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا. دڵی پڕ بوو، فرمێسک لە چاویدا قەتیس ماو ڕووی کردە ئەولاوە؛ چاوی پاک کردەوە. بێهەروز بەشوێن باسێک یان شتێکدا دەگەڕا کە باسەکە بگۆڕێ. چاوی بەناو هەموو کەلوکونی شەقامەکەدا گێڕا، تا شتێک سەرنجی ڕابکێشێ. لەپڕ لەوبەری شەقامەکەوە لەژێر دارێکدا، چاوی بەئەیوب کەوت. شانێکی دا لە سمایل وتی:

– ئەوە ئەیوب.

سمایل وتی: کوا؟

بێهەروز دەستی ڕاکێشا بەرەو لای ئەیوب وتی:

– ئەها... ها... لەو بەرۆ لەژێر دارتووەکەدا.

هەردووکیان بەهەڵاتن چوون بۆ لای. سمایل وتی:

– ئەیوب زووهاتیتە دەرۆ یان هەڵاتی؟

– ئەی برایم و ئەوان کوان؟





– ئەوان لەولاوە ڕۆیشتن.

ئەیوب خۆی لە پەنای دارەکەدا شاردبۆوە و سەیری ناو منداڵەکانی دەکرد. بێ ئەوەی سەیری سمایل بکات تازە پرسیارەکەی پێشووی وەبیرهاتەوە؛ وتی:

– ئەرێ؛ دوو سەعاتی ئاخر خۆم کرد بەنەخۆش، وتم دیانم ئێشێ. هێشتا مەرەخسی نەدەکردم. ئاخری نوکی قەڵەمەکەم کرد بەکلۆرەی دیانما و لە ئێشا دەستم کرد بەگریان. ئاغای عەباسی دڵی بۆم سوتا، مەرەخەسی کردم. وتی: «برۆ، جارێکی تر وا بکەی هەر لێرە دیانت دەکێشم با گیانتی پێوە دەرچێ».

منداڵەکان بەبەر سەیارەکاندا لەمبەری شەقامەکەوە بۆ ئەوبەری شەقامەکە هەڵدەهاتن. کیڕەی تورمز. چوار پێنج جار بۆق لێدان و سەر لە شیشەکەوە دەرهێنان و بەدەنگی بەرز جنێودانی شوفێر:

– ئەی ڕووی دایک و باوکتان ڕەش بێ. گشتی ئێژی بەچکە شەیتانن دەردەپەڕن.

دەنگی تورمز و هەرای شوفێر، سەرنجی خەڵکی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. لەبەردەم ئەیوب و ئەواندا دوو سێ کەس وەستابوون بۆ تاکسی. دانێکیان وەک شوفێرەکە لەگەڵ ئەوی بووبێت وتی:

– بەچکە شەیتان!!؟... پەچ... هەر ئەوەندە دەزانی لەبن هەنگڵی پیاو سەوز ئەون... بەچکە شەیتان!!؟... کوڕە گشتی لە حەیوەت ئەمانە باریان کرد و هەڵاتن.

بۆ قەبوڵی قسەکانی، سەیرێکی پاڵدەستییەکانی خۆی کرد. ئەمجارە بەقەڵسی و توڕەییەوە سەیرێکی ئەیوب و ئەوانی کرد، کە لەگەڵ ئێوەمە. لەبەرخۆیەوە چەن جنێوێکی پێدان و ڕووی وەرگێڕا و ماتڵی تاکسی بۆوە. منداڵەکان خۆیان لە جنێو و قسەکانی ئەو کابرایە، هەڵە کرد و بەهەڵاتن

چوونە ئەوبەری شەقامەکە؛ لەو بەریشەوە تۆزێک ماتڵ بوون. بەڵام ئەیوب هەرچی چاوی گـێڕا ئەوەی کـە لەدووی وێڵ بوو پەیدای نەکـرد. سـمـایل دەستی نا سەرشانی وتی:

– ماتڵی کێیت؟ چاو بۆ کێ دەگێڕیت.

ئەیوب خۆی لە پرسیارەکەی سمایل هەڵە کرد و جوابی نەداوە. سمایل و بێهروز؛ کتێبەکانیان دەست بەدەست کرد؛ ناودەستیان کە ئارەقی کردبوو؛ ساوییان بەپانتۆڵەکەیاندا. پاشان کە دییان هیچ خەبەرێک نییە لەوەی کە ئەیوب بۆی دەگەڕا، لە کۆڵانی بەر مزگەوتی مەلا زاهیدەوە داگەڕان بۆ پشت خانەقای حاجی شێخ موستەفا. یەکێ کتێب و دەفتەرێکیان خستە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیان و ئەودواشیان خستە ژێر بلووزەکەیان. دەستیان وەک باڵی فـڕۆکـە کـردەوە و بەدەم دەنگی فـڕۆکـەیان دەردەهێنا. وێڕای ئەمـان، چەن منداڵێکی تریش وەدویان کـەوتن. پیـاوە پیـرەکـان و دوکاندارەکان دەنگیان دەدان:

– هێواش ڕۆڵە... هێواش

– لەسەرخۆ بن دەکەون.

– ئەها... ها... ئەڵڵا وەختەبوو

– مەیکە با هەڵێن، ئاخری دادەمرکێن. بزانە من و تۆ هەڵدێین.

زرمەی شتێک کە بەریێتەوە و هاواری کابرایەک بەرزبۆوە:

– ئای باوکەڕۆ کوشتمی... ئای...

شـوتیـیـەک لەسـەر عـەرزەکە بڵاوبـۆوە و کـابرایەک دەسـتی گـرتبـوو بەبەرسکیـەوە؛ هەڵتـروشکابوو. دوکـاندارەکـان بەدەم هاوارەکـەوە هاتنە دەرەوە. ئەیوب بەلای کابراکەوە حەپەسابوو. ڕەنگی سپی ببۆوە. نەیدەزانی چی بکات. سـەیری کـابراکـەی کـرد کـە بەسـەر دابـووی بەناو سکیـدا. لەبەردەمیدا شووتییەک بڵاوبۆوە. ئەیوب هەرچی کرد نەیتوانی کابراکە





بەجێ بهێڵێ. دوکاندارەکان و خەڵکی ڕاگوزەر دەستیان دا باڵی کابراکە و بەرزیان کردەوە:

– ئەرێ ئەوە نرقەی تۆ بوو یان زرمەی شوتییەکە؟

یەکێ تر لە جوابدا وتی:

– وەڵڵا نازانم. سەیرێکی شوتییەکە و کابرای ئازار گەیشتووی کرد: هینی کامیان بوو؟ وەلێ عەجەب شووتییەکە.

ئەیوب هاتەوە بەخۆیدا، هەلی بەدەرفەت زانی و ویستی هەڵبێت. بەڵام گـورج دوو سێ کـابرا لە دەوری کـۆبوونەوە و دەورەیان گـرت. وەک بەچکە پشیلەیەک کە دەکەوێتە ناو جەرگەی منداڵانەوە؛ هەرکام لە لایەکەوە تێی دەسرەوێنێ. بەشوێن دەرفەت و ڕێگەیەکدا دەگەڕێ کە لێی دەرباز بێ. ئەیوب هەردوو دەستی گرتبوو بەسەرییەوە و سەری کردبوو بەناو سنگیدا. ئاگای لە هیچیان نەبوو؛ بەس هەوڵی دەدا خۆی لە شەپلاخە و مشت و چەپۆکەکانیان بپارێزێ. ئاخری لە پاڵ دانەیەکیاندا توانی خۆی دەرباز بکات. بەجنێودان وەدووی کەوتن. دانەیەک لەوانەی کە وەدووی کەوتبوون هات بەشەپ تێی هەڵدات، بەڵام پێی لەسەر شوتییەکە هەڵخلیسکا و بەپشتدا زرم درا بەعەرزدا:

– ئای باوکەڕۆ مردم.

ئەوی تر وەدوی کەوت. منداڵەکان لەولاترەوە ماتڵی بوون. لە دوورەوە ئەو کابرایەی کە شوێن ئەیوب کەوتبوو دایانە بەر بەرد. منداڵەکان کە دییان ئەیوب لە مەترسی دەرچووە هەموو پێکەوە هەڵهاتن. ئەیوب وەدویان کەوت. کابراکە گەڕاوە وتی:

– کوڕە جا ئەوانە بۆ کێ دەگیرێن.

خاوەن شوتییەکە دانیشتبوو، دەستێکی گرتبوو بەدەمیەوە و دەستەکەی تریشی بەبەر سکییەوە. بەو کابرایەی کە پێی لەسەر شوتییەکە

هەڵخلیسکابوو پێدەکەنا. کابراکە سمت و ناو شان و سەری هەموو شوتی بوو. کابراکەیان بەرز کردبۆوە و لەبەر دوکانێکدا دایاننابوو. دانێک وتی:

– یەک دوو هەناسەی درێژ هەڵکێشە با بێیتەوە سەرخۆ.

دانێکی تر وتی:

– کوڕە کاکە ئەوە مێشکی داویە بەعەرزدا... هەناسەی چی

– ئەرێ کاکە تۆ باشتر دەزانی تۆ فەرموو.

کابراکە دەستی گرتبوو بەسەرییەوە. پشت سەری ئاوسابوو؛ یەک دوو تنۆک خوێنیشی لێ ڕژابووە سەر کراسە چەرمووەکەی. کابرای خاوەن شوتی سەیرێکی کرد وتی:

– قەیناکات من ناڕەحتیی شوتییەکەم نیم، ماڵی هەمووتان ئاوابێ. ساقەی سەری تۆ کاکە.

هەموو دایان لە قاقای پێکەنین. کابرای سەرشکاو زۆر بێ تاقەت بوو بەتوڕەیی وتی:

– پەح. جا ئەوە فەرمایشتە؛ من بەبۆنەی تۆوە سەرم شکاوە.

کابرای خاوەن شوتی خۆی نابەڵەد کرد و ڕۆیشت.



## بەشی دووەم

منداڵەکان لە بەردربای ئاسنگەرخانە، یەکیان گرتەوە. ئەیوب گەرچی بەدەم ڕێوە زۆر گریابوو، بەڵام هەرکە چاوی بەڕەفیقەکانی کەوت دای لە قاقای پێکەنین. چاوەکانی سڕی و هەرکامیان بەرەو ماڵەوە وەڕێ کەوتن. سەری لە یەک دوو جێگاوە ئاوسا بوو. کە دەستی لێ دەدا ئازاری دەگەیشتێ. کۆڵانەکان بێدەنگ، ماڵەکان پەنجەرەکانیان کرابۆوە و پەردەکانی دادرابۆوە. نەرمە بایەکی گەرمی قورس دەشنی. لق و چڵی دارەکان بەدەم شنەوە دەشەکان و سەرکوتیان دەشکاند. بەهۆی ئەم شەکاندنەوە جریوە و جوکەی پەلەوەرەکان – کە لەناو لق و چڵەکاندا خۆیان حەشاردابوو – بەرز دەبۆوە و دەکەوتنە پەلەفڕێ. ئەیوب بەپەلە چووە ناو کەلاوایەکەوە کە

له خـواروی مـاڵەكـەیاندا بوو. له كـەلاواكـەدا سـەگـێك و سێ تـوتك هێـلانەیان كـردبوو. ئەم دەڵە ئەیوب بەسـتـبـوویەوە و ناوی نابـوو گـورگی. گورگی لەبەر سێبەری دیوارێكدا كە هێشتە تۆزێك لە ئاسەواری بانەكەی بەسەرەوە مـابـوو ڕاكشـابوو. بەدەنگی پێی ئەیوب گـورج سەری هەڵـهێنا و هەردوو گوێی قوت كردەوە.

توتكەكـانیش وێڕای ئەو هەسـتـان و دەسـتـیـان كـرد بەوەڕین. بەدیتنی ئەیوب توتكەكان لە دەوری كۆبوونەوە و خۆیان تێ هەڵدەساوی. توتكێكی گۆڵی تێدا بوو ناوی نـابوو شێر شـێر. لە بـاوەشی گـرت و تۆزێك كـایەی لەگـەڵ كـرد. بیـری كـەوتەوە كـە زۆر درەنـگ كـەوتووە. توتكەكـەی دانا و بەهەڵاتن لە كـەلاواكـە چووە دەرەوە. هەر سێ توتكەكـە شـوێنی كـەوتن. ئەیـوب بۆ ئەوەی توتكـەكـان بگـەڕێنێـتـەوە، لە دوورەوە بەردی بۆ خـستن. توتكەكان بەقـروسكـە گـەڕانەوە ناو كەلاوەكە. توكی سپـلێۆتەكـان نیشت بوو لە پانتۆڵ و جلەكانیەوە. خۆی تەكاند و بەرەو مـاڵەوە ڕۆیشت. دەرگاكەی كردەوە؛ كیـرەی دەرگاكە وەك نـاڵەی مـاندوویەك بەرزبۆوە. ناو حەوشە ئەم سەر تا ئەوسەری تەنافەكان جل و مەلافەی پێدا هەڵـخرابوو. دایكی وێڕای كیرەی درگاكە بەدەنگی بەرز وتی:

– نەكەوی لە جلەكان، لە پشت حەوزەكۆ بێماڵۆ.

ئەیوب لە پشت حەوز و بیرەكەوە ڕۆیی. كـتێب و دەفتـەرەكەی لە گیـرفان و بەرسكی دەرهێنا، نایە سـەر سـەكـۆی بن دیوارەكـە. لە بەربیـرەكـە سێ تەشت پڕ لە پەتوو مەوج و لێفە نرابووە خوس. تلێپە تلێپ دەستەی بیرەكەی لێدا و ئاوی هەڵگۆزی. ئاو لە بیـرەكـەوە ڕژایە ناو تەشـتـەكەی بەردەمی. دایكی دیسان دەنگی داوە:

– لەسەر جلەكان دەمو چاوت مەشۆ؛ تەشتەكە لاوە.

ئەیوب بەنقـەنق تەشتـەكەی خشكاند. دیسـان ئاوی هەڵگۆزیبیەوە. خۆی دوور گـرت تا پرشـەی ئاو جل و پانتـۆڵەكـەی تەڕ نەكـات. دەست و دەم و





چاوی شـۆرد. دەسـتی تەڕی هێنا بەجلەكـانیـدا تا مـووی توتكەكـانی لێ بكاتەوە. پاش ئەوەی كە خۆی خاوێن كردەوە تەشتەكەی ناوە بەربیرەكە و كتێبەكانی هەڵگرت و چووە ماڵەوە:

– دایكە سەلام ماندوو نەوی.

دایكی لەژێر لچەوە بەشەكەتی جوابی داوە:

– ئەلەیكە سەلام، خۆشبی كوڕم.

ئەیوب كتێبەكانی لە گۆشێكەوە دانا و چووە سەر سفرەكە. دایكی لە پاڵ سەمـاورەكە دانیـشـتـبـوو؛ چنوور و ڕێژان و ئازاد – بەتەرتیبی تەمەن – لە پاڵ یەك لەسـەر سفـرەكە دانیـشـتـبـوون. هەمـوویان سڵاویان لـەیەك كـرد و ئەیوب مـاندوو نەبوونی لێكردن. چیـمـەن بەقـابلەمـەی چێشـتـەكـەوە هاتە ژوور؛ بەتووڕەییەوە ڕووی كردە ئەیوب و وتی:

– ئەوە بۆچی نیوەڕوانە درەنگ دیتۆ؟

– خەتای من نییە درەنگ مەرەخەس ئەوین. سەیری دایكی كرد و لەژێر لچەوە وتی: بەتۆچی.

چیـمەن قـابلەمەكەی لەبەردەم دایكی دانا و دەسـتی نا كەمەری بەتوڕەیی وتی:

– بەمن چی؟ جوانە مەرگ لە سەڵای سبحۆ گیـانمان دەرچوو ئەوەنەمـان جل شۆرد بەسەر ئەو گشتە هیلاكیا ماتڵی تۆ بووین.

– دەی نەتكردایە بەمن چی.

– بەتۆ چی؟ جلە میراتییەكانی تۆبە.

دایكـی سـەری قـابلەمـەكـەی بەرز كـردەوە. هەڵاوی چێـشت بەرزبۆوە. چیـمەن لە تەنیشت دایكیـیـەوە دانیشت؛ پارووێەك نـانی چڕی و چەن لق سـەوزی تێ كـرد و خـواردی. ئەیوب هەسـتـا خـوێدانەكـەی هێنا بەدەم ڕێوە وتی:

– ئەی دایەم كوا؟

دایکی بەدەم چێشت تێکردنەوە بەلالوتی وتی:

– بەیانی زوو زانی من ماڵ ئەخەمە دەرۆ ڕۆیی بۆ ماڵ ئامینی کچی. لەجیاتی لای ماڵەکەی بۆ بگرتایەم و چێشتی نیوەڕۆی ساز بکردایە، هەردوو لێفەکەی دانا. مەینەتی خۆم کەمە میراتییەکانی ئەویش سەرباری گشتی.

لەوەی کە دایکی قسەی بەدایەی وتبوو پێی ناخۆش بوو. لەسەر دایە هاتە جواب؛ بەڵام ڕێزان و چیمەن پاڵیان دا بەدایکیانەوە و لە ئەیوب هەڵقڕان. ئەیوب کاسە چێشتەکەی کێشا بەردەم خۆی وتی:

– باوکیشم چوو بۆ ئەوێ.

– سەرلەبەیانی وتی من تاقەتی ئەم شپرزەییەم نییە، نیوەڕۆ نایێمۆ.

– ئەی چوو بۆ کوێ؟

دایکی بەتووڕەییەوە دەنگی هەڵبڕی:

– من چوزانم خۆ کلکی باوکت نیم.

ئەیوب بەتوڕەییەوە ڕووی کردە خوشکەکانی وتی:

– ئەی دەرگای هەمارتان بۆ نەکردەتۆ، تا ئەو کەڵەشێر و مریشکانە بێنە دەرۆ.

ڕێزان بەتەوسەوە ڕووی تێ کرد وتی:

– وتمان با بێتۆ ئیجازە لە تۆ بگرین نەوا توڕەبی.

چیمەن و ڕێزان بەپێکەنینەوە سەیری یەکیان کرد و لچێکیان لە ئەیوب هەڵقورتاند. هەموو سەریان داخستبوو بێ دەنگ خەریکی نان خواردن بوون. عەتر و بەرامەی ئاوگۆشت لەگەڵ هەڵمەکەی بەرز دەبۆوە. ئەیوب کەوچکێکی لەناو کاسەکەیدا گێڕا؛ بەدەم کەوچکەکەوە نۆک و پیاواز و پلێک گۆشت و لەتێک هێرەڵماسی هاتە سەر. نانی تێکوشی. ئازاد کاسەکەی گرت بەدەستەوە و هاتە لای ئەیوبەوە وتی:

– کاکە ئەوەی منیش تریت دەکەی؟





ئەیوب کاسەکەی خۆی پێدا و هینەکەی ئەوی تریت کرد بۆ خۆی. ئازاد چۆوە سەر جێگەکەی خۆی؛ لای خواروی سفرەکە لە پشت دایکییەوە دانیشت. بەپێکەنینەوە وتی:

– خیت کاکە ئەوەی من گۆشتی تیا نییە.

هەموو دەستیان کرد بەپێکەنین و ئیتر ئەو جەوی پەژارە و ناکۆکییە نەما. دایکی باوەشی کرد بەئازاددا و ماچی کرد وتی:

– ئۆخەی کوڕە زۆرزانەکەم.

پێش ئەوەی کە سفرەکە بەزیاد بکەن دایکی یەکی پلێ گۆشتی پێدان:

– ها بیخۆن؛ کەمیشە قەیناکا. شەو تۆزێ کەتەی بۆ دروست دەکەم لەگەڵ باوکتان دەیخۆین.

ئازاد لە پشت دایکییەوە خەوی لێ کەوتبوو. پاروویەک نانی لە دەمدا بوو بەدەم وەنەوزەوە دەیجاوی. ڕێزان قیژەی لێ بەرزبۆوە:

– ئەیخوا دایکە گۆشتەکەمی ڕفاند.

ئازاد ڕاچەنی. نیوە خەو و نیوە خەبەر پاروەکەی قوتدا. دایکی لێیان تووڕە بوو:

– دایکە و زەهری هەلاهەل؛ ئەو کوڕەت خەبەر کردەوە؛ ئێژی مار پێوەی داوی.

دایکی پلێک گۆشتی بۆ خستە نێو پارووییەک نان و خۆی درێژ کردەوە دای بەدەست ڕێزانەوە. چیمەن دیسان هەڵمەتی بۆ پاروەکە بردەوە. ڕێزان بەپەلە پروزێ و قیژە قیژ پاروەکەی لە دایکی ڕفاند و بەپێکەنین خواردی. چیمەن چەمۆڵەیەکی لێنا وتی:

– ئەی هاوار دەڵێی لە گرانی هەڵاتە.

ڕێزانیش کە پاروەکەی ئاخنی بوو بەدەمیدا بڵمە بڵم جوابی داوە. ئازاد خەون بردییەوە و کاسەی تریتەکەی بەنەخوراوی لەبەردەمدا مابۆوە. دایکی

هەر لە جێوە باڵنجێکی بۆ دانا و ڕایکێشا. سفرە کۆکرایەوە. ڕێزان و چیمەن پێکەوە ماڵەکەیان خڕ کردەوە و بەپێکەنین چوون بۆ حاجەت شۆردن. دایکی بەشەکەتی هاتە بەر سەماوەرەکە؛ چوار ئیسکانی لەناو تاسی بەر سەماوەرەکە دەرهێنا و لەسەر مێزی سەماوەرکە ڕیزی کرد. گیزە گیزی سەماوەر بێدەنگی ژوورەکەی شکاندبوو. دایکی کزی کرد و لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئێستە دەیکا بەشەلەمین.

دەستماڵێکی لەبن هەنگڵی سەماوەرەکە دانابوو، قۆرییەکەی پێدا گرت. شێوە و ڕەسمی هەمموویان لەناو سەماوەرەکەدا دیار بوو. دایکی هەرچی نزیک دەبۆوە بەسەماوەرەکە تا قۆرییەکە بنێتەوە سەری، یان ئاو بکاتە سەر ئیسکانەکان سەری پڕ بەسەماوەرەکەی لێ دەهات. دەموچاوی کێشی دەهات و لووتی دەردەکەوت بەقەدەر توریێ. سەری وەک کوولەکە درێژ دەبۆوە. ئەیوب بەم ڕەسمەی دایکی لەناو سەماوەرەکەدا پێکەنینی دەهات.

چنووریش لە تەنیشت ئازادەوە ڕاکشابوو. لەناو سەماوەرەکەدا زۆر بەبچووکی دیار بوون. ئەیوب سەیری خۆی کرد، سەروپشتی بەقەدەر یەک بوون. دایکی ئۆفێکی کرد و پەنجەی برد بەدەمدا. ئەیوب سەرنجی دەست و پەنجەی دایکی دا. چونکە لە بەیانییەوە دەستی لەناو ئاودابوو پێستەکەی پنرەوە ببوو. بەرگەی گەرمای نەدەگرت. چاییەکی لە نزیک ئەیوب دانا و بەئیشارە پێی وت کە چاییەکەی بخوات.

ئیسکانی لێوتەلایی ناوقەد باریکی ئێراقی. ژێر ئیسکان چوار دانە عەکسی سمێڵ زلی پێوە بوو. ئەیوب زۆر حەزی لەم ژێر ئیسکانە دەکرد. چونکە سمێڵەکەیان تا بن گوێیان هاتبوو؛ وەک سمێڵی باوکی، ئەستوور و درێژ. یەکی کڵاوێکی ڕەشیان لەسەردابوو، دوکمەی کۆتەکەیان تا بن ملیان داخرابوو.

ئەیوب چایەکەی خوارد و لە بەردرپای ژوورەکە ڕاکشا. بایەکی فێنک لە





دالانەوە دەهاتە ژوورەوە. دایکی لە پاڵ سەماوەرەکە پشتە و قەفا ڕاکشا. دەستێکی نا بەر چاوی و دەستەکەی تری نایە سەر سکی، بەماندوویی وتی:

– نەچیتە دەرۆ کوڕە... بەخەبەرم نەخەوتووم.

ئەیوب وتی:

– نە... ناچم.

– بچیتە دەرۆ تەواوی گیانت بەنەقورچک ئەچرم. دوای نیمەڕۆ ئەو لێفانە بەیەکۆ هەڵدەخەین.

دایکی لەگەڵ دوا وشە دەنگی مرخەی بەرز بۆوە. ژوور بێدەنگ. دەنگی مرخە و موشەی ئەوانیش کە نوستبوون وەک بەشێک بن لە بێدەنگییەکە بەرگوێی نەدەکەوتن. تەنیا دەنگێک کە دەبیسترا تک تکی سەعاتە قورمیشییەکە بوو کە لە تاقەکەدا دانرابوو. مامرێکی تێدابوو، لەگەڵ هەر سانیەیەکدا جارێک دەنوکی دەدا بەعەرزدا. چاوی لە سەعاتەکە هەڵبڕی، سەیری ڕەسمەکەی باوکی کرد. سمێڵی وەک هینی ناو ژێر پیاڵەکە زل، ناو چاوی وەک ئەوان گرژ. بەس باوکی کڵاوی لەسەردا نەبوو، کۆتیشی لەبەردا نەبوو تا دوگمەکەی تا بن ملی داخستبێ. ئەیوب ڕەسمەکەی باوکی پێ جوانتر بوو. دەستی نابووە ژێر چەناگەی. قژی لوول، دوکمەکانی کراسەکەی کرابۆوە و مووی ڕەشی فڕ و لوول ڕژابووە دەرەوە. مەچەکی توکن و ئەستوور. حەزی دەکرد ئەو دەستانەی باوکی بەو مەچەکە ئەستوورانەوە هینی ئەو ببووایە. لەبەرخۆیەوە وتی:

– جا هەرکەس قسەی کرد یان شەڕی پێ فرۆشتم و بەرۆکی پێ گرتم، دوو مشتی توندی لێ دەدەم پانی دەکەمۆ. ئەگەر هەستاوۆ وەک فیلمی ناو تەلەزوێنەکە بەرزی دەکەمۆ دەیدەم بەقەو دیوارەکەدا؛ ئەوسایش دیوارەکەی بەسەرا دەڕوخێنم. ئەمجار هێواش هێواش دەچم بۆی. لەگەڵ ئەم خەیالانە لاسایی پاڵەوانی ناو فیلمەکەی دەکردەوە و بەپاڵ کەوتنەوە مشتی

دەوەشاند و جنیوی دەدا. بەدەم ئاهەنگی فیلمەکەی دەردەهێنا. پاشان دەنگی شمشێرەکەی دەردەهێنا کە شەڕی پێ دەکرد: ئەک... ئەک... تیش... تیش...هەک هەک حەملێ... ئەوکوژم... ئاخ.

لە خەیاڵی خۆیدا شانی بەر شمشێری دوژمنەکەی کەوتبوو. دەستی گرتبوو بەشانیەوە و خۆی لە ژوورەکەدا ئەتلاندەوە و وەک خۆی لە شمشێر و پەلاماری دوژمنەکەی بپارێزێ:

– ئاخ نامەرد... من زەخمار بوم... بێستە... بێستە با هەستمۆ ئەتکوژم... من شمشێرم پێ نییە... ئاخ نامەرد بەدەستی خاڵی... یاح ... یاح هەروا کە خەریکی شەق وەشادندن و خۆپاراستن لە پەلاماری دوژمنە خەیاڵییەکەی بوو، لە پڕ لەقەیەک کە دایهێناوە بۆ دوژمنەکەی بەر دایکی کەوت:

– ئای باوکەڕۆ... براڕۆ کوشتمی

چنوور و ئازاد ڕاچڵەکان، بەدەم هاواری دایکیانەوە، ئازاد دەستی کرد بەگریان و خۆی هاوێشتە باوەش دایکی. دایکی پەلاماری ئەیوبی دا ئەیوب بەقیژە قیژ هەڵهاتە دەرەوە:

– ئای دایکە بۆ خاتری خوا گووم خوارد... دایکە گیان... دایکە.

دایکی شانی نا بەچوارچێوەی دریاکەوە و هەردوو دەستی گرت بەناو سکییەوە:

– ئەو دوو سەعاتە لاقە فڕکێیت بۆ کێیە؟... یا خوا بەر لەقەی ئەولیا کەوی. خۆ ناو سکمی بڕی.

بەو دوعا کە کردبووی لە ئەیوب دای بەسەر دەستی خۆیدا وتی:

– ئەی یا خوا دەمم بشکێ ئەوە چیم وت. ئەی گوێچکەی جن و جنۆکە کوێر بێ – بەخۆی پێدەکەنی – قسەکردنیشی لەبیر بردوومەتەوە ئەم هەتیوە؛ دوور لە سەری باوکی.

چیمەن و ڕێزان بەپەلە هاتبوونە ژوورەوە. گورجێ قەنداخیان بۆ ئامادە کردو پێیان دا.



# بەشی سێیەم

ئەیوب لە دیوی دایە گەورەی لەناو دۆلابی جێوبانەکە، لە پشت پەردەی ڕووی دۆلابەکە خۆی شاردبۆوە. زرمەی پایەک هات. ناسی؛ دەنگی پێی چیمەن بوو. توند و قورس پاژنەی پێی دەدا بەعەرزا. لەناو دۆلابەکە هەردوو ئەژنۆی گرتبوو بەباوەشیەوە. بەترسەوە دانیشتبوو. هەڵبەت پێشتر دەرگاکەی پشتەوەی ئاوەڵا کردبوو تا بزانن چووەتە کۆڵان. بەڵام بەو حاڵەش هەر دەترسا. دەرگای دیوەخان کرایەوە. لەگەڵ ئەوەی کە دەنگی کردنەوەی دەرگایەک دەهات و تایەکی شەق دەبەسترا پتر خۆی لە مەترسیدا دەدی و زیاتر خۆی لە سووچی دۆلابەکە توند دەکرد. هەناسەی لە خۆی چنیبوو. ترس بەسەر تەواوی گیانیدا زاڵ ببوو. بەم بۆنەوە پتر ئەژنۆی لە

باوەش توند دەکرد. هاوڕێ لەگەڵ ئەم ترسەش بیرێک بەمێشکیدا هات. بەم بۆنەوە خۆشییەک کەوتبووە دڵییەوە و بزێک نیشتە سەر لێوی و لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئەگەر هات و پەردەکەی لادا هاشاوڵی بۆ دەبەم و دایدەچڵەکێنم.

بەم بۆنەوە خۆشییەکی سەمەرە دەستی پێدابوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەلەرزی. بەهۆی ئەم دوو شتە دژەوە کە کەوتبووە گیانییە و، وەک ئەوەی کە ئەم دوو شتە دژە لەگەڵ یەک ڕێک نەدەبوون و پێکەوە نەدەگونجان. چاوەکانی زیت دەبۆوە و ڕەنگی بەڕووەوە نەدەما. هەندێکیش کەوتبووە دیانە کیرە و لێوەلەرە. هەر چۆنێک بوو هەوڵیدا ترسەکەی لە خۆی دوور بکاتەوە و هێدی بێتەوە. هەتا سەرچۆک، خۆی ڕیچ کردەوە و دیانەکانی دەرخست و چنگەکانی هەڵدا خۆی مەلاس دا ویستی شێوەیەکی ترسناک بەخۆییەوە بگرێ.

– لەسەر نییە؟

دایکی بوو لە خوارەوە دەیقیڕاند. دەرگای ژوورەکەی باوکیشی کردەوە و تایەکی شەق پێوەدا.

– با بزانم لە دیوی دایە نییە.

– بێ دەرگاکەی پشتۆ کریاوەتۆ، حەتمەن چووە بۆ کۆڵان لە ترسا.

دەرگای ژوورەکەی دایەی توندکرایەوە و شەق دای بەدیوارەکەدا. چیمەن عادەتی بوو دەرگایەک بۆ ژوورەوە بکرایەتەوە بەشەق بیکاتەوە. ئەیوب لەسەر جێ و بانەکە خۆی ئامادە کردبوو. هەرکە پەردەکە لادرا هەڵمەت ببا بۆ سەر و چاوی و بیتۆقێنێ. زرمەی پێی چیمەن نزیکتر بۆوە. لە پشت پەردەکەوە تارمایی چیمەنی دەدی کە تا نیوەی ژوورەکە هاتووە و لە پەردەکە نزیک بۆتەوە. ئەیوب دەلەرزی و دەترسا و پێدەکەنا. دەیزانی بەم جۆرە نەبێ لە دەس چیمەن ڕزگاری نابێت. دەیزانی ئەگەر بەر چنگی





بکەوێت، حیسابی دەیکوتێ. بەنزیکبوونەوەی چیمەن بەپەردەکە ئەم زیاتر خۆی ئامادە دەکرد بۆ پەلاماربردن و جێگە پێی هەڵهاتنی خۆش دەکرد. بەڵام ترسیش زیاتر لە بن دیوارەکەی توند دەکرد. تارماییەکە لەبەر پەردەکەدا وەستا. ئەیوب هەناسەی لە خۆی چنیبوو. بەڵام چاکتر ئامادە بوو بۆ پەلامار و دەربازبوون. تارماییەکە دەستی نابووە کەمەری، یەک تۆز وەستا و بەزرمە زرم چووە دەرەوە و دەرگاکەی بەئاوەڵلایی بەجێهێشت.

ئەیوب زرمەی پێی چیمەنی دەبیست کە دووردەکەوێتەوە لە پیلکانەکان؛ دەچێتە خوارەوە. لەگەڵ دووربوونەوەی دەنگی هەر هەنگاوێکی چیمەن، ئەم ترسەکەی لێ دووردەکەوتەوە و هێمن دەبۆوە. ئەمجارە کە تەواو ئەرخەیین بوو لە مەترسیدا نەماوە، بێ ئیختیار خۆی دا بەسەر جێگەکەدا و هەردوو قاچی هەڵپەسارد بەدیواری دۆڵابەکەوە و هەناسەیەکی ڕاحەتی و ئاسایشیی هەڵکێشا. ئارەقی تەوێڵی پاککردەوە کە بەهۆی ترسەوە لێی نیشتبوو. پاش ماوەیەک بەئەسپایی و پێ خشکانە وا کە زرمەی پێی نەچێتە خوارەوە، لە پشت دۆڵابەکە هاتە دەرێ و دەرگای ژوورەکەی پێوەدا و پاڵی داوە بەردەرگاکەوە. چاوی بەناو ژوورەکەدا گێڕا. لایی ژوورەی هۆدەکە لەسەر سەرتەرکێک گوڵباخی پەرکرابو. لەم لایتریشەوە قونچکەکەی لەناو کاسێکدا کۆوە کرابو. دایە گەورەی بۆ دەوایی کەڵکی لێ وەردەگرت. ئێستەکە لە مەترسیدا نەمابوو هەستی بەبۆنوبەرامەی گوڵباخی دەکرد. هەستی بەبۆنی ئارەقی نەعنا کە لە پاڵ ئاوێنەکەدا دانرابوو – دەکرد. بۆنی مێخەک لەگەڵ کوڕەمەکە کرابوو بەمێخێکدا لەناوەڕاستی تاقەکە. دەستی برد بۆ چێوەپەمەی بتڵەکە کە بۆنی ئارەقی نەعنای مژی بوو. بەپێی عادەت و غەریزە دەستی برد بۆ لوتی. بەڵام بەرامەی توندوتیژی نەعنا گیانی هاڵاندەوە و موچڕکێک بەلەشیدا هات. خۆی هەڵ هێنا تا دەستی بەمێخەکی ناو تاقەکە بگات. ئانیشکی کەوت لە شووشەی نەعناکە خستی بەسەر ئاوێنەکەدا. لە حەیوەتی ئەوەی کە

نەکەونە خوارەوە بشکێن و تووشی گێچەڵ ببێ، سینگی نا بەبەر تاقەکەوە و بەهەردوو دەستی پەلاماری هەردووکیانی دا و گرتنیەوە. شوشەی نەعنا و ئاوێنەکەی ڕاست کردەوە. کاتێ کە ئاوێنەکەی داناوە، لەناو ئاوێنەکەدا چاوی بەخۆی کەوت. هەندیک لە خۆی ڕاما. ئەمجارە لە خۆی ڕیچ بۆوە. وەک شێر هەڵمەتی دەبرد بۆ خۆی و چنگی لە ئاوێنەکە دەگرت. بەخۆی پێدەکەنا و زمانی لە خۆی دەردەهێنا. هەڕەشەی لە خۆی دەکرد کە بێتە دەرەوە. لەناو ژوورەکەدا ئامبازی ببێ و بیداتە بەر شەق. ئەمجارە لچی لە خۆی هەڵدەقورتاند، ئەمجارە دەیویست دەست بکات بەگریان. لە پڕ بێدەنگ دەبوو زەق لە خۆی ڕادەما. ئەمجارە شێوەی خۆی لە ئاوێنەکەدا بەبیچم و شێوەی ئەوانەی کە لە مەدرەسە ڕقی لێیان بوو، دەهاتە پێش چاوی و خۆی وەک ئەوان لە ئاوێنەکەدا دەدی. بەرجنێوی دەدان. شەق و مشتی بۆ دەهاوێشتن و دەستی دەبرد کە یەخەیان بگرێ؛ بەڵام دەستی بەر ئاوێنەکە دەکەوت و هەموو ئەو خەیاڵە پەرتانەی لێ بزر دەبوو، لە حەیوەتی ئاوێنەکە تا نەکەوێتە خوارەوە خۆی دەدا بەبەر تاقەکەدا. لەبەر تاقەکەدا دانیشت. ئاسەوار و بنچڕی خەیاڵەکانی دەوریان دەگرتەوە و هەموویانی لە ژوورەکەدا دەدا بەر شەق و زللە و مستەکۆڵە. یەخەی دەگرتن و سواری گیزەرەی ملیان دەبوو. لەسەر سکیان هەڵی دەخستەوە و بەدەم شەقەوە بەناو ژوورەکەدا دەیگێڕان. ئاخری هێندە ماندوو دەبوو لە سووچی ژوورەکەدا هەڵدەترشکا و پاڵی دەداوە بەدیوارەکەوە و لاقی ڕادەکێشا. ئەمجار کە تۆزێ ماندوویی دەردەچوو، هۆشی دەهاتەوە سەرخۆی؛ چاوی بەژوورەکەدا دەگێڕا تا بزانێ هیچی خراپ نەکردووە. بەئەسپایی چووە لای پەنجەرەکەوە و هەنگاوی بەسەر سەرتەڕکی گوڵەکەدا هەڵ هێنا و بەحاڵ گۆشەی پەردەکەی لادا، تا بزانێ دایکی و خوشکەکانی لە حەوشە خەریکی چین. دایکی و چیمەن و ڕێزان قۆڵیان هەڵکردبوو. هەر یەکەی لەناو تەشتێکدا خەریکی لیفە و بەتانی شۆردن بوون. ڕێزان و چیمەن بەدەم





کارەوە خەریکی قسەکردن بوون. دایکی هەڵکێشەکەی هەڵ کردبوو؛ بۆ ئەوەی کە نەیێتە خوارەوە بەدەست گرتبووی و بەتوندی لێفەکانی لەژێر پایدا دەشێلا. ئەیوب کە لەوان ئەرخەیین بوو، ئارەقەی سەروچاوی بەپەردەکە سڕی و لەناو ژوورەکەدا ڕاکشا و چاوەکانی بەست تا هەندیک هەناسەبڕکێکەی هێدی بێتەوە. پاش چەن دەقەیەک چاوی کردەوە. پشووی هاتبۆوە سەر خۆی. یەغانەکەی دایە گەورەی سەرنجی ڕاکێشا. بەگابۆڵکێ چوو بۆ لای. دایەی هەموو ڕۆژێ دوور لە چاوی منداڵەکان، نوقڵ و نان برنجی و قورسی نەعنا و جۆرە نوقڵێکی تریشی پێ دەدا بەناوی پوڵەکی. پارچەی سەر یەغانەکەی لادا. دەرگاکەی قوفڵ نەکرابوو. هەڵقەڕیزەکەی ترازاند و دەرگای یەغانەکەی هەڵداوە. دایەی جیرە نوقڵەکەی ئیمڕۆی بۆ جیا کردبۆوە و لەناو پیاڵێکدا بۆی دانابوو. ئەیوب لەبەر یەغانەکەدا دانیشت و دەستی کرد بەنوقڵ کرماندن. بەوە تێری نەخوارد؛ برێ تریشی دەرهێنا و کردیە گیرفانی. پیاڵەکەی لە جێگەی خۆی دانا و دەرگای یەغانەکەی بەستەوە. پارچەکەی داوە سەر یەغانەکەدا و لێی وردبۆوە. بەسەر پارچەکەوە ڕەسمی تاوسێکیان گوڵدۆزی کردبوو. ئەم ڕەسمە سەرنجی ڕاکێشا. دەستی هێنا بەسەر تاوسەکەدا و لێی وردبۆوە. تاوسەکە کلکی چەتری کردبوو. هەموو ڕەنگێکی تێدابوو. کلاوەکەی سەری وەک کلکی پڕ بوو لە ڕەنگی گەش و جوان. چاوی ڕەش، باڵەکانی تۆزێک فش ببۆوە و پایەکی هەڵهێنابوو وەک بییەوێت هەنگاو بنێ و پێ هەڵ بگرێ. ئەم ڕەسمە بەلایەوە شتێکی تازە بوو. ئەیوب سەری کردە سەر یەغانەکە؛ هەردوو دەستی خستە مل تاوسەکە، وەک بییەوێت ئاوێزانی تاوسەکە ببێ. هێدی هێدی داڵغە و خەیاڵ بردییەوە. تاوسەکەش هەنگاوی نایە ناو دنیای خەیاڵی ئەیوبەوە. لە باوەشیدا کەوتە باڵەفڕکێ. لە ژوورەکەدا بەڕەڵڵای کرد. تاوسەکە وەک دەستەمۆ و یەکەناسی ئەیوب بێت بەپەلەکوتێ خۆی هاوێشتەوە باوەشی ئەیوب. ئەیوب ماچی دەکرد و

دەینوساند بەخۆییەوە. منداڵەکانی گەڕەک یەکەیەکە هاتنە ناو دنیای خەیاڵی ئەیوبەوە و ژوورەکە بوو بەگۆڕەپان و مەیدانێکی زۆر گەورە. تاوسەکە ڕا لەگەڵ ڕا گەورەتر دەبوو. ئێستە ببوو بەتاوسێکی گەورە کە وەک ئەسپ سواری دەبوو؛ هەوساری کردبوو. لەغاوەکەی گرتبوو بەدەستییەوە و لەگەڵ خۆی دەیگەڕاند. منداڵەکان وەدووی کەوتن:

– ئەیوب تۆخوا منیش سوارکە.

– ئەیوب تۆخوا بێرە با منیش دەورێ بیگەڕینم.

– ئەیوب تۆخوا منیش سوار بم؟

– ئەیوب تۆخوا... دەی ئەیوب بۆ ئەونە خراپی.

– نەخەیر کەس سوار ناکەم. دەستی لێ مەدەن ... هینی خۆمە.

پاڵی دەنا لە منداڵەکانەوە و نەیدەهێشت هیچ کامیان لێی نزیک بینەوە. هەموو ژنەکانی گەڕەک لێی دەپاڕانەوە کە منداڵەکانیان سوار بکات. بەڵام جوابی هیچیانی نەدەدایەوە کەسی سوار نەکرد. چیمەن و ڕێزان لەگەڵ چنوور و ئازاد لارە مل بەلایەوە وەستابوون و لێی دەپاڕانەوە کە سواریان بکات. لە ڕاستیشدا حەزی دەکرد چنوور و ئازاد سوار بکات، بەڵام لە ڕقی چیمەن و ڕێزان سواری نەدەکردن:

– لاچن هیچتان سوار ناکەم؛ فەقەت دادە گوڵاڵە سوار دەکەم. ئەها هەرچی ڕایە ئەمی بردە ژێرخان کەرکەرێنێی لەگەڵ دەکردم. هەر سواری پشتی دەبووم. خەیاڵ بردیە ناو ژێرخانەکەی ماڵ گوڵاڵە کە نیوەڕوان کاتێ کە هەموویان نوستبوون ئەیوبی لە کۆڵان دەگرت و دەیبردە ژێرخان کایەی لەگەڵ دەکرد. سواری پشت و سکی خۆی دەکرد و لەسەر سکی هەڵیدەپەڕاند؛ وەک ئەوەی کە ئەیوب ماشێن لێدەخوڕێ. گوڵاڵەش لێوی خۆی دەکرۆشت و چاوەکانی دەبەست. ئەمجار ئەیوب لەسەر سکی ڕادەکشا و دەینوساند بەخۆییەوە و دەیتلاندەوە. وەک ماشینەکەیان لەسەر جادە





ترازابێت و کەوتبێتە خوارەوە. ئەیوب دەستی هەر بەهەوساری تاوسەکەوە بوو. هۆشی هاتەوە سەرخۆی چووە سەر کێشەکەی پێشوو: ئەرێ وەڵڵا هەر فەقەت دادە گوڵاڵە سوار دەکەم.

بە شەلاق و قامچییەکەی دەستی دەیدا لە منداڵەکان و لە خۆی دوور دەخستنەوە. لەگەڵ گوڵاڵە سواری پشتی تاوسەکە بوون. چیمەن و ڕێزان هاتنە بەر تاوسەکە و دەستیان کرد بەگریان و دەپاڕانەوە کە سواریان بکات. ئەیوب شەلاقەکەی دەستی توڕ دەدا و لە خۆی دوور دەخستنەوە و بەتووڕەیی پێی دەوتن:

– ئەها قسەم پێ ئێژن. ئەها لێم دەدەن بەهەردووکتانۆ. وەڵڵا سوارتان ناکەم.

ئەیوب تاوسی لنگدا و هەڵی فڕاند. لە ئاسمانی بەرینی خەیاڵدا باڵیان گرتەوە. ئاوات و ئارەزووی ئەوەبوو ڕۆژێ بتوانێ بچێتە سەر تەپەی ماڵان و لەو سەرەوە سەیری سەقز بکات. بەرد لە خەڵک بگرێ. جا ئەوسا خەڵک بێژن: شا ئەو کوڕە چەن ئازایە.

ئێستە بەسواری تاوس لەگەڵ گوڵاڵە بەسەر تەپەی ماڵان و شاری سەقزدا دەگەڕان. گرینگ ئەوەبوو کە سەقزی هەر بەقەدەر ڕێگەی مەدرەسە و کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گەڕەکی سەر بەچە و کازمخان کە ڕاستەڕێگەی ڕۆژانەی بوون، دەدی. تەنانەت دوکانەکانی سەر ڕێگەشی نەدەدی بەس دوکانی سەید عەولا و دایە گوڵە نەبێ کە لای ئەم نان شەکەری دەسەند و لە لای ئەو تووە بەڕۆژە. پاشان ڕاست ڕێگەی مەدرەسە. ڕووی کردە قەراخ چەم و قۆپییەکان. ناو پۆلە بیکە و پارکی شار و ئەمجار ڕووی کردەوە گەڕەکی خۆیان. هەمووی خەڵکی گەڕەک سەیری ئاسمانیان دەکرد و بەدەست ئیشارەیان بەئەیوب دەکرد. ئەمجار چوو بۆ سەر کەلاوەکە؛ گورگی و توتکەکانی بۆی دەوەڕین. بەناو ژوورەکەدا باڵی گرتبۆوە. گوڵاڵە دەستی لە ناوقەدی توند کردبوو. پێکەوە بەئاسمانی بەرینی خەیاڵدا هەڵدەفڕین و

پێدەکەنان. ئەیوب لەوەی کە توانی بوی گولاڵە لە جوابی ئەو هەموو کەرکەرێنێدا سوار بکات، پڕ بەدڵ خۆشحاڵ بوو. لەوەش کە چیمەن و ڕێزانی سوار نەکردبوو دیسان هەر خۆشحاڵ بوو. سەری هەڵ هێنابوو. دەستەکانی کردبۆوە. ڕا لەگەڵ ڕا پتر لەناو ئاسمانی خەیاڵەکەیدا ون دەبوو. کە لەپڕ درگای ژوورەکە شەق کرایەوە و چیمەن گسک بەدەستەوە لەناو دەرگاکەدا وەستابوو. بەڕقەوە زەق سەیری ئەیوبی دەکرد. ئەیوب پەشۆکاو هەناسەی سوار ببوو. سەیری چیمەنی دەکرد. وەک تازە ئەم زەلامەی دیبێت یان کەوتبێتە ناو دنیایەکی تازە و سەمەرەوە کە بەڕاستی هەرواش بوو. چیمەن برێ قسەی پێ وتبوو بەڵام ئەم نەیبیستبوو. سەیری ئەم لاو ئەولای درگاکەی کرد، شوێن و ڕێگەی دەربازبوون نەبوو. بەڵام دەبوو کارێکی بکردایە. یەکدو هەنگاو چووە دواوە، تا بەشکم چیمەن بێت بۆی و ڕێگەی هەڵاتن پەیدا بکات و خۆی دەرباز بکات. چیمەن بەچوونە دواوەی ئەیوب چوو بۆی و گسکەکەی هەڵ هێنا کە لێی بدات. ئەیوب قیژاندی و لەژێر گسکەکەوە دەرچوو. بەهەڵاتن و بانگەبانگ و هاوار چووە دەرەوە. ڕێزان سەرپیلکانەکەی گرتبوو، بەڵام ئەیوبی بۆ نەگیرا. دایکی بەدەم قیژە و هاوارەکەوە هات. چیمەن گسکەکەی ئەدا بەدیوارەکەدا و خۆی ڕادەژەند. چنور و ئازاد دەرپەڕینە دەرەوە. ئەیوب خۆی لە پشت دایکیدا شاردبۆوە. ڕێزان دەستی گرتبوو بەمەعجەرەکەوە و خۆی ڕادەژەند، دەمی بچووک کردەوە و وتی:

– وەڵڵا خەتای ئەوە.

دایکی چەمۆڵێکی لێنا وتی:

– دەک وەڵڵا کوێرت کا.

دایکی کە شەکەتی جل شۆردن پشتی پێکۆم کردبوو. بەماندوویی دەستی ئەیوبی گرت و وتی:

– ئا بێ ئو لێفانەم لەگەڵ هەڵخە کوڕە جوانەکەم قورسە نایتوانم.





چیمەن گسک بەدەستەوە لەگەڵ ڕێزان لە بەردەرگای داڵاندا دانیشتبوون خەریکی قسە و سرت و هۆڕ بوون و خۆیان لە دایکیان گێل دەکرد. ئەیوب لەگەڵ دایکی خەریکی کار بوو. دایکی بەدەنگی بەرز ڕووی کردە کچەکان و وتی:

– ئادەی یا خوا قەزای ئەو کوڕەتان لێ بکەوێ، ئەوە بۆ خۆتان دەدزنۆ، هێشتا دوو تەشت ماوە.

هەموو بەتێکڕا کاریان تەواو کرد. ئەیوب جلەکانی بەری هەموو خوسابوو. لە بەرخۆرەکەدا شەکەت دانیشت تا وشک بێتەوە. هەموو ئارەقی گیانی چبوو لە جلەکانییەوە و دۆوەکەی دەردابوو. دایکی خەریکی هەڵگلۆفینی یەک دوو کوت جل بوو؛ سەیرێکی ئەیوبی کرد و پێی وت:

– ئادەی کوڕم ئەو جلانەو داکەنە با بیشۆم.

ئەیوب لە بەرخۆرەکە سەری داخستبوو. دەستی گرت بەرچاوییەوە و سەری هەڵهێنا لەژێر لچەوە وتی:

– من دایناکەنم پاکە

دایکی دەستی لەناو تەشتەکەدا ئاوکێشا و بردی بۆ گیرفانی سوخمەکەی حیلە و کەڵەکی هەمیشەیی بەتووڕەیی وتی:

– دەیشۆی نایشۆی هەرتک چاوت دەرهات، بێ ئەو پوڵە ببە بۆ ماڵ دایە خاڵۆ.

ئەیوب نچیری بەداو ئاشنا وتی:

– نەخێر درۆ دەکەی دەمشۆی.

– من درۆ دەکەم؟ تف گو بەو حەیاتە و.

دایکی کەفاوی تەشتەکەی ڕژاند و لە بیرەکە پڕی کردەوە. تایدی کردە سەری و بەدەست شێواندی. ئەیوب تا نزیک دەرگاکە ڕۆیشت؛ هەرەکی بچێت بۆ کۆڵان، دایکی پێی زانی و وتی:

– نەچیتە دەرۆ. بچۆ بۆ ماڵ دایکم.

ئەیوب بەترس و لەرز و پێ خشکانە لێی نزیک بۆوە بەمەزڵومی وتی:

– دەبێژە بەخوا ناتشۆم.

– بەگیانی تۆ

ئەیوب بەم سوێندەی دایکی هەڵیخستەوە و کێشای بەقاچ و ڕانی خۆیدا و بەنوزە نوز وتی:

– ئا... ئا... وەڵڵا دەمشۆی ... بەگیانی تۆ [بۆ ئەم وشە دەمی خۆی لار کردەوە]: نەخێر بێژە بەخوا.

– جا من گیانی تۆ بەدرۆ دەخۆم بەو خۆشەویستییە.

ئەیوب بەم قسەی دایکی پێکەنی و بەترس و لەرزەوە لێی نزیک بۆوە. دایکی پەلاماری دا و ئەیوب قیژاندی:

– دایکە... دایکە تۆخوا لێم گەڕێ، خۆ من هیچم نەکردووە.

– خۆ لێت نادەم جلەکانت داکەنە با بیشۆم.

ئەیوب پەلاماری خۆی دەدا کە خۆی لە دەست دایکی ڕزگار بکات و بەنوزە نوز دەیوت:

– دایکە... نەخەیر من نایشۆم، من جل داناکەنم... خۆیشم ناشۆم.

دایکی کێشایە ژێر چنگ و قیژاندی بەسەریدا:

– من... منەی چیتە. بۆنی سەگی تۆپیوت لێ دێ.

ئەیوب دەستێکی بەدەست دایکییەوە بوو، دەستەکەی تریشی گرتبوو بەسەرییەوە و خۆی لەبەر پێی دایکیدا گرمۆڵە کردبوو. دایکی چەن جاری تر بەزمانی خۆش پێی وتەوە کە جلەکانی دەربهێنێ. بەڵام هەر لەژێر لچەوە و بەسەر جوابی ئەداوە کە دایناکەنێ. دایکی یەک دوو چەپۆکی دا بەسەریا وتی:

– یاخوا! خوا لەمنت بسێنێ ئێژی ساڵە شێتی.

– من قەیناکا... قەیناکە... من دایناکەنم... لیباسەکانم پاکە.

دایکی دیسان تێی سرەواندەوە. ئەیوب پتر خۆی گرمۆڵە کردو دەستی لە





دەور ئەژنۆی گرتبوو بۆ ئەوەی کە دایکی ویستی بەرزی کاتەوە نەیتوانی.

– ئەوە چییە ڕەعنا خانم؟ ئەوە بۆ وا دەکەن؟ تۆ خوا چۆن دڵت دێ وای لێ دەکەی.

ئەمە زوبەیدە خانم بوو؛ پەنجەرەیان دەیڕوانی بەناو حەوشەکەی ماڵ ڕەعنا خانمدا. سەری بەتەواوی خەڵکی گەڕەکەوە قاڵ بوو، لە گەورە تا بچووک. ڕەعنا لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئا بێژە بەتۆ چی یا خوا دڵت هەڵدڕن، هەڵقون دوشایی.

ڕووی کردە زوبەیدە خانم:

– خوشکە گیان! دیقم کردە بەدەسێو. لە ڕقی زوبەیدەخانم نەقورچکی لە بن باخڵی ئەیوب گرت و پێی وت: دەهەستە دنیات هاوردە سەیرم.

ڕووی کردەوە زوبەیدە خانم. ئەم دایک بەوبەختە دیق دەکا؛ گیانە شیرینەکەی دەردەچێت تۆزێ ئاوی لێ بکەوێ؛ زیرەی ئیلاهی دەکات. خوا ڕەحمی کرد کچ نەبوو ئەینا بەدەسمۆ ئەماوە.

زوبەیدە خانم دەستی گرت بەبەر چەناگەیەوە وتی:

– ئەیەڕۆ خوانەکا خوشکە گیان دوور لە گیانی ئەیوب.

ڕەعنا تۆزێک بەتووڕەیی و تۆزێک بەزمانی خۆش وتی:

– دەهەستە ڕۆڵەگیان! جلەکانت داکەنە ئێژی حەمەدۆمی؛ خوا لەمنت بسێنێ.

ئەیوب هەروا کە خۆی گرمۆڵە کردبوو، لەژێرەوە چاوی لە دەس دایکییەوە بوو کە لێی نەدات. دایکی کە بەهۆی کێشە لەگەڵ ئەیوب قژی لەژێر ڕوسەرییەکەی دەرهاتبوو خستییەوە ناوەوە و ئارەقەکەشی بەدەست سڕی کە زەنگۆڵەی ئارەق بەلاجانگیدا ڕێچکەی کردبوو لە چەناگەی دەتکا. بەرسینگ و بەرۆکی هەموو خوسابوو، بۆنی توندی تاید و خۆڵ و ئارەقی دایکی تێکەڵ ببوون.

ئەیوب هەستی کرد دەستی دایکی لە دەور مەچەکی شل بۆتەوە،

پەلاماری خۆیدا کە هەڵبێت؛ بەڵام ڕەعنا بەدەم هەڵمەتەکەیەوە ڕۆشت و توند گرتییەوە و گرتیە ژێر چنگ و چەپۆکێکی توندی دا بەسەریدا و زیاتر نخونی کردەوە:

– ئەوە خۆ دەرەقەتی نایەم.

هەڵکێشەکەی دایکی لە دەرە قۆلیەوە تا نزیک ئەژنۆی تەڕ ببوو. دەور بیرەکە ببوو بەقوڕ بەهۆی ئاوڕژاندنی زۆرەوە. لەولا و ئەولای بیرەکە چوار دانە بەردی پان دانرابوون تا پا نەچێت لە قوڕەوە. ئاوەڕۆی بەر بیرەکە لە بەین بەردەکانەوە دەڕۆیشتە ناو گونجەی مەستەراحەکە. ئاوەڕۆکە ئاوێکی شینی پێدا دەڕۆیی. بەسەریەوە کەفی سپی – وەک پەڵە هەور – وەستابوو کە ئاو لەژێرییەوە خێراتر دەڕۆیی. لەناو ئاوەکەدا خۆرکە دیاربوو. ئاسمانی ناو ئاوەکە ئاسمانێکی تر بوو. هەور و پەلەوەریشی تێدابوو. ئەمجارە چاوی بەئاوی ناو تەشتەکە کەوت. ئاسمان و خۆرەکەی ناو ئەویش ئاسمان و خۆرێکی تر بوو. ئەیوب وەختبوو بچێتە ناو یەکێ لەو دنیایانەوە کە دایکی بەشەکەتی و ماندوویی دەستی ڕاوەشاند و وتی:

– دە هەستە کارم هەیە، هیچ کارێکم نەکردووە، فریای چێشتەکەی شەو ناکەوم.

– دەی کارت چییە بەمن؟ برۆ چێشتەکەت دروسکە، من خۆم ناشۆم.

ئەیوب تەکانێ توندی دا کە لە دەست دایکی دەربچێ؛ بەڵام دایکی توند گرتییەوە و نوکە شەقێکی دا بەتەمۆیدا و بەرزی کردەوە بەجلەوە خستیە ناو تەشتی جل شتنەکە؛ کە خۆری بەتینی پاش نیوەڕۆ ساردییەکەی شکاندبوو. ئەیوب بەقەستی خۆی خستە هەناسە بڕکێ، کە ئاوەکەی ساردە. بەڵام دایکی جوابی نەداوە. دیسان لە ئاوەکەی هەڵژەندەوە و جلەکانی بەزۆری کوتەک لەبەر دەرهێنا و تاسێ تر ئاوی کرد بەسەریدا. ئەیوب پانتۆڵەکەی دانەدەکەن. چیمەن و ڕێزان هاتن بۆ یارمەتی دایکیان؛ بەرزیان کردەوە و دایکی پانتۆڵەکەی داماڵی. ئەیوب لە ڕقا بەقیژەقیژ





دەستی کرد بەلاقە فرتێ و ئاو پرژاندن. دایکی مشتێکی دا بەناو شانیدا و زللەیەکی دا بەپەنا گوێیدا؛ ئیتر لە پەلەقاژێ کەوت:

– ئێژی بەچکە پشیلەیە ئەوەندە دەزیقێنێ.

زوبەیدە خانم لەبەر پەنجەرەکە گوێ قوڵاخ شانی دادابوو. وشەی پشیلەی بەرگوێ کەوت وتی:

– جا پشیلەی چی ڕەعنا خانم ئەها ئەو پشیلە لەسەر ئەو دیوارە خەریکی خۆ لستنەوەیە و خۆی دەشوات.

– زوبەیدە خانم گیان ئەوە هاتی ساحێویەتی. خۆ هەتیوەکەی من نییە. ئەوان سەهلە پشیلە مێرولەی ماڵەکەشیان هاتیەتی.

پشیلە سوورەکەی ماڵ حاجی مینە بوو کە لەسەر دیوارەکەی ماڵ ڕەعنا خانم لەژێر سێبەری دارتووەکەدا خەریکی خۆ لستنەوە بوو. پشیلەکە لەگەڵ دەنگی فڕەی پەلەوەرەکان دەسڵەمایەوە و قوتە قوتی پێ دەکەوت و خۆی زیت دەکردەوە. تۆزێک سەیری شوێن ڕەوتی پەلەوەرەکەی دەکرد؛ جارێک دەیمیاواند و خەریکی لستنەوەی خۆی دەبۆوە. ئەیوب لەناو تەشتەکەدا هەڵ تروشکاو مانی گرتبوو. دایکی بەدەست مانگرتن و لاسارییەکەیەوە وەڕەز ببوو. تا کەوشەکەی داکەند و چەن دانەی کێشا بەپشت و سمتیدا. چیمەن هەلی بەدەرفەت زانی و تاسێ ئاوی کرد بەسەریدا تا چاکتر ئازاری بگاتێ. ئەیوب زیرەی لێ بەرزبۆوە و دەستی کرد بەگریان. دایکی بەتووڕەیی و بەعاجزی وتی:

– ئەوە بۆ وا دەکەی خوا لەمنت بسێنێ.

دایکی بەدەنگی بەرز ڕووی کردە زوبەیدە خانم وتی:

– ئەیوب گیان شەرم دەکا.

زوبەیدە خانم شان و ملی لە پەنجەرەکەوە هێنا دەرەوە تا چاکتر دەنگی پێیان بگات:

– جا کوڕە جوانەکەم شەرم لە من دەکەی؟

دەستی گرت بەدەمیەوە: ئەیەڕۆ بەقوربانت بم فەرقی تۆ و کچە...

دای بەدەستی خۆیدا و پێکەنا: ئەی خەجاڵەتم لە کوڕەکانم ئازیزتری.

دایکی و خوشکەکانی بەزۆر هەڵیان ساند دایکی وتی:

– هەستە عەیبی چی ڕۆڵە، حەوشی خۆمانە.

دایکی تەشتێکی بۆ نخون کردەوە و ڕوو بەماڵی زوبەیدە خانم وێستانی. زوبەیدە خانم کە چاوی بەبەری بەرەڵڵای ئەیوب کەوت وتی:

– ئەیەڕۆ ڕەعنا خانم ئەوە خۆ تازە پیاوێکە بۆچی ئاوا بەریت لێ بەرەڵڵا کردووە لە بەرچاوی ئەو عاڵەما دەیشۆی.

ڕەعنا جوابی نەداوە، زوبەیدە دیسان وتی:

– دەی ئەقەلەن ڕووی کەرە ئەولاوە.

ڕەعنا سولکێ سابوونی خستبووە ناو تایەک گۆرەوی و ئەیوبی پێ دەشۆرد وتی:

– بۆچی خوشکەگیان خۆ تۆ بێگانە نیت، یان ئەڵبە و ئێژی ئیختیاری حەوش و ماڵی خۆیشمان نییە.

– ئەیەڕۆ ڕەعنا خانم گیان نەوەڵڵا... وەلێ...

زوبەیدە قسەکەی تەواو نەکرد و چووە ئەولاوە. پەنجەرەکەی شەق پێوەدا و پەردەکەی داداوە و چنوور و ئازاد لەناو پەنجەرەکە دانیشتبوون و بەئەیوب پێدەکەنان. ئەیوب لە ترسی دایکی نەیدەوێرا پشت بکاتە ماڵ زوبەیدە خانم. بەڵام دەستی بەبەرییەوە گرتبوو. دایکی لە ڕقی زوبەیدە خانم – گەرچی ئێستەش لە بەرپەنجەرەکەدا نەمابوو – بەڵام نەیدەهێشت خۆی داپۆشێ؛ بەتووڕەییەوە پێی وت:

– دەست لابە

– ئاخر عەیبە

– عەیبی چی ڕۆڵە! بۆ عەیبە؟ بەری خۆمانە و بەرەڵڵای دەکەینە ئەو





دەشتە. بەو خەڵکە چی.

ئەیوب بەم قسانەی دایکی پێکەنینی دەهات: دەدەی کوڕە شیرینەکەم بەقوربانی گونەکەت بم.

ڕێزان لە دایکی توڕە بوو بەقیزەوە وتی:

– وی دایکە ئەوە ئێژی چی. بەقوربانی چی ئەوی ئەونە پیس و چەپەڵی.

چیمەن بەتاس، ئاوی لە تەشتەکە هەڵدەگۆزی و دەیکرد بەسەر ئەیوبدا. هەرجارەی کە ئاوی پێدا دەڕژاند، تاسەکەشی دەکێشا بەجێگەیەکیدا و ئازاری پێ دەگەیاند. بەم بۆنەوە ئەیوب هاواری لێ بەرز بۆوە، کەفی سابوون دەچووە نێو دەموچاوی دەیتۆزاندەوە، هاواری دەبردە بەر دایکی:

– ئای دایکە کوێر بووم

– ئۆە خوا کەیفی خۆیەتی [چەپۆکێکی دەدا بەتەمۆیدا] دەی چاومەکەرۆ یاخوا دەستو بکێشم.

– ئاخەر چیمەن ئێشم پێ دەگەیێنێ.

منداڵانی گەڕەک دایان لە دەرگا. وێڕای ئەوەش بانگی ئەیوبیان کرد. دایکی وتی:

– ناتوانێ خۆی دەشوات.

منداڵەکان لە کۆڵان دەیانقیژاند و بانگی یەکیان دەکرد:

– منداڵەکان ئەیوب لە حەوشە دایکی دەیشوات بابچینە سەربان تەماشای کەین.

ئەیوب دای لە پرمەی گریان، کەفی سابوون چووە ناو دەمی و کەوتە کۆخە. بەدەم گریان و کۆخەوە وتی:

– ئا... دایکە خانم... ئەوە ئیسە دەچنە بان تەماشام دەکەن... دەی دوای من چی بکەم [پای دەدا بەسەر تەشتەکەدا و دەگریا] ئا، خانم... ئا... ئاوڕووم چوو.

– ئا، نووزە نووز... ئاوڕووت بۆ دەچێ تۆ پیاوی...

چیمەن بەئانقەست ئاوی نەکرد بەسەر ئەیوبدا. ڕێزانیش تەشتەکەی پڕ نەکردبۆوە.

تا ئەیوب زیاتر بەکەفەوە بمێنێتەوە، کە بەم چەشنە عەزیەتیان دەکرد. ڕەعنا بەتووڕەییەوە تاسەکەی لە چیمەن سەند، ڕێزان گورج تەشتەکەی پڕ کردەوە. ڕەعنا کەفەکەی لە سەر و ڕووی ئەیوب شۆردەوە. سەربانەکان پڕبوون لە منداڵ. هەموویان چەپڵەیان لێ دەدا و پێدەکەنان. کچ و کوڕ تێکەڵ ببوون. بەدەنگی بەرز دەیان وت:

– ئەشایکە... ئەشایکە... دایکی دەیشوات.

– ئەیوب کچە... ئەیوب کچە... هۆی هۆی

– ئەشا دیارە... ئەشا دیارە.

ئەیوب دەستی گرتبوو بەبەرییەوە و خۆی لە پشت دایکیەوە دەشاردەوە. دایکی ڕووی کردە منداڵەکان تا بزانێ کێن. بانی ماڵ زوبەیدەخانم نەشمیلی کچی و عەلی و عەباسی کوڕی تێدابوو. چەپڵەیان لێ دەدا و دەیان قیژاند و پێ دەکەنان و ئاماژەیان بەئەیوب دەکرد. بانی ماڵ حاجی مینە و بانەکانی تریش چەن منداڵێکی تێدا بوو. دایکی تاسەکەی پڕ کردەوە و ڕژاندی بەسەر ئەیوبدا. بەدەم ئەم کارەوە ڕووی کرد ماڵ زوبەیدە خانم وتی:

– ئەوە خاتوو نەشمیل! ناو ئەو کوڕانە بۆ چووی؟ ڕەفێقی تۆ دوو مناڵ ها بەباوەشێو یا خوا قەد نەیگرێ بەباوەشتۆ. چاو لە دایکوکە ماشەڵڵا لە شەرمی خۆیا پەردەکەی داداوۆ.

ڕەعنا بەڕێزانی وت کە بێتە بەردەم ئەیوب بوەستێ تا منداڵەکان نەی بینن. ئەیوب هەرچاوی لە پەنجەرەکەی ماڵ زوبەیدەخانم و بانەکانی دەوروبەرەوە بو. ناودەمی تامی سابونی دەدا و زوو زوو تفی دەکردەوە.





دایکی تاسی ئاوەکەی لە تەشتی بەربیرەکە پڕ کرد تا بیکات بەئەیوبدا و کەفەکەی لێ بکاتەوە. بەڵام ئەیوب لەسەر تەشتەکە نەمابوو. خۆی بەکوێرە کوێر لە پشت دایکییەوە شاردبۆوە. دایکی بەتوندی ڕایکێشا سەر تەشتەکە. ئەیوب لە ترسدا دەستی گرت بەسەرییەوە کە دایکی لێی نەدات. چیمەن لەم کاتەدا گورج هەڵی بەدەرفەت زانی وتی:

– ئای دیارە... ئای دیارە.

ئەیوب گورج دەستی گرت بەبەریەوە. چیمەن و ڕێزان دایان لە قاقای پێکەنین. ڕەعنا لێیان تووڕەبوو. ئەیوبیش وێڕای دایکی قسەی پێ وتن. بەدەم شەڕە قسەوە سەیری بانی ماڵەکان و پەنجەرەکەی ماڵ زوبەیدە خانمی کرد. پەردەکە لانەدرابوو منداڵەکانیش ڕۆشتبوون. بەڵام لە پشت هەورەبانەکەی ماڵ حاجی مینەوە چاوی بەکەللە سەرێک کەوت ناسییەوە؛ سەری عەزۆ بوو، کە لەوێوە سەیری ناو حەوشەکەیانی دەکرد. لە ترسی دایکی نەیوێرا هیچ بڵێ. بەڵام لە دەروونی خۆیدا هەستی بەئازارێکی زۆر زەخم کرد. دایکی دوا ئاوی کرد بەسەریدا کە ئاوی بکێشێ. ئەیوب هەر ڕووی لە عەزۆ بوو. ئاگای لە دایکی نەبوو. دایکی بەتوڕەییەوە ڕووی پێ وەرگێڕا:

– ئەوە بۆ وا دەکەی لە خۆت. دەبێرا با کارەکەم بکەم. بۆ خەریکی دیقم پێ دەکەی.

ئەیوب گورج ڕووی لە دایکی هەڵبڕی و ڕووی کردە عەزۆ، دایکی چەن تاس ئاوی کرد بەسەریدا وتی:

– دەست بخە لە گیانت. دەی ... دەی جوان... ناو پاو و ژێر باخڵ و کونی گوێچکەت... دەی جوان... پاو بەرزکەرۆ با ئاویبکێشم.

ئازاد و چنور پاڵیان دابوو بەدیوارەکەی ماڵ عەزیمە خانمەوە و سەیری شۆردنەکەی ئەیوبیان دەکرد. شۆردنی ئەیوب تەواوبوو ئەوانیش چوون بۆ کۆڵان. ئەیوب لە ڕق و نەفرەتدا دەلەرزی و تۆزێکیش دڵی پڕ ببوو. بێزی

لەوە دەکردەوە کە ئەگەر عەزۆ لە لای منداڵەکان باسی بکات «من خوارەوەی ئەیوبم دیوە چی بکەم؟ چۆن بچم بۆ ناو منداڵەکان؟ چۆن بچم بۆ بانی بازاڕ؟ چۆن بچم بۆ قۆپی، بۆ چەم؟» ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری تر ببوونە هۆی مەشغەڵەی و بیر و مێشکی پێوە ماندوو ببوو. دەنگی تریقەی پێکەنینی چیمەن سەرنجی ڕاکێشا کە ئاماژەی بەڕێزان دەکرد و ئەویش سەیری بانی ماڵ حاجی مینەی دەکرد. کاتێ ئەیوب شوێن ڕەوتی سەرنجەکەی ڕێزانی گرت عەزۆ گورج خۆی شاردەوە. ئەمە بۆی بوو بەدڵخۆشی و پەژارەیەکی تر. یەکەم بۆ ئەوەی کە عەزۆ سەیری ئەمی نەکردبوو؛ دووەم بۆ ئەوەی حەزی لە خوشکەکانی کردبوو. بەڵام سەرەڕای ئەم خەفەتە تۆزێک لە پەژارەکەی کەم ببۆوە.

پشیلەکەی ماڵ حاجی مینە لەسەر دیوارەکە خۆی کێشاوە و دەم و لمبۆزی لستەوە. خۆی هەڵساوی لە لق و چڵی دارەکە و چەن سەرچلێکی خوارد. پاشان خۆی کۆم و کووڕ کردەوە، کلکی ڕەپ کرد و بەدوو باز لەسەر دیوارەکە پەڕییەوە. قشقەڕە و واشەیەک لە ئاسماندا شەڕیان بوو. واشەکە نچیرەکەی لە دەم قشقەڕەکە ڕفاند، بەڵام لە دەم خۆیشی کەوتە خوارەوە. واشەکە ژێری لە قشقەڕەکە گرت و پێش ئەو لە ئاسماندا گرتییەوە. دەنگی وەڕینی گورگی و توتکەکان بەرزبۆوە. وەڕینی گورگی بوو بەقروسکە، توتکەکان بێدەنگ بوون. ئەیوب دەنگی وەڕینی گورگی دەناسی. ئەیوب گوێ قولاخی دەنگەکە بوو. لەبەرخۆیەوە وتی: «شایەد سەگێک خۆی کردبێت بەکەلاوەکەدا و گورگی پەلاماری دابێت». بەڵام قورسکەی گورگی هەر تەواو نەبوو. ئەمجارە وتی: «دەچم بۆ کەلاوە بزانم کێ لێیداوە دەیتۆپێنم». ڕەعنا چیمەنی ناردبوو کە خاولی و لیباس بۆ ئەیوب بێنێ. ڕێزان بۆ ئەوەی ڕقی ئەیوب هەستێنێ لە پاڵ بیرەکەدا وەستابوو هەر سەیری هەورەبانەکەی ماڵ حاجی مینەی دەکرد. ئەیوب بەتووڕەیی لای کردەوە کەس نەبوو. ڕێزان هەستی بەوە کردبوو کە ئەیوب بەم ڕەفتارەی





نارەحەت دەبێ، بەئانقەست سەری دەلەقاند و ئاماژەی دەکرد؛ وەک بیبەوێت ئیشارە بەکەسێک بکات. ئەیوب لە ڕێزان تووڕە بوو. ڕێزانیش بەبێزەوە سەیری کرد؛ وتی:

– ئا گەوجە گەوج؛ دەس گرە بەبەر تۆ.

ئەم قسانەی بەدەم ڕێوە کرد و لەناو دریاکەدا چەمۆڵێکی نا لە ئەیوب. ئەیوب دیسان لای کردەوە بۆ بانی ماڵ حاجی مینە بەڵام کەسی نەدی. چاوی بەبانەکانی تریشدا گێڕا. لە دڵەوە هەرەشەی لە ڕێزان دەکرد. دایکی لە چیمەن تورە بوو کە بۆچی نەهاتەوە. ڕێزان لە چەقی دریاکەدا دەستی نا کەلەکەی وتی:

– خۆ ئێمە نۆکەری ئەو نین. ئێمەش مانوین بنیادەمین.

چیمەن ئەو شتانەی کە دایکی داوای کردبوو هێنای. دایکی ئەیوبی وشک کردەوە و جلەکانی بۆ لەبەر کرد؛ دەستی هێنا بەسەریا وتی:

– خۆت پیس نەکەی کوڕەکەم لە شان و قۆڵ کەوتم ئەونە جلم شۆرد.

چیمەن گسکەکەی لەبەر بیرەکە هەڵگرت و لاوە لا سەیری دایکی و ئەیوبی کرد لەبەرخۆیەوە وتی:

– بەشکم دایشی بێری ناوکە تەڕێ.

ئەیوب پێلاوەکانی لە پاڵ تاتە بەردەکاندا دانرابوو. ویستی لە پێی بکات؛ بەڵام پێی پنرەوە ببوو، بەپێلاوەکاندا نەدەچوو. خستییە سەرپای و لەژێر دارتووکەدا دانیشت.

خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو. هەندێک لا کەوتبوو. ڕۆژ زۆری بەبەرەوە نەمابوو. خۆر بن دارەکەی گرتبوو. سێبەری دارەکە بەناو حەوشەکەدا بەسەر تەنافی جلەکاندا ڕاکشابوو. ئەیوب لە بەرتیشکی هەتاو، قژ و لووت و سەرگۆناکانی بریقەی دەهات. دایکی سەیری کرد و بەپێکەنین و بزەوە ڕووی وەرگێڕا. بەچاوپێکەوتنی، هەستی بەحەساوەیی و ئارامشێکی

دەروونی دەکرد. چیمەن و ڕێزان بەچرپە و سرتە و پێکەنین خەریکی خاوێنکردنەوەی دەوروبەری بیرەکە بوون و کەفاوەکەیان ڕادەدا. جارجار سەرێکیان هەڵ دەهێنا و سەیری بانەکانی دەوروبەریان دەکرد. بەئاماژە بەیەکیان حاڵی دەکرد کە چی لێهات. کە ئەم ئاماژە و ڕەفتارانە بۆ ئەوەبوو کە سەرنجی ئەیوب بەرە ولای خۆیان ڕابکێشن. بەتەماشاکردنی ئەیوب لچی لێ هەڵبقورتێنن و پشتی تێ بکەن. ئەیوب لە بەرهەتاودا دڵی خاوەببوو. ئەیوبیش هەستی بەوە کردبوو کە هەرچی داوای شت لە دایکی دەکا و خۆی تراو دەکاتەوە، خوشکەکانی ڕقیان هەڵدەستێ. زیاتر ئەوکاتەی کە ئەوان ئەشیا ئەنجامیان بدایەت. دەستی گرت بەسکییەوە ڕووی کردە دایکی کە خەریکی مەلافە کۆکردنەوە بوو وتی:

– دایکە برسیمە.

– ئەوە تازە ئێوارەیە ئێستە نان دەخۆین. تۆزێ دیان گرە بەخۆتۆ، ئەینا شەو چێشتت بۆ ناخورێ.

– شەوی چی. وەختە بمرم لە برسیا.

چیمەن گسکەکەی لە پاڵ بیرەکە دانا وتی:

مەترسە نامری من زامن.

ئەیوب لە ڕقی چیمەن دەیکێشا بەڕانی خۆیدا و خۆی بڵاودەکردەوە وتی:

– دەدایکە برسیمە وەڵڵا خەریکم لە برسیا دەمرم.

دایکی بەپەنجە گوپی خۆی گرت و بەپێکەنینەوە وتی:

– ئەیەرۆ شتی وا نەیێژی دڵم دەتۆقێ لە خۆشیا [ڕووی کردە چیمەن] دابرۆ چیمەگیان تا گیانی دەرنەچووە لەتێ نانی بۆ بکە بەبابۆڵە بۆی بێرە.

چیمەن خۆی بادا وتی:

– وەڵڵا ناچم لە بەیانی زووۆ کار دەکەم. داردی بۆ ئێرم.

ڕێزانیش نەچوو. ڕەعنا خۆی چوو بابۆڵەیێک نان و ماستی بۆ هێنا.





ئەیوب پێڵاوەکانی هەرچۆنێ بوو لە پێ کرد. گازێکی لە بابۆڵەکە گرت، ماست لە بنیەوە فلیچقەی کرد. گورج دەستی گرت بەبەریەوە کە نەتکێتە عەرزەکە. لەگەڵ پاروەکەی دەمی دەستیشی لستەوە. بەرەو کۆڵان وەڕێکەوت دایکی گورج دەنگی دا وتی:

– بۆ کوێ؟

– ئەچمە بەر دەریا دائەنیشم.

– دوور نەکەویتۆ، بۆ خاتری خوا ئاوقان گێچەڵم نەکەی.

چیمەن و ڕێزان لە بەربیرەکە لەسەر بەردەکان دانیشتبوون. ڕەعنا ماندوو و شەکەت لە بەردریای دالان لەسەر پیلکانەکە دانیشتبوو. هەڵکێشەکی لەپێ دەرهێنابوو؛ کراسەکەی بڵاوکردبۆوە تا چرچ و لۆچییەکەی دەربچێ. سێبەری بانەکەی ماڵ عەزیمەخانم تەواو ناو حەوشەکەی گرتبوو. هەتاو بەئەسپایی خەریک بوو دەنیشتە سەر کێوەکان. بەنزیکبوونەوەی ئەیوب بەدەرگای حەوشە دایان لە دەرگا. لەگەڵ تەقەی دەرگا یەکێ وتی:

– ڕەعنا خانم تەواو بووی؟

دەنگی زوبەیدە خانم بوو. ڕەعنا خۆشیی لەم عادەتەی زوبەیدە زۆر دەهات؛ هەرچی کە ڕووی بدایەت هەر ئەو سات و دەمە بوو. هیچی لە دڵی خۆیدا ڕانەدەگرت. ئەیوب دەرگاکەی کردەوە. زوبەیدە سینییەک چای بەدەستەوە بوو، لەگەڵ ژنەکانی تر هاتنە حەوشە. هەموویان چوونە لای ڕەعنا دانیشتن. ژنەکان هەریەکەی شتێکیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو؛ یەکێ نانی پێ بوو یەکێ سەوزی، یەکێ تر ماست و دانێکی تر تۆ گوڵەبەڕۆژە. هەموویان لە دەوریەک کۆبوونەوە. ئەیوب بێ ئەوەی بییەوێت کەوتبووە تەک ژنەکان و بەلایانەوە پاڵی دابۆوە بەدیوارەکەوە. خەریک بوو دوا پارووی لە دەمی دەئاخنی و دەستی دەلستەوە. دەمی بەیەکدا نەدەگەیشتەوە. ئازاد بەپەلەپەل و هەناسەبڕکێ خۆی کرد بەحەوشەدا وتی:

– کاکە هەڵێ شێر شێریان دزییە.

ئەیوب بەپەلە هەڵهاتەدەر و یەکڕاست چوو بۆ کەلاوە. منداڵەکان هەموویان لەوێ بوون؛ حەتۆ، خولە، بلە، سامان و سەردار و سیان چواری تریشی لێ بوو. عەلی و عەباسیش لە بانی ماڵ خۆیانەوە سەیری منداڵەکانیان دەکرد. گورگی لەبن دیوارەکە پاڵ کەوتبوو. هەر منداڵێ کە لێی نزیک دەبۆوە بۆی دەچوو. ئەیوب بەپێ خشکانە لێی نزیک بۆوە. گورگی لە پێشدا لێی وەڕی. بەڵام ئەیوب زیاتر لێی نزیک بۆوە. گورگی کەوتە کلکە سوتێ. ئەیوب دەستی هێنا بەسەریدا.سەری ئاوسابوو. لاچاویشی برینداربوو. دەستی هێنا بەگیانیدا هیچ کوێی تری بریندار نەبوو. بەم حاڵە کە گورگی دیبوو، زۆر بۆی پەرێشان بوو. بەڵام هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات. نەیدەزانی کێ ئەم بەڵایەی بەسەردا هێناوە و توتکەکەی بردووە. شکی بۆ کەس نەدەچوو. منداڵەکانی تر وردە وردە لە گورگی نزیک بوونەوە. گورگی بەنزیک بوونەوەی منداڵەکان دەیمڕاند و لێیان ڕیچ دەبۆوە. توتکەکانیش لە دوورەوە لێیان دەوەڕین. لەگەڵ ئەوەشدا یەکتریان بەجێ نەدەهێشت و لەیەک دوور نەدەکەوتنەوە. منداڵەکان لە دەور گورگی کۆبوونەوە. هەر کامیان نەوازشی جێگەیەکی دەکرد. گورگی لە بەردەستیاندا ئارام نوستبوو. حەتۆ دەستی گورگی نەوازش کرد. گورگی شان و ملی ڕاست کردەوە و قروسکاندی، پەلاماری دەستی حەتۆی دا. منداڵەکان یەک دووانێکیان لەگەڵ حەتۆ کشانەوە و ترسان. ئازاد و دوو سێ منداڵی تر لە دەور توتکەکان کۆبوونەوە و لە ئامێزیان دەگرتن. بەدار کایەیان لەگەڵ دەکردن و دارەکەیان دەدا بەدەمیانەوە. ئەوانیش هەڵیان دەخستەوە و بازبازێنیان دەکرد؛ جارجاریش قەپیان دەکرد بەسەر و گوێلاکی یەکتردا. حەتۆ بەمنداڵەکانی وت:

– ئەرێ منداڵەکان کەستان نەدی بێت بۆ ئێرە. لە منداڵەکانی گەڕەکی قەلا یان سەر پەچە.

بلە و حەتۆ و منداڵەکانی تر دەستە و ئەژنۆ دانیشتبوون و بیریان لە





ماڵی گورگی دەکردەوە. خولە وتی:

– دەی باشە شەو چی بکەین؟ ئەی ئەگەر شەو هات و ئەوانی تریشی برد چی. گورگی کە بۆ ناچێ، خۆ توتکەکانی بۆ دەچێت.

منداڵەکان کەوتنە پەژارەی توتکەکان. ئەیوب زۆر پەرێشان بوو. ئازاد بەلای کاکیەوە وەستا بوو؛ هەرچی ئەو بیکردایە ئەمیش دەیکرد.

ڕۆژ لە ئاوابووندا بوو. سەرکێوەکان بەهۆی داچوونی خۆرەوە شێوێکی دلڕفێنی بەخۆیەوە گرتبوو. تیشکی خۆر پەنجەی کردبوو وەک ڕم چووبوون بەناو سینەی ئاسماندا. ڕوناکی هێدی هێدی دادەچوو، لەبەری ڕۆژهەڵاتەوە تاک و تراک بروسکەی ئەستێرە دەبینرا. تەیر و پاساری تاک تاک دەهاتنەوە خۆیان بەپڕتاو دەکرد بەین گوێسبان و پاسارییەکاندا. منداڵەکان هەر سەیری یەکیان دەکرد. ئەیوب هیچ شوێنێکی بۆ شاردنەوەی گورگی و توتکەکان پێ شک نەدەهات.

بلە بەشۆخی و پێکەنینەوە وتی:

– کوڕەکان ئێژن چی بیان بەسینۆ تا نەیێن دەرۆ.

حەتۆ بەپێکەنین وتی:

– جا خۆ کارێکی باشە.

ئەیوب وتی:

– ئەوە بەستیشمانۆ، دوا دەوەیە هەرئەوەڕن.

حەتۆ بەپێکەنینەوە وتی:

– جا ئەوە چییە دەمیشیان دەبەسین

هەموویان بەقسەکەی حەتۆ پێکەنین و پێیان باش بوو. ئەیوب وتی:

– منداڵەکان دەشێ بەلاوا تێریان کەین. با بچین لە قەساوی کا حەسەن بڕێ پێشەو گۆشت بێرین.

بلە و حەتۆ بەهەڵاتن چوون بۆ قەساوی. ئازاد و ئەیوب بەلای گورگییەوە مانەوە. ئەیوب دەستی گورگی داماڵی. گورگی تۆزێک قروسکاندی؛ بەڵام

ئیتر لەبەر دەستیدا ڕاکشا و ئازاد لە ناو کەلاوەکەدا کوتێ پارچەی پەیدا کرد؛ بەستیان بەدەست گورگییەوە. گورگی بێدەنگ و ئارام سەیری ئەیوبی دەکرد و کلکە سووتێی بۆ دەکرد. منداڵەکان هەموو ڕۆیشتبوونەوە. حەتۆ و بلە هاتنەوە، برێکی زۆر ئێسک و چەوریی لەگەڵ خۆیان هێنابوو. خستیانە بەردەم توتکەکان و گورگی. توتکەکان پاش تێرخواردن دەستیان کرد بەکایەکردن. هەموویان بەدڵ لە دوایی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. ئەیوب لە ڕێگە دەستی خستە سەر شانی ئازاد و پێی وت:

– لە ماڵەوە نەڵێی شێرشێریان دزیوە. با چیمەن و ڕێزانە گو پێمان پێنەکەنن.ئەگەر بێژی شۆخیمان پێ دەکەن.

ئازاد بڕیاری دا کە باسی هیچ نەکات. هەردووکیان چوونە حەوشە و لەبەر بیرەکە ئاویان بۆ یەک هەڵگۆزی و، دەست و دەم و چاویان شۆرد و چوونە ماڵەوە. ناوماڵ بێدەنگ. ڕیزان خەریکی نووسینی مەشقەکانی بوو. چنوور بەبووکەکەی خەریکی کایەی ماڵ ماڵێنی بوو. ڕەعنا لە هەوێشخان خەریکی سازکردنی شێو بوو. ئەیوب چووە بەرتاقی کتێبەکانی دانیشت. کتێب و دەفتەرەکەی کردەوە. ئازاد چوو بۆ لای چنوور. ئەیوب خەریکی نووسینی مەشقی حیساب بوو. دایکی لە هەوێشخان دەنگی چیمەنی دا:

– سفرەکە داخە کچێ، باوکتان دێتۆ تورە ئەبێ.

ڕێزانیش وێڕای چیمەن هەستا. بەدەم کارەوە هەر سرت و هۆڕ و تریقەیان بوو. دایکی دەنگی دان کە کەم حیلکەیان بێت. بەڵام هەردووکیان چوونە لای دایکیان و ئەویشیان خستە پێکەنین. ڕێزان بۆ ئەوەی لە پاڵەوە ڕەقی هەستێنێ، چەموڵێکی لێنا و گورج ڕووی وەرگێڕا. ئەیوب خۆی ئامادە کردبوو هەر کە ڕێزان لای کردەوە گورج چەمۆڵەیەکی لێ بنێت. بەڵام ڕێزان بەدەگمەن ڕووی نەکردە ئەیوب. ڕێزان هەرچی کە بەلایدا دەڕۆیشت لە دواوەیان لە لاوە چەمۆڵەیەکی لێ دەنا. ئەیوب بەدەس حەلکردنی مەسەلەکانی حەساوەوە دامابوو. ئەلبەت هەموو بیر و هۆشی لە





لای ڕێزان بوو کە چۆن چەمۆڵەکەی لێ بنێتەوە. هەر چۆنێک بوو بیری ڕێزانی لە خۆی دوورخستەوە و مەسەلەکانی تەواو کرد. ئەمجار نۆبەی نووسینی مەشقی فارسی بوو. کە ئەشیا لە دوای نووسین وشە تازەکانی لەبەر بکردایە. باوکی هاتەوە. بۆ یەک کات هەموو شتێک وەستا و بێدەنگ بوو. ئازاد و ڕێزان چوون بەپیریەوە. دەستی هێنا بەسەر ئازاد و پیاسکەیەکی دا بەدەست ڕێزانەوە. چیمەن و ڕەعنا لە هەوێشخان هاتنە دەرەوە و سڵاویان لێ کرد. ئەیوبیش لەبەری هەستا و سڵاوی کرد. چیمەن لە قەستی سەیری ئەیوبی کرد وتی:

– پێ بێژم... ئەرێ... پێ بێژم.

ئەیوب ڕەنگی بەڕووەوە نەما، بەئیشارە وتی:

– چیم کردە؟

ناکۆکی ئەم برا و خوشکانە بەهۆی ئەوەوە بوو کە دایەیان و هەندێکیش ڕەعنا هۆشیان بەئەیوبەوە بوو. کە ئەمە ببووە هۆی ناکۆکی نێوانیان. باوکیان چووە لای ژووری هۆدەکەوە دانیشت. ماندوو نەبوونی هەموویانی کرد و هەواڵی دایکی پرسی:

– ڕەعنا دایکم نەهاتەوە.

ڕەعنا لە هەوێشخان بەدەم تەقەی کاسە و کەوێڵەوە جوابی داوە کە نەهاتۆتەوە. چیمەن لەسەر سینی چایەکی بۆ هێنا. سفرە ئامادە کرابوو. دایکی قابلەمەی خۆرشت و چیمەن قابلەمەی پلاوەکەی هێنا سەر سفرەکە. بەرامەی برنج و عەتری ئاوگۆشت ژوورەکەی ئاخنی. هەموو خەریکی نان خواردن بوون. کەس دەنگی لێوە نەدەهات. بەس چنوور و ئازادبوون کە شەڕە تیکەیان دەکرد و بەدەمی پڕ پێدەکەنان و بلّم بلّم قسەیان دەکرد. هەموو سەریان داخستبوو. نە تەقەی کەوچک، نە ملّچەی دەم و نەکەس سەیری کەسی دەکرد. هەموو چاویان لە کاسەی چێشتەکەیانەوە بوو. نان خورا. کاسەی قەدەحی شین لێسراوە و سفرە بەزیاد کرا. چیمەن و ڕێزان

چوونە حەوشە بۆ حاجەت شۆردن. ئەیوب هەموو بیری لە لای سەگەکانی و عەزۆ بوو. لەوەی کە شێرشێر دزرابوو زۆر پەرێشان بوو. پەژارە و خەفەتی ئەوەی کە عەزۆ چاوی بەگیانی کەوتبوو سەرباری هەموو پەژارەیەک بوو بۆی. دەیویست هەرچۆنێک بووە تۆڵەی خۆی بکاتەوە. بەڵام نەیدەزانی چۆن. لە ڕاستیشدا نەیدەوێرا قەرەی بکەوێ. لە دڵی خۆیدا دەیوت: «ئەی ئەگەر دەستم دا یەخەی و لەناو منداڵەکانا بەدەنگی بەرز وتی من دواوەی ئەیوبم دیيە، داوای چی بکەم؟ چۆن بتوانم بچمە ناو منداڵەکان؟ بێژی ئێسە لای منداڵەکان باسی نەکردبێ؟» بۆی ببوو بەئەستەمێکی دەروونی گەورە و گرتبوویە خۆی و پەژارەی دزینی شێر شێری لە بیر بردبۆوە. ئەم پەژارە پەژارەی ئابڕوو بوو. پەژارەی ناو منداڵ چوون و سەربەرز ڕاگرتن. ئەیوب پێشتر لە عەزۆ نەدەترسا؛ گەرچی یەک دوو ساڵێک لە ئەیوب گەورەتر بوو. چەن جارێک ببوو بەشەڕیان. بگرە ئەیوب بەکارتر و دلێرتر بووبێت. بەڵام ئێستە چی. ئێستە کە لە دڵی خۆیشیدا سڵی لێ دەکرد و هەستی بەترسێکی گران دەکرد و تەنانەت نەشی دەوێرا لە بیر و فکری خۆیشیدا سەیری نێوچاوانی بکات؛ وەک جاران چاو بەچاوی بوەستێ. لەوەی کە منداڵەکانی تر چاویان پێی کەوتبوو دەربەست نەبوو. هەموو بیر و هۆشی بەعەزۆوە مەشغوڵ بوو. چوون عەزۆ لە خۆی گەورەتر بوو ڕەفیقەکانیشی لە خۆی گەورەتر بوون.

ئەیوب سەری بەسەر کتێب و دەفتەرەکەیەوە نخون ببۆوە و ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەبوو. دایکی کە لەولاتر دانیشتبوو هەر تاو نا تاوێک دەیویست بەجۆرێک بەهۆشیدا بێنێتەوە تا باوکی چاوی پێی نەکەوێ و دەنگی نەدات. باوکی خەریکی چنینی داوی کەو بوو. ڕێسمانەکەی لە دەور قامکە گەورەی پای ئاڵاندبوو، بەدەستی چەپی توند دەیکێشا و بەدەستی ڕاستی بەمەکۆ دەیچنی و گرێی لێ دەدا. دایکی کلۆیەک قەندی بۆ خست؛ ئەیوب ڕاچەنی. ڕەعنا بەئیشارە پێی وت: «هۆشت لە کوێیە؟»





دەنگی سەگوەڕ هەموو گەڕەکی هەڵگرتبوو. ئەڵبەت سەگوەڕی شەوانە تایبەتمەندی شەوانی سەقزە. بەڵام ئەمشۆ گورگی زۆر بەگەرمە دەیلوراند. ڕەعنا لەبەر سەماوەرەکە دانیشتبوو، چای تێ کرد، دای بەئەیوب بیبات بۆ باوکی؛ وتی:

– پەنا بەخوا ئیمشەو ئەم سەگە بۆ وا دەکات؟
– چی دەکات؟ هیچ شەوێ نەیلورانە با ئیمشەو بلورێنێ.
– ئێژن بەو یومنە... نامەتی دەهێنێ.
– هەرچی خوا بیکات هەر ئەوەیە... کاکەریم کەیفی خۆیەتی.

ئەیوب چایەکەی لە بەردەم باوکی دانا و چووە حەوشە. بێ ئەوەی کە بییەوێت یەکڕاست سەیری هەورە بانکەی ماڵ حاجی مینەی کرد. بەڵام کەسی نەدی. گوێی هەڵخست بۆ دەنگی سەگەکان؛ دەنگی گۆڵە شینەکەی قۆپی مچە چکۆلی لەناو سەگوەڕەکەدا ناسییەوە. دەنگی بۆڕ و کورت. لورەی کورت کورت و لەسەر یەک. سەیری ئاسمانی کرد. ئاسمان ساو و پڕ لە ئەستێرە کە لە هەموو شەوانی تر گەشتر دەیاننواند. تەبەقی زێڕینی مانگ بەسینەی ئاسمانەوە و خەرمانە دەوری گرتبوو. پەڵە هەورێکی زۆر تەنک هات بەبەر مانگدا و تێپەڕی. تیشکی مانگ، هەموو وڵاتی ڕوون کردبۆوە. پەردەی پەنجەرەکەی ماڵ زوبەیدە خانم دادرابۆوە؛ بەڵام دەنگیان بەئاشکرا دەبیسترا. تاک تاک شەمشەمە کوێرە لە ئاسماندا دەبینرا. دەنگی قاڕە و قاژەی بۆق و مەلانی کۆچەر، سیسرە و سیسرک، هەموویان ببوون بەگیان، بەهەست، بەژین بۆ جەستەی تاریکی شەو. لەناو حەوشەکەشدا چیمەن و ڕێزان بەخەندە و چپە و حیلکە گیانێکی تریان خستبوە دەماری حەوشەکەوە. ئەیوب هەموجارێ بەخۆی دەوت: «خۆزگە دەمزانی لەبارەی چییەوە قسە دەکەن وا قەد قسەیان تەواو نابێ و هەمیشەش پێی پێدەکەنن». یەک تۆز سەیری کردن؛ بەڵام لە حەوشەش خۆی نەگرت، چۆوە سەر کتێب و دەفتەرەکەی لە ماڵەوە. لاپەڕە بەلاپەڕە

کتێبەکەی هەڵداوە. تاوێک بەولادا، تاوێک بەولادا؛ بەڵام هیچی نەدەدی. بەئانقەست لە دووی شتێک دەگەڕا کە بۆی پەیدا نەدەبوو. سەرنجی لاپەڕەکانی دەدا و لێی ورد دەبۆوە، لەبەر خۆیەوە لێوی تەکان دەدا و قسەی دەکرد. تووڕەیی و پەرێشانی لە ڕواڵەتی بەئاشکرا دیار بوو. دەلەرزی. ناو چاوی گرژ کردبوو. سەیرێکی باوکی کرد. بەڵام وەک جاران نەدەهاتە پێش چاوی. هەستی بەترس نەدەکرد بەرامبەر بەباوکی، یان وەک جاران بەسەیرکردنی دەست و پەنجەی باوکی کەیف خۆش نەدەبوو. وەک جاران بەشان و باهۆی باوکی هەستی بەورد و توانا و غیرەت نەدەکرد. ئێستە تەنیا هەستی بەنەفرەت دەکرد. نەفرەت لە خۆی، لە دایکی. ئەگەر دایکی بەزۆر نەیشۆردایە ئاوای بەسەر نەدەهات و عەزۆ چاوی بەگیانی نەدەکەوت. ڕک کرکراگەی گرتبوو. ئارەق نیشتبووە بەر تەوێڵی و لێوە لەرەی پێکەوتبوو. دەست و پەنجەی دەلەرزی، دەبو هەستێ، دەبوو بڕوات، دەبوو بچێتە کەنارێکەوە کەس نەیبینێ. تەنانەت خۆشی خۆی نەبینێ. چاوی لە خۆیشی سڵی دەکرد. دەبوو هەستێ؛ هەستا. دەبێ بڕوات. لە ژوورەکە دەرکەوت. بەرەو ژووری دایەی چووە نهۆمی سەرەوە. دەرگای لە پشت خۆ پێوەدا و پاڵی داوە بەدەرگاکەوە. چاوەکانی لێک نا تا تۆزێک هێدی بێتەوە و لەگەڵ تاریکی ژوورەکە ڕابێت. بەڵان نە… هێدی نەبۆوە. چووە ناوەڕاستی ژوورەکە. تارمایی عەزۆ هاتە پێش چاوی. جێگەی قسە نەبوو. قسە نەدەکرا. دەستە و یەخەی یەک بوون و یەکیان دا بەرشەق. ئەیوب توند و بەهەڵمەت تێی سرەواند؛ بەزللە، بەشەق و بەمشت تێی سرەواند و نایە ژێر و چووە سەر سکی. بەشەق ڕایدا لە ناو ژوورەکەدا. منداڵەکانی گەڕەک یەکەیەکە هاتنە نێو دنیای خەیاڵیەوە و لە دەوری کۆبوونەوە. لە ژوورەکەدا خۆی و خەیاڵەکەی یەکیان دەتلاندەوە و دەیاندا بەسەر و بەچگی یەکدا. ئەیوب دەستی نابوە قوڕگی عەزۆ و دەیویست بی خنکێنێ. عەزۆ کەوتبووە پەلەقاژێ؛ ئەیوب بەسەریدا زاڵ ببوو. بەسەر





پەژارەکەیدا زاڵ ببوو. شەکەت، ماندوو لەسەر سینگی خەیاڵەکەی بەسەرکەوتوویی هەستایەوە و لەولاترەوە تلور کەوت. ئارام ڕاکشا. تارماییەکەی عەزۆ بەشەلە شەل لەناو تاریکی ژوورەکەدا ون بوو. ئەیوب بەپاڵ کەوتنەوە شەقێکی بۆ حەوادا و چەن جنێوی پێدا. ماندوو، ئارەق لە تەواوی گیانی نیشتبوو. کەوتبووە هەناسەبڕکێ. دیسانەوە هەستایەوە؛ تارماییەکەی عەزۆ کە لەناو تاریکییەکەدا خۆی شاردبۆوە گرتییەوە و ئاوقانی بۆوە. توند یەخەی گرت و نای بەدیوارەکەوە. جنێوی پێ دەدا و بەمشت تێی دەسرەواند.

ئەیوب لە پاش ئەم شەڕەی کە لەگەڵ خۆی کردبووی هەندێک هێور ببۆوە. لە باوەڕی خۆیدا پێی وابوو کە بەڕاستی عەزۆی داوەتە بەر شەق و تۆڵەی خۆی لێ کردۆتەوە. لەسەر یەغانەکەی دایەی دانیشت. پاڵی دا بەدیوارەکەوە و ئەژنۆی لە ئامێز گرت. هەر دووچاوی لێک نا و سەری هێواش دەکوتا بەدیوارەکەدا. لێوی دەکرۆشت و حەقی بەخۆی دەدا کە ئەو بەڵایەی بەسەر عەزۆدا هێناوە. دیسان منداڵەکان لە دەوری گردبوونەوە. لەناو دنیایەکی پڕ لە شادی و سەرکەوتوبی، لە دەروونی خۆیدا قاقای لێ دەدا و جنێوی دەدا. لە ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد. بالنجێک کەوتە بەرپای، دیسان ڕک و نەفرەت ڕووی تێ کردەوە، ڕۆحی عەزۆ چووە ناو باڵنجەکەوە، دایە بەر شەق و بەدەم شەقەوە ڕایدا. پاش ماندووبوون لەبەر یەغانەکە بەشەکەتی دانیشت. دەستی نایە سەر یەغانەکە و سەری کردە سەر دەستی. خەیاڵ بردییەوە. ئەهەوەن ببۆوە و پەژارە و ناڕەحەتی عەزۆی لە دڵ دەرچووبوو. لە خۆی بەڕاست وەرگەڕابوو کە تۆڵەی خۆی کردۆتەوە. لەبەر یەغانەکە بەئەرخەیانی ڕاکشا و خەون بردییەوە. جارجار پەژارە ڕووی تێ دەکردەوە و دنەی دەدا کە هەستێتەوە؛ بەڵام شەکەتی بڕەسی لێ بڕیبوو. بەس تۆزێک چاوی هەڵ دەهێنا و لەبەر خۆیەوە جنێوێکی دەدا. خۆی دا بەدەم شەپۆڵەکانی خەونەوە و هێدی هێدی خەون بردییەوە.

# بەشی چوارەم

ئەوەڵی بەیانی کێشە و قیژە و هەرای چیمەن و ڕێزان ماڵەکەی شێواند بوو. چیمەن بەیانی زوو لەخەو هەستابوو. تەل و گیرە قژەکانی ڕێزانی دابوو لەسەری و خۆی شاردبۆوە. ڕێزان هەموو کەل و کونی ماڵەکە بەدوایدا گەڕابوو. ئاخری لە هەمماری حەوشە پەیدای کردبوو. لەوێوە بەکێشمەکێشم هاتبوونە ماڵەوە. ڕەعنا ڕقی هەستابوو. لە حورسی خۆیدا گوێی پێ نەدەدان. سەعی تاریکە و لێڵە وەک هەموو بەیانییەک لە ماڵ دەرکەوتبوو. ئەیوب هێشتە لەخەو هەڵنەستابوو. حاجی ژن چووبووە حەوشە، بەلای مامر و جووجکەکانیەوە. چنوور و ئازاد لە دیوی بەردەس نوستبوون. ڕەعنا چەن جار دەنگی دابوون کە کۆتایی بەکێشەکەیان بهێنن؛ بەڵام





ئەوان چاکتر چنگیان بەیەکدا کردبوو. ڕەعنا لە نوزە نوزی ڕێزان وەڕز ببوو؛ بەعاجزییەوە وتی:

– دە ڕۆڵە چیمەن! پێبەرۆ کچی دایکی؛ بزانە داوای چی دەکات، چی گەرەکە.

– چوزانم داوای چی دەکات، بەم سەلای سبحە جنۆکەی دیبە.

– جنۆکە؟ هەر تۆ پێگەیشتی جنۆکە تەرکی ئەم ماڵەی کرد... ئاخەر جنۆکە.

ڕێزان کە دی دایکی پشتی دەگرێ چاکتر پێی داگرت و بەنوزە نوز وتی:

– دە دایکە بێژە پێم باتۆ.

دایکی لەناو ژوورەکەوە قیژاندی و بەدەنگی بەرز وتی:

– چیت پێباتۆ؟ چی؟ ئەونە دەنگت ناخۆشە یاخوا دەنگت بچنیێ. ئۆە خوا! ئەوە بۆ نەجاتم نادەی بەدەس ئەم جووتۆ؟ خوا! ئەوە بۆ دەنگم نابیسی؟

ڕێزان دیسان نوزاندیەوە و بەقیژە و گریان وتی:

– ئەو تەلی قژە هینی منە؛ چیمەنە گو بردییەتی. دوو گیرەکەیشمی بردە یالڵلا بێژە پێم باتۆ.

ڕێزان لەگەڵ ئەم قسانە کە دەیکرد، چیمەنی ڕادەژەند و بەردەوام وشەی یالڵلا زوکە، یالڵلا زووکەی دەوتەوە. سەر و پرژی شێوابوو. قژی هاتبووە ناو چاوی و زوو زوو سەری دەخست بەدوادا تا پرژی لەنێو چاوی لاچێ. چڵمەکەی دەهاتە سەر لێوی و هەڵێدەلووشیەوە. چیمەن کە چاوی بەلووتی ڕێزان کەوت قیزی شێواوە؛ بەم بۆنەوە لاوەلا دەوەستا و کەمتر سەیری بێچمی ڕێزانی دەکرد. ڕێزان هەستی بەوە کردبوو کە چیمەن لە لووتی بێز دەکات بەهەڕەشەوە وتی:

– ئەگەر پێم نەیتۆ، چڵمەکەمت پیا ئەساوم.

چیمەن بێ ئەوەی سەیری ڕێزان بکات وتی:

– ئەگەر پیاما بساوی خوری شۆرت دەکەم [پاڵێکی لە ڕێزانەوە ناو بەبێزەوە رووی وەرگێڕا] رووکە ئەولاوە دڵم دەرهات.

ڕێزان سەری بردە پێشەوە وتی:

– نەخەیر ڕوو ناکەمە ئەولاوۆ

– هەڵی لوشە فلّقت مرێ

– نەخەیر هەڵی نالوشم زووکە پێم بەرۆ

– باشە هەڵی لوشە جا پیتا ئامۆ.

– بەتۆ چی هەڵی نالوشم چڵمی خۆمە.

ڕەعنا ئەیوبی کرد بەبیانوو بۆ جیابوونەوەیان وتی:

– دا چیمەن خانم بزانە ئەو جوانخاسەی براو بۆ هەڵناسێ بچێت بۆ مەدرەسە میراتیەکەی. ئاخ! ئاخ! بەدەس جوزە جوز و نوزە نووزی تۆوە ڕێزان. ئاخ! [لەگەڵ ئەم ئاخ وتنەشدا شەقەی بەخۆ داکوتانەکەشی دەهاتە دالآن] ئاخ!

چیمەن ڕقی هەستابوو؛ چنگی کرد بەقژی ڕێزاندا و بەتوندی ڕایژەند. ڕێزانیش پەلاماری پەلکەی چیمەنیدا و ڕایکێشا. هەردووکیان قیژاندیان. ڕێزان دەستی کرد بەگریان. چیمەن ئەیوبی کرد بەبیانو:

– دە بەرمبە... ڕزیاوی کرمە تۆپیو [بەردەوام هەوڵی دەدا پەلکەکەی لەدەست دەربهێنێ] بابچم خەوەری کەمۆ.

بەهۆی ئەم قیژەوە چنوور و ئازاد خەبەریان بۆوە. هەردووکیان پاڵیان دابوو بەچوارچێوەی دەرگاکەوە سەیری چیمەن و ڕێزانیان دەکرد. چاویان دەسڕی و پێیان پێدەکەنان کە هەردووکیان بەقژ و دەست یەکیان





ڕادەکێشا. چیمەن قژی ڕێزانی بەردا. بەڵام ڕێزان هەر پەلکەی چیمەنی ڕادەکێشا و دەینوزاند. چیمەن یەک دوو مشتی پێداماڵی، ڕێزان ئازاری گەیشتێ و بەگریان بانگی کرد لە دایکی. ڕەعنا بەجنێودان و خۆڕنین هاتە دالآن. چیمەن لە حەیوەتی دایکی پاڵێکی توندی نا لە ڕێزانەوە و خۆی دەرباز کرد. ڕێزان وەدووی کەوت، کە دی بۆی ناگیرێ دەستی برد بۆ لوتی و چڵمەکەی بۆ فڕێدا. چیمەن لە حەیوەتی چڵمەکە زریکاندی. چڵمەکە شڵپ درا بەپیلکانەکەدا. ڕێزان بۆ ئەوەی دایکی لێی نەدات و لە ڕقی ئەوەی کە دەرەقەتی چیمەن نەهاتبوو شتەکانی لێ وەرنەگرتبۆوە دای لە پرمەی گریان، ڕوپۆشەکەی مەدرەسەی لەبەر دەرهێناو فڕێیدا. خۆیشی چوو لە سوێچێکەوە چیچکانەی کرد وتی:

– وەڵڵا ناچمۆ بۆ مەدرەسە.

ڕەعنا سەیری چیمەنی کرد کە لەپاڵ مەعجەرەکە لەسەر وێستگەکە وەستابوو. سەری داخستبوو، خۆی بەقامکەکانییەوە خەریک کردبوو. ڕەعنا هەناسێکی هەڵکێشا وتی:

– ئەوە بۆ وا دەکەی؟ ڕەفیقی تۆ دە سەر خێزان تاقەت دەکا و دوو ماڵ بەڕێوە دەبات [دەستی گرت بەچناگەیەوە] جا باشە... باشە، تۆ دودانە پەلکە و بەرداوەتۆ، تەلی قژ و گیرەت بۆ چییە؟ یا خوا بێ بەتەوقی لەعنەت و بچێتە ملت.

حاجی ژن کاسێک هێلکەی بەدەستەوە بوو؛ لەناو دەرگای دالآندا وەستا. ناودالآنەکە تاریک بوو. ڕەعنا چوو بەدەمیەوە؛ کاسەکەی لە دەست سەند. حاجی ژن وتی:

– ئەرێ ڕۆڵە ئەوە بۆ وا دەکەن. بەم سەڵای سبحە کاسەی قەرەچی ئاوبردییەتی؛ چی؟.

ڕەعنا چوو بۆ هەوێشخان و بەدەم ڕێوە وتی:

– بەخوا نازانم لەسەر مارەیی و هەشت یەکی دایکیان شەڕ دەکەن [هاتە نێو درگای هەوێشخان وەستا، چەمۆڵێکی نا لە هەردووکیان و تفێکی کرد لە چیمەن] ئەی گو بەو وەجاخە لەتۆ ئەویتۆ [چۆوە ناو هەوێشخان بەدەنگی بەرز وتی] ئەی قوڕ بەسەر ئەو کەسەی دڵ بەتۆ خۆش دەکا؛ بە لاوا خۆم دوور لەسەری باوکت و براکانت. کاول بێ ئەو ماڵەی تۆ ئاوەدانی دەکەیتۆ ماڵ کاوڵکەرە. دوور لەم ماڵە.

حاجی ژن چووە بەر پیلکانەکان بەچیمەنی وت:

– ئادەی کچە گەورەکەم، خانمە جوانەکەم! ئەو گوڵ و تەلەم پێبە. باپیبەینۆ. لە نوزە نوزی ئەمەمان لادە ڕەحمەتی خوات لێبێ. خێری ئەو دایکە خاستە.

چیمەن یەک دووجار سەیری دایەی کرد؛ لە ژێر لچەوە بەئیشارەی سەر پێی وت نایدەم. حاجی ژن تووڕە بوو. چیمەن گیرە و تەلەکەی لەسەر کردەوە فڕێیدا خوارەوە بۆ حاجی ژن. حاجی ژن زەق سەیری کرد و بەتووڕەیی وتی:

– ئەی گو بەو شیرە نامە سەردەمت.

چیمەن ڕووی لە حاجی ژن وەرگێڕا وتی:

– تۆ کەی شیرت بەمندا.

حاجی ژن تفێکی لێ کرد و بەدەنگی بەرز وتی:

– ئەی سەگ پێیداوی چەتیوە.

چیمەن نەوێستا و چوو لە دیوێک خۆی شاردەوە. ڕێزان یەک دوو جار سەیری دایەی کرد. حاجی تەل و گیرەکانی هەڵگرتەوە و خستییە بەر ڕێزان. ڕەعنا جوابە جەنگی و شت فڕێدانەکەی چیمەنی دیبو. بەتوندی بۆی چوو. حاجی ژن بەمەلولی دەستی گرت و هێدی کردەوە. ڕەعنا دەستەپاچە لە بەردەم حاجی ژندا وێستا و سەری داخست. هەستی





بەشەرمەزاری دەکرد. بەرامبەر بەخەسوی. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. لە ڕاستیدا خۆی لە چاو و سەرنجی حاجی دەشاردەوە. لە تەماشای حاجی ژندا هەستی بەسەرکۆنەکردن دەکرد. دەیویست بەجۆرێک خۆی لەژێر نگا و سەرنجی حاجی ژندا دەرباز بکات. ڕوپۆشەکەی ڕێزان بەرچاوی کەوت. هەڵیگرتەوە و کوتای بەسەر و بەچکیدا؛ یەک دوو نوکەشەقی تێسرەواند وتی:

– دەهەستە بڕۆ بۆ مەدرەسەکەت یاخوا هەر ئەوە بدڕی. دەیبا ئەم تەل و گوڵە ئیمڕۆ بەسەرتەوە نەبوایە. یاخوا سەرت بەتاشین بچێ. با بەم سبحە زووە ئەم ئاژاوەت ساز نەکردایە [سینگی کوتا و ڕووی کردە ئاسمان] ئۆوە ڕۆڵە دۆعای من نەوێ هینی خاسانی خوا بێ، هەردووکتان هەتا ماون بووکی خۆم بن.

چووە بەر پیلکانەکان و بەدەنگی بەرز بەچیمەنی وت:

– هۆی نازێ کەڵەشاخ! چوار پاچکەکەو بەقەوری ئەو مردووانەم تا باوکت دێتۆ. چەتیوە بێ حەیا. ئیتر حاجی ژنیش من نیم قولاپەی بووەیت بەدەما... لۆتی... دێڵە شڕ.

حاجی ژن چوو بووە دیوی بەردەست و لەسەر سفرەکە دانیشتبوو. چنوور و ئازاد لە بەردریاکە وەستابوون. چنوور قامکێکی کردبو بەدەمیدا و، ئازاد هەردوو دەستی نابووە پشتی و بەزەلیلی سەیری ڕێزانی دەکرد. دایکی دەنگی ڕێزانیدا کە خۆی کۆ بکاتەوە بچێت بۆ مەدرەسە. ڕێزان کەوتبوو بەرقدا و هەر دەیوت ناچمەوە. ڕەعنا لەسەر پیلکانەکان دانیشتبوو. زەنگی مەدرەسەی ناهید لێ درا. ڕەعنا سەیری کاتژمێرەکەی کرد. سەعات هەشت بوو. لە حورسی خۆیدا سەری دێشا. ڕووی نەبوو بچێتە ژوورەوە بۆ لای حاجی ژن. ناچار چوو بۆ سەر و لە بەردریای ژوورەکەی حاجی ژن وێستا و بانگی ئەیوبی کرد کە هەستێ. ئەیوب شەوانە لە ژوورەکەی

حاجی ژن دەنوست. خۆی لەناو جێگەکەیدا تلاندەوە و مەوجەکەی داوە بەخۆیدا و خۆی کرد بەنوستوو. ڕەعنا چووە ناو ژوورەکە، مەوجەکەی لەسەر لادا. ئەیوب دەستی کرد بەناکەناککردن؛ دەستی گرت بەسەرییەوە کە نەخۆشە. ڕەعنا بەتووڕەیی مەوجەکەی لەسەر لادا و وتی:

– ئادەی هەستە ئێژی بەگیانەوەی.

ڕەعنا چووە بەرپەنجەرەکە، پەردە و پشتدەرییەکانی لادا. تیشکی هەتاو ڕژایە ناو ژوورەکە، دیسان بانگی کردەوە. ئەمجارە بەتەوسەوە وتی:

– تۆزێ قاچ و قولت بۆ بشێلم تەزەکەی دەرچێت.

ئەیوب بەم قسانەی دایکی پێکەنینی دەهات. مەوجەکەی کێشاوە بەسەر خۆیدا؛ دەمەوڕوو بۆی کەوت. دایکی دیسان دەنگی داوە. ئەیوب ناچار جوابی داوە کە نەخۆشە. ڕەعنا ئەمجار شێوەی قسەکردنەکەی گۆڕی. لای سەری ئەیوبەوە چیچکانەی کرد و بەپێکەنینەوە وتی:

– دە هەستەوە کوڕم ئەم شمشێرە لە کیلان دەر بکێشە و خۆت کۆ کەرۆ و بچۆ بۆ مەدرەسە.

ڕەعنا مەوجەکەی لەسەر لادا و دەستی هێنا بەبەر تەوێڵیدا وتی:

– خۆ نەیاوت هەیە و نە نەخۆشی دەهەستە کوڕە جوانەکەم.

ئەیوب بەلاساری دەمی خۆی بچووک کردەوە وتی:

– من ناچمۆ بۆ مەدرەسە نەخۆشم.

ئەیوب دیسان مەوجەکەی کێشاوە بەسەرخۆیدا. دایکی هەرچی لەگەڵ وت هەڵنەستا. بەجێی هێشت و چووە خوارەوە. حاجی ژن، چنوور و ئازادی لەسەر سفەرەکە دانابوو. خەریک بوو ناشتایی پێ دەدان. ڕەعنا هەرچی کرد ڕووی نەبوو بچێتە ژوورەوە. حاجی ژن چاوی بەڕەعنا کەوت هەستی کرد کە بۆچی نایێتە ژوورەوە. چەن پاروویەکی تری بۆ منداڵەکان ئامادە کرد و لەسەر سفرەکە هەستا. ڕەعنا لە دالآن لە بەردەمیدا وەستا؛





وەک بیبەویت بپارێتەوە یان تکا بکات یان داوای لێبوردن بکات بەگشتی لە شێوەی قسەکردنەکەیدا هەمووی ئەمانە دەبینرا وتی:

– حاجی ژن توخوا چیمەن ببەخشە. منداڵیی کرد، نەیزانی، نەیفامی. خۆت دەزانی ئەگەر بەباوکی بێژم پێستی دەکەنێ؛ ئاخەر من نازانم فریای چیان بکەوم. خورد و خۆراک یان ماڵداری، تەربییەت و بارهێنان، ئەملا، ئەولا، بەخوا ناتوانم. خۆ باوکیشیان هەر ئێژی من تەنیا دەتوانم نانیان بۆ پەیا بکەم. ئیتر ئەم گشتە کارە بەمن ناکرێ. ئەی بەمن دەکرێ؟ خۆت دەزانی هەر کە ڕۆژ ئەوێتۆ خەمی ئەم قڕ تێکەوتووانە دەنیشێتە دڵم

ڕەعنا کە هیچ جوابێکی لە خەسوی نەبیست ئیتر قسەکانی بۆ تەواو نەکرا. جار جار لە لاوە سەیری خەسوی دەکرد. حاجی ژن دەیڕوانییە ڕەعنا و بەتەمای باقی قسەکانی بوو. لە نیگایدا هیچ شتێک نەدەبینرا. نەرم و قورس دەیڕوانییە ڕەعنا. ڕەعنا ئەم چەشنە سەیرکردنەی دەناسی. لە نیگایدا مەعناکان، دەنگەکان، وشەکان دەبینرا و دەبیسترا. حاجی ژن بێ حورمەتییەکەی چیمەن کاری تێکردبوو. گەرچی بەڕواڵەت زۆر هێدی بوو، بەڵام لە دەروونەدا دێوەزمەیەکی نەفرەت بوو. دەبوو ئەو ڕک و نەفرەتەی خۆی لە دەروون دەراوێژێ. کێ لە ڕەعنا چاکتر، کە بتوانێ کۆلەواری بکات. کەسێک کە هەموو سووچ و خەتاکان لە لایەن ئەوەوە دەزانرا. بەئارامی ڕووی لە ڕەعنا وەرگێڕا و بەرەو پیلکانەکان ڕۆیشت. پای نایە سەر یەکەم پیلکان و دەستێکی نایە سەر چۆکی وتی:

– ئەو گوناحی چییە. چوزانێ دنیا بەدەس کێوەیە. سەیری ئێمە دەکات. ئەو ئەوە دەبینێ کە ئێمە دەیکەین. با بەبالا بەقەدەر ژنێکیش بێ؛ بەڵام هێشتە منداڵە. گەورە ئاو دەرێژێ چکۆڵە پای تێدەخات.

ڕەعنا بەم قسەی خەسوی تاسا. ئارەقێکی سەرد نیشتە نێوچاوانی و بەشڵەژاوی وتی:

– یەعنی من خۆم...

قسەکەی بۆ تەواو نەکرا. لە ڕاستیدا هیچ وشەیەکی بۆ پەیدا نەبوو کە قسەکەی خۆی پێ تەواو بکات. زەق سەیری خەسوی کرد کە لە پێگەکەدا ون بوو. ڕەعنا کەوتە نێو ئازارێکی دەروونی زەخمەوە. بەدەور خۆیدا خولەی دەهات و گینگلی دەدا. نەیدەزانی چی بکات. سەیری دەوروبەری خۆی کرد. بۆ شتێک دەگەڕا تا خۆی پێوە خەریک بکات و لە خۆی دوور بخاتەوە. لە پڕ ڕێزان چاوی گرت کە هێشتە لە سووچی دالانەکەدا هەڵکورمابوو. بێ ئیرادە هەڵیکوتایە سەری و دایە بەر مشت و چەپۆک؛ غەشی دڵی خۆی بەسەردا خاڵی کردەوە. پەلی گرت و بەقونەکوتێ تا سەر سفرەکە ڕایکێشا. چنوور و ئازاد ترس نیشتە گیانیان، بێدەنگ خۆیان خەریک کرد بەناشتاخواردنەکەیانەوە. ڕەعنا چاییێکی بۆ چنوور و ئازاد تێکرد و چای شیرینێکی لەبەردەم ڕێزان دانا. ڕک و تووڕەیی لە بیچمی ڕەعنادا دەبینرا. لێوی خۆی دەکرۆشت. ئیسکان و ژێرپیاڵەکە لەناو تاسی بەر سەماوەرەکەدا بوو. هەڵیگرت و لەبەردەم خۆی دانا. هەر ئیسکانێ کە دەیشۆرد وەک بییەوێت هەموو ناکۆکی دەروونی خۆی بەدەنگی کیرە کیرِی ژێرپیاڵە و ئیسکانەکان دەربڕێ. ئیسکانەکانی یەکە یەکە شۆرد و لەسەر مێزی سەماوەرەکە نخونی کردنەوە. ئاوی نێو تاسەکەی لە پەنجەرەکەوە کردە حەوشە، سەیری سەعاتەکەی کرد هەشت و بیست دەقە بوو. تاسەکەی نا وەبەر سەماوەرەکە، پیاڵە و ئیسکانەکانی تێخستەوە و لە تۆنگی ئاوەکە پڕی کردەوە. لە هۆدەکە هاتە دەرەوە و چۆوە بۆ سەرێ. لەبەر ژوورەکەی خەسوی لە پشت درباکە وێستا، وا کە چاوی بەناو دیوەکە نەکەوێ. بەتووڕەیی بانگی لە ئەیوب کرد:

– هەستە ئەیوب... هەستە. با نەیەم بەشەق...

ڕەعنا هەرچی بەتەوس و توڕەییەوە بانگی لێکرد هەڵنەستا. حاجی ژن





هەستی بەتوڕەییەکەی ڕەعنا کردبوو. هێشتە برینەکەی چیمەن سوکنایی نەهاتبوو. پیلانی ئازارێکی تر دەبوو بۆ ڕەعنا بڕەخسێنێ. بەهێمنی بانگی لە ئەیوب کرد. ڕەعنا کە دەنگی خەسوی بیست لە ژوورەکە دوورکەوتەوە. لە ڕاستیدا چاوی بەرایی ئەوەی نەبوو کە منداڵەکەی ئەو هەموو بانگی لێ کردبوو جوابی نەدابۆوە. بەڵام بەیەک دنەی دایەی لەخەو وەڕابیوو. ڕەعنا بەدەم ڕێوە بانگی لە چیمەن کرد. ئەم بانگ کردنەش بۆ ئەوە بوو کە دەنگی خەسوی نەبیستێ. بەڵام بیستی. چون وەک ئەوە وابوو کە لە دەروونی خۆی بەرز دەبۆوە. ڕەعنا لە پیلکانەکان بەزرمەزرم چووە خوارەوە. کە دەیویست بەم چەشنە نەفرەت و بێزاری خۆی سەبارەت بەدەوروبەری نیشان بدات. ئەیوب بەشێنەیی و شەکەتی لە خەو هەستا. حاجی ژن بزەی هاتێ و گەشایەوە. ئەیوب بەدانیشتنەوە خۆی کێشاوە، چاوەکانی سڕی و باوێشکێکی دوورودرێژی دا. بەشەکەتی هەستا سەرپێ. حاجی ژن چوو بۆ لای؛ دەستی هێنا بەسەر و ڕوویدا و ماچێکی کرد و پێی وت:

– ئەوە بۆ هەڵناسی، مەدرەسەکەشت درەنگ کەوت.

– نەخۆشم حەز ناکەم بڕۆمۆ.

– نە کوڕە شیرینەکەم! کوڕی من قەد خۆی نەخۆش ناخات.

ئەیوب دەیزانی کە ناتوانێ لەگەڵ دایەی درۆ بکات؛ هەرچی کە لە دڵیدا بێت لەژێر زمانی دەردەکێشێت. ئەوکات دایەشی بەپەژارە و نهێنییەکانی دڵی دەزانی؛ بەترسەکەی، بەوەی کە ئەم پێی دەوت ئاوڕووچوون. ئەوسا شایەد دایەی دڵی بۆی بسووتایە یان پێی پێکەنیایە؛ بەڵام ئەم حەزی نەدەکرد هیچکام لەم هەستانە لە دایەیدا سەبارەت بەخۆی ببینێ. چون دەترسا نیگا و چاوی عەزۆش لە دایەیدا ببینێ. دایەی کە پەنا و داڵدەی تەنیاییەکانی بوو. بەم بۆنەوە پەرەی بەقسەکانی نەدا و چووە خوارەوە. لە حەوشە دەست و دەموچاوی شۆرد و چووە سەر سفرەکە دانیشت.

بەلاوازییەوە سڵاوی کرد. دەنگی خۆی گڕ کرد؛ وا کە دایکی هەست بەنەخۆشییەکەی بکات. بەڵام دایکی نە جوابی سڵاوەکەی داوە، نە سەیری کرد. ڕێزان هێشتە نانەکەی نەخواردبوو. بەسەر سفرەکەوە نخون ببۆوە. دایکی سخورتمێکی تێوەژەند و لەسەر سفرەکە دەری کرد. چای شرینەکە و پیاڵە ماستەکەی لەبەردەم ئەیوب دانا و خۆی چووە حەوشە. ئەیوب ناشتاکەی خوارد و خەریکی سفرە کۆکردنەوە بوو. ڕەعنا هاتە ژوور؛ بەتوڕەییەوە سەیری ئەیوبی کرد و بەسەرسەرییەوە وەستا وتی:

– بۆ نەچویتۆ بۆ مەدرەسە؟

ئەیوب دەستی بەسفرەکەوە وشک بوو. چاوی لە پای دایکییەوە بوو وتی:

– نەخۆشم.

ڕەعنا هەنگاوێک لێی چووە پێش. هەڵکێشی هەڵکێشابوو. هەردوو دەستی نابووە کەمەری و بەسەر ئەیوبدا نخون ببۆوە. کاتێ قسەی دەکرد هێندە بەتوڕەیی دەیوت کە هەناسەکانی ئەیدا لە سەری ئەیوب. کە ئەیوب بەم سونگەوە تەزێکی سارد دەهات بەناو شان و مۆغەرەی پشتیدا.

– نەخۆشی؟... نەخۆش کەی وا ئەوی؟ دەی خۆ خاسۆبوی.

ئەیوب هەروا کە دانیشتبوو تەکانی نەدەخوارد. چۆن دەیزانی ئەگەر حەرەکەتێ بکات، دایکی پەلاماری دەدا و لێی دەدات. بەڵام تەواوی گیانی زیتەوە ببوو؛ ئامادە کە خۆی لە پەلاماری دایکی بپارێزێ. موی سیخ ببوو، پێستی دەموچاوی بەبەر تەوێڵی توند ببوو. بەئەسپایی سەری وەرگێڕا سەیری دایکی کرد، بەڵام نەیوێرا ڕاستەوخۆ چاو بەچاوی بێ. ڕەنگی سپی ببۆوە و لێوی وشک داگەڕابوو. ئەیوب بۆ دەربازبوونی گریا. چاکترین چەکی بێ دەستەڵات. چوون ڕێگەی دەرچوون نەبوو. حەریف بەسەریدا زاڵ وەستابوو وەک هەڵۆ بەسەر نەچیرەوە. وەک کەروێشک





لەبەرەگەدا گیری کردبوو. کات کاتی فێڵ بوو؛ کاتی مەکر و حیلە بۆ دەربازبوون:

– وەڵڵا نەخۆشم

– نەخۆشی؟ ئەی بۆچی بۆ نانەکە نەخۆش نیت، هەرچی ژەمە کەر و جاشێک قلیان قاوەتونتە.

ئەیوب بەگریانەوە وتی:

– ئەی نانەکەیش نەخۆم، بمرم لە برسیا؟

ڕەعنا لە ئەیوب دوورکەوتەوە. بەڕێگەگرتنی هەنگاوەکانی ڕەعنا، ئەیوب وەک سایەیەکی شوم لەسەری لاچوویێت، گەشایەوە و کرژ سفرەکەی بەجێهێشت و لە ژوورەکەوە دەرکەوت. دایکی ڕەوتی هەڵاتنەکەی گرت و لە دڵەوە بەترسەکەی پێدەکەنی. ئەیوب لە بەرپیلکانەکاندا دەنگی دایکی بیست کە ڕێزانی کردە دەرەوە. ئەیوب دیسان گەڕاوە تا کتێب و دەفتەرەکەی هەڵبگرێ و بچێتە ژوورەکەی دایەی مەشقەکەی تەواو بکات. ڕێزان لە پشت دەرگاکەدا هەڵکوڕمابوو، ئەیوب بێ ئەوەی سەیری شوێنێک بکات، کرژ لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و بەرەو ژووری دایەی وەڕێ کەوت. لەسەر پیلکانەکان لەگەڵ چیمەن گەیشتن بەیەک. بەدەم ڕۆشتنەوە سەیری یەکیان کرد. بەڵام نگایان خاڵی بوو. وەک ئەوەی یەک بناسن یان نەیناسن. یان یەکیان لە شوێنێک دیبێت. بەلای یەکدا تێپەڕین. چیمەن لە چوونە خوارەوەدا ئاوڕێکی لە ئەیوب داوە. ئەیوبیش لە پێگەکەدا وەستا و لایەکی کردەوە. چاویان لەیەک هەڵبڕی. بەچوونە خوارەوەی چیمەن دەنگی ڕەعنا بەرز بۆوە. ئەیوب لە ژوورەکەی دایەی قیژە و جنێوەکانی ڕەعنای دەبیست کە دەیدا بەخۆی. کتێب و دەفتەرەکەی کردەوە؛ مەشقەکەی ڕۆژی سێ شەممۆی نەنوسیبوو. مامۆستاکەی پێی وتبوو «ڕۆژی پێنجشەممە دەبێ دووجار لە ڕوویەوە بنووسیتەوە» ئیمڕۆش ئەنجامی

نەدابوو. ئەنجام نەدانی مەشقەکەی کردبوو بەهۆکارێک بۆ خۆی کە بەم بۆنەوە نەچێتەوە بۆ مەدرەسە. بەخۆی بسەلمێنێ بەم بۆنەوەیە نەڕۆشتۆتەوە؛ نەک بەهۆی ترس لە عەزۆ و ڕووبەڕووبوون لەگەڵی. ئەمانە هەموو نهێنی ناوەکی و دەرەکی خۆی بوون؛ نەدەبوو لە لای کەس باسی بکات؛ تەنانەت لەکن دایەی. بەم بۆنەشەوە خۆی کردبوو بەنەخۆش. کتێبە فارسییەکەی کردەوە و دەرسە تازەکەی هێنا. لە یەکەم ڕۆژی مەدرەسەوە بەئاواتی ئەم دەرسەوە بوو کە بیخوێنێ. هەموو ڕۆژێک لەگەڵ منداڵەکانی مەدرەسە لە گۆشێکەوە لە دەور یەک کۆدەبوونەوە و دەچوونە خەیاڵی ئەم کابرا پیرەوە. کە تیر و کەوانێکی بەدەستەوەیە و تیرەکەی ڕوو بەئاسمان دەهاوێشت. تەواویان سەیری دەست و مەچەک و شان و باهۆی ڕەسمەکەیان دەکرد. هەر کامیان هەڵدەستان ڕوو بەمنداڵەکانی تر وەک ئەوەی تیر و کەوانیان بەدەستەوە بێ، شان و باهۆی خۆیان نیشان یەک دەدا. جار بوو دەست و مەچەکیان هەڵدەکرد تا چاکتر خۆیان نیشان بدەن و چاکتر بچنە ناو جەستەی خەیاڵەکەی خۆیان. ئەیوب قەڵەمەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بەنووسین. لەگەڵ نووسینەکەشدا بەدەنگی بەرز دەیخوێندەوە:

– ئارش کەمانگیر.

چەن دێڕێکی نەنوسیبوو کە خەیاڵ بردیەوە؛ زەوقی لەسەر نووسین نەما. مێشکی بۆ کۆوە نەدەبوو. قەڵەمەکەی دانا و چووە بەرپەنجەرەکە دانیشت. سەیری حەوشەی دەکرد. هەندێک بەدار و دیوارەکاندا ڕاما. سەیری دیوارەکەی ماڵ عەزیمەخانمی کرد. چاوی بەدەلاقەکەیان کەوت کە باوکی نیوەڕۆیەک هاتبۆوە دیبووی یەکێک لە پشت شیشەکەوە سەیری ناو حەوشەکەیان دەکات. کاتێ هاتبووە ناو حەوشە دیبوی ڕەعنا خەریکە لەبەر خۆرەکەدا سەر و قژی دادەهێنێ؛ تووڕە ببوو. ئەیوب بەوەیادهێنانەوەی ئەو ڕۆژە گەشایەوە کە چۆن باوکی لە کۆڵان پیاوەکانی گەڕەک گرتبوویان کە





نەچێتە ماڵ عەزیمەخانم. هەتا دوو سێ حەوتویش کوڕەکانی و مێردەکەی بەڕۆژی ڕۆشنا دەچوونە ماڵەوە، بەڕۆژیشدا دەرگاکەیان پشت دەخست. هەر ئەو ڕۆژە باوکی بەکارتۆن دەلاقەکەی گرتبوو. بن پاساری و گوێسبانەکان پڕ بوون لە چۆلەکە و تەیر. ئەم تەیرانە هەر لە دوورەوە دەهاتن بەپەلە خۆیان دەکرد بەبن گۆێسبانەکەدا. دیسان گرژ دەردەکەوتن. ئەیوب قەد نەیدیبوو ئەم پەلەوەرانە بنیشنەوە؛ بەلایەوە سەیر بوو کە چی دەخۆن. ڕووی کردە دایەی:

– دایە ئەو تەیرە ڕەشانە چی دەخۆن؟

دایەی لەبەر یەغانەکەیدا دانیشتبوو؛ خەریکی هەڵپڕژاندنی جلوبەرگەکانی بوو. هەموو مانگێک جارێ بوخچەیەکی لە یەغانەکەی دەهێنا دەرەوە و لە بەرپەنجەرەکە دەیکردەوە. دەستێ جلوبەرگی پیاوانە لەگەڵ کەشیەیەکی حاجیانە و پشتوێنێکی پەشمی ڕەشی تێدا بوو. لە بەرپەنجەرەکە بڵاوی دەکردنەوە و دەیدان بەخۆر. ئەم دیو و ئەودیوی دەکردن و لەگەڵیان قسەی دەکرد. جاری وابوو لەبەر خۆیەوە پێدەکەنا، دەگریا، یان باسێکی دەوورودرێژی دادەمەزراند؛ بەئەسپایی و بەهێدی وا کە بەس قۆپچەکان تێبگەن. ئێستەش جلەکانی لەولاترەوە پان کردبۆوە نەوا ئەیوب بەدەم هات و چۆوە پایان لێ بدات. ئێوارەش بەتاقەت قەدی دەکردن؛ مێخەک و گوڵ و توتنی دەکردە تۆیان و دەینانەوە تۆی بوخچەکە. دایەی هاتە لای پەنجەرەکە وەستا، نەیهێشت ئەیوب پرسیارەکەی دووپات بکاتەوە وتی:

– ئەو ڕەشانە ئێژی کوڕم ئەوانە هەر مێشوولە و دەعوا ئەخۆن.

ئەیوب سەیری بن گوێسبانەکانی کردەوە و پاشان تەماشای حەوشە دوور و درێژەکەی کرد. هەموو شتێ لەبەرچاوی تازە بوو. لە پشت دارتووەکە ئەمسەر و ئەوسەری دیوارەکەی ڕووی کۆڵان گوڵباخی چێنرابوو؛ پڕبوو لە

خونچەی نەپشکووتوو. دایەی هەموو سەرلەبەیانی و ئێوارەیەک گوڵەکانی دەچنییەوە. دایەنەی کراسەکەی دەکرد بەلادا و پڕی دەکرد لە گوڵ. چاوی بەرەوڕەوە شکاوەکەی کەوت. بەدیواری سەر تەنورەکەدا کرابوو بەچلێکدا، هەروا کە سەیری ڕەوڕەوەکەی دەکرد و بزە نیشتبووە سەر لێوی وتی:

– دایە ئەو ڕەوڕەوە بۆچی شکیا؟

دایەی تەزبێحەکەی لە گیرفانی سەڵتەکەی دەرهێنا و لەسەر تاقی پەنجەرەکە دانیشت. ئەیوبیش کە بەرانبەر دایەی دانیشتبوو هەر دوو قاچی گرتە کۆشی و چەناگەی نایە سەر مەچەکی و بەبزەوە سەیری دایەی دەکرد. ئەم پرسیارەی چەن جارێ تریش لە دایەی کردبوو. بەڵام هەموو جارێک حەزی دەکرد باسی بەدنیا هاتن و پێ گرتنەکەی لە زاری دایەی ببیستێتەوە. لە بیری خۆیدا هەستی دەکرد نیازی بەبیستنی ئەو خۆشەویستییە هەیە. هەستی دەکرد ئەو باسانە کەموکوڕییەکانی دەروونی پڕ دەکاتەوە. دایەشی بەردەوام حەزی دەکرد بۆی باس بکات تا ئەیوب چاکتر پەی بەخۆشەویستی و لێبووردنی ئەم سەبارەت بەخۆی بکات. لە ڕاستیدا هەردووکیان نیازی دەروونی خۆیان لەلای یەکتر پەیدا کردبوو. بەم شێوە خۆیان لەناو یەکتردا پەیدا دەکرد. ئەو بەبیستنی ئەو سەربوردە لە دنیای شیرینی موحیبەت و خۆشویستندا دەژیا؛ ئەم بەگێڕانەوەی باسی نیازی تەنیایی خۆی دەکرد. زۆرجار لە بڕێک شوێندا بێ دەرەتانی و بەشخوراوی خۆی باس دەکرد و ئاوێتەی ژیانی ئەیوبی دەکرد تا بزانێ لە پێناوی ئەمدا چی کێشاوە:

– جا ئەوە کوڕم دەشێ لە پێش لە دایکبوونەکەتەوە بۆتی بگێڕمەوە.

دایەی دەستی کرد بەگیرفانیدا. یەک دوو دەنک مێوژی خستە دەمی و بەتاقمەکانی تەقە تەق خەریکی جاوینی بوو. بەڵام پێش ئەوەی کە قوتی بدات تۆزێک لە دەمیدا ڕایدەگرت تا مەزەکەی لە دەمیدا تام بداتەوە و





تامی دەمی بگۆڕێ. هەروا کە دەمی دەتەقاند سەیری ئەیوبی کرد و هەناسێکی هەڵکێشا. یەک دوو جار سەری لەقاند؛ وەک بییەوێت مێشک و بیر و قسەکانی کۆوە بکاتەوە وتی:

– بەر لەوەی تۆ لە دایک بی، من و پورت نەزرمان کردبوو بەپێی پەتی بەتەواوی ماڵەکانی کازمخاندا گوێزەبان بڵاوبکەینەوە. چووین بۆ پیر شەلاڵی و پیر مەحەمە و بەمان گریدا و بەردمان نا بەدیوارەوە؛ وەڵڵا گرتی.

[دەستی دا بەیەکدا، دەمی تەقاند و ئەوەی لە دەمیدا بوو قوتی دا. دەستی هێنا بەدەمیدا و لووتی پاک کردەوە] ئیتر خاترجەم کوڕمان دەوێ. خوا بێ بەشمان ناکات. ئاخری خوا هات بەنزولەمانۆ و تۆی پێداین. ئێمەش بەپای پەتی کەوتینە کۆڵان بۆ گوێزەبان بەخشینەوە. جا کوڕە شیرینەکەم تۆ ئاواتەخواز بووی، دایکت هەر کچی دەبوو. لەگەڵ ڕێزان و چیمەندا دوو کچی تریشی مردبوو. خوا کوڕی پێ نەدەدا. ڕەعنا لە خوا دەپاڕایەوە دەیوت: «خوا گیان با کوڕم ببێ و بمرێ، با هەر جاریک کوڕ بەخۆمەوە ببینم». لای نیوەڕۆ سەعی هاتۆ بەسەرمانا. چاوی پێمان کەوت بەپای پەتی مەجەعمە بەسەرەوە لێمان توڕە بوو وتی: «جا من چیم کردە بۆ تۆ تا ئەو بیکات» وتم: «ئەوە کوڕی خۆمە، بەخوا هەر ئەوە بەکارم دێت» هەر چیم کرد و کۆشام نەیهێشت باقی گوێزەبانەکە بڵاوبکەینەوە. ئیتر ئەو دوایمان بەمنداڵێکا بڵاوکردەوە. لە خۆشی تۆ سەر تاوە خوار جلی سوورمان دروست کرد بۆ ڕێزان، کە کوڕی بەشوێن خۆیدا هێنابوو. ئیتر ڕێزان بوو بەپارچە زێڕینە. هەر ئەوەنە خۆشەویست بوو نەوێتۆ. ماشەڵڵا تۆیش بێ چاوینی بی دەتوت لە گوێت دەنەون. وەک تۆپەقەپان وابووی تێسمریاو، پتەو. شەش حەوت مانگان بووی بەقەدەر ساڵەوەختینەیەک دەبووی. لەبەر چاو و چڵە بەهەرچی کەس بوو دەمانوت ساڵێکیەتی. هەرچی نەخۆش

دەکەوتی گورج دەتمبرد بۆ لای حاجی کاک ئەحمەدی بابە شێخ، نوشتەم بۆ دەنووسیت خاس دەبویتۆ. [دەستی نا بەسینگییەوە و ڕووی کردە ئاسمان و خۆی لاواندەوە] دەک ڕۆڵە هیمەت و بەرەکەتی حازربێ و باڵکێشی سەرت بێ. لەناو چلە و حەوتا بووی، چاوەکانتم ڕشت. قۆچکەم بۆ دروست کردی، بەتۆزێ ڕێسمانی چەن دانە مورووە شینە و ئەو عەشرەفییەی کە مامەت پێی دابووی، دام لە قۆچکەکەت و لەناو چاوتا شۆڕم کردەوە [هەناسێکی هەڵکێشا و چاوەکانی پڕبوو لە ئاو] هەرچی ناوی ئەو عەلیە دایک بەوبەختە ئەوەم یان ئەکەومۆ بیری کلۆڵییەکانی، ئاورم تێبەر دەوێ [چاوەکانی سڕی و پەرەی داوە بەقسەکانی] زۆر نازاربووی؛ ئەم دایەنای ئەو هەڵیدەگرتی. ڕەسم وا بوو کوڕ یان کچ کە تۆزێک کۆتەڵ بوو سەری ڕەش بوو مووی لێ هات. عەشرەفی قۆچکەکەی بەمۆم بدەن لە قژی و لەبەر تەوێڵیدا شۆڕی بکەنەوە. لێی دەگەڕان تا درێژۆ دەبۆوە. دواجار لەگەڵ ئەوەڵ مەقەست کە دەیاندا لە قژی عەشرەفییەکەیان بۆ دەکرد بەخێر.

[دایەی دەستی کردەوە بەگیرفانیدا و چەندانێک مێوژی دەرهێنا لە دوورەوە خستیە دەمی؛ چاوی لە ئەیوب هەڵبڕی و سەیری تەزبێحەکەی کرد. چەندانێک لە ئیمامەکە بەملاوە ژماردی و دەرزییەکی لەبەر یەخەی کردەوە و دای لە تەزبێحەکە] کۆتەڵ ببوویت، کەوایەکی شۆڕی مەخمەڵمان بۆ دروست کردبووی. دەستماڵێکی بۆزی چڵک هەڵگرمان دابوو لەسەر شانو تا چڵمەکە و نەساوی بەسەر قۆڵتا. وەلێ هەمیشەی خوایی سەر قۆڵەکان و ڕەقەڵەی کردبوو... ئای هار بووی... ئای هار بووی. هەرچی منداڵ بوو بەدەستتۆ ئەڵئامانیان بوو. ڕۆژ نەبوو بەردەرگامان پێ نەگرن. یان سەری منالّیان شکابوو یا قاچی مریشک یا شووشە. دەتوت خەڵک چوونەتە سەر شێ حەسەن، خوا تۆ بەئێمە با بۆ گیانی خۆیان. هەمیشە دوو نوشتە لە بەرگی سەوزا بەشانتۆ بوو. دانێکی هینی بابەشێخ و ئەویتر هینی شێ عابی. نوشتەمان بۆ کردی نەوی بەچاوۆ، کەچی چاوی





عالەمێکت دەرهێنابوو.

دایەی بەدەم قسەکردنەوە چەن کوتێک بچووک لە مێوژەکە لە دەمیدا مابوو پەڕییە دەرەوە و یەکیان کەوتە سەر دەستی ئەیوب. ئەیوب ئیتر هۆشی بەلای قسەکانی نەنکیەوە نەما. هەموو سەرنجی کەوتبووە سەردەمی دایەی کە جارێکی تر هیچی لە دەم نەپەڕێتە دەرەوە. سەرنجی لە دەمی دایەی ترازا و ژێر چەنەکەی سەرنجی ڕاکێشا. لە بەین هەرچەن مورویەکدا عەشرەفییەک دانرابوو. موروەکان دووانەکەی ئەم سەر و ئەوسەری پیرۆزەیی بوون و دووانەکەی ناوەڕاست - کە گەورەتر بوون - بەڕەنگی قاوەیی دانرابوون. لە بەین ئەم دوو موروەشدا یاقوتێکی درشت دانرابوو. ئەوسا لە بەین دوو موروە پیرۆزەییەکەدا عەشرەفییەک دانرابوو. بەدەم قسەکردنەوە عەشرەفی و یاقوتەکان دەلەرینەوە. قولاپی ژێر چەنەکەی کە توندی کردبوو بەکلاوپێچەکەیدا، سێ دانە نیتکەی بچووکی پیرۆزەیی پێوە کرابوو. کەزیەی وسمە و خەنەی لێ دابوو لە ژێر سەرپێچەکەیەوە دەرکەوتبوو بەلاجانگیدا هاتبووە خوارەوە. چەناگەی چەن چڵێک مووی سپی لێ دەرهاتبوو. ژێر چەنەکەی غەب غەبەکەی کردبوو بەدوو کەرتەوە. شێوەی کراوە و ڕوون. گەرچی تەمەنیشی زۆر بوو بەڵام پێستی هێشتە ساف و جوان بوو. سەرگۆناکانی ئاڵ، لێوی قەیتانی و باریک، ئەگەر زوو زوو تەڕی نەکردایە ئەیوب دەترسا کە لێوی بترەکێ و خوێن لە چەناکەی دایەی بێتە خوارەوە. دیانە عەمەلیەکانی یەک تۆز بەدەمی شل و زوو زوو دەمی دەنا بەیەکدا تا دیانەکەی جێگەی خۆ بگرێتەوە. دایەی هەستی بەوە کردبوو کە ئەیوب خەیاڵ بردوویەتیەوە. تەزبێحەکەی دەستا و دەست کرد و هێواش دنەی ئەیوبیدا تا بێتەوە سەرهۆش و گوێ بۆ قسەکانی ڕابگرێ:

جا کوڕە جوانەکەم [ئەیوب سەیری دایەی کرد] یەکەم جار کە من زانیم دایکت پێی ناخۆشە تۆ بەمنەوە بلّکێی پایز بوو، کولەکە پێگەیشتبوو.

مالّی پورت و مامە عەلیت و پێم وابێ دایکی ڕەعناش هاتبوو. کولەکەم خستە ناو دێزەیەک و دەرگاکەیم قوڕدا و نامە ناو تەنور تا جوان بپیشێ. بەدەم ئەم گشتەکارەوە هەر بەکوڵمەوە بوی. دایکت لە ڕۆژا زوو زوو تۆی لێ دەکردم دەیوت مەمکم بۆی دەجۆشی. هەموو لە دەوریەک بەخۆشی نانی نیوەڕۆمان خوارد. مەوجێکمان ڕاخست تا لەسەری بەموبارەکی قژت هەڵبپاچین و کاکۆڵەت بۆ بهێڵینەوە. عەشرەفییەکە تا بەر لووتت بگرە خوارتریش هاتبوو. لەسەر ئەوەی کێ یەکەمجار مەقەست بدات لە قژت هەموو ماتڵ بووین. چون ڕەسم وایە دەشێ گەورەی ماڵەکە ئەم کارە بکات. من وتم با دایکی ڕەعنا لێی بدات. بەحورمەتی ئەوەی کە میوانە. وەلێ قەبوڵی نەکرد. ئاخری هاتۆ سەر خۆم. کەچی ئەو دایکە گەوجەت لەبەر چاو ئەو گشتە خەڵکە مەقەستەکەی لە دەست ڕفاندم و بەبێحەیایی وتی: «وەڵڵا کوڕی خۆم، خۆم هەڵی ئەپاچم» قژە هەڵپاچیا. ئەڵبەو منیش هەر بۆ خەسوی خۆم هەروا بووم. پێم ناخۆش بوو کوڕەکەم بگرێ بەدڵۆ؛ ئاخری گردیشی بەدڵۆ و هەر بوو بەکوڕی ئەو. کوڕە جوانەکەم ئێستەش سوێندی گەورەی بەقەوری دایە مینە. منیشی بیر ناکەوێتۆ. ئەڵبەو بەر لەوەی ژن بێنێ باشتر بوو. وەلێ دوای ئەوەی کەوتە ناو ئەم هاجوج و ماجوجانۆ لە من بڕا.

حاجی ژن چاوەکانی پڕ بوو لە ئاو و لێوە ناسکەکانی هەڵقورتاند. بەگۆشەی ڕووسەریەکی چاوی پاک کردەوە. فرمێسکێک لە چاوی گلا و لەسەر گۆنای نیشتەوە. بەهۆی کاردانەوەی تیشکی هەتاو کە دەیدا لە پەنجەرەکە دەدرەوشایەوە. ئەو تنۆکە چاوی ئەیوبی گرت. حەزی دەکرد دەستی بۆ ببات. بەڵام نەیدەتوانی. ئەو گۆنا ساف و بێ گەردەی دایەی جوانتر و گەشتر ببوو. حەزی دەکرد بریا بەردەوام ئەو تنۆکە لەسەر گۆنای ببووایە. دایەی دەستی هێنا بەگۆنایدا و تنۆکەکی پاککردەوە. چاوی ئەیوب لەگەڵ دەستی دایەی ڕۆیشت و چووە ناو دنیای خەیاڵەوە. دایەی





سەرنج و نیگای ئەیوبی دەناسی؛ خۆی دروستی کردبوو. لە داوێنی خۆیدا باڵای گرتبوو. دەیزانی تازە بۆی نایێتەوە بەرخوان و سەرنجی بۆ کۆ نابێتەوە. بەڵام ئەم شاخە، ئەم کێوەروش و ڕووتەنەکە هەموو جوانییەکانی سروشتی لە دەست دابوو، ئێستە بۆ دەیویست خۆی لە پەنای ئەم گردە بچووکەدا حەشار بدات کە لە بەرکاو و پێدەشتی خۆیدا سەری هەڵدابوو. ئەم پیرە دارە بەساڵاچووە بۆچی دەیویست خۆی لە سایەی ئەم خەڵفە تازە ڕواوەدا حەشار بدات و دامرکێنێ کە لە ناو لق و پەلەکانی خۆیدا ڕسکابوو، ڕوابوو. لە ڕاستیدا بەم خۆ حەشاردانە، دەیویست تۆڵەی مەراقێکی دێرینە کە چەنها ساڵ لەگەڵ خۆی هێنابووی، کە دەبوو لە خەسوی بکاتەوە، دەویست لە بوکەکەی، لە ڕەعنای بکاتەوە. جگەرگۆشەکەی ئەو بنێ بەدڵیەوە و پۆی خۆشویستنێکی لەدەست چووی پێوە بنێ. حاجی ژن خۆی دەیزانی کە خۆی پەنادەری خەڵوەتەکانی ئەیوبە. ئەم نەبوایە ئۆقرەی نەدەشکا و دانەدەمرکا. دایەی بۆ وەئاگاهێنانەوەی ئەیوب لاوێچێ مێوژی کردە دەست ئەیوب و پەرەی بەقسەکانی دا:

– منیش بەتەمای هیچیان نیم. ئەزانم ئەو تازە گیری خواردە و کوڕ تازە تەواو بوو. چەرمەسەریی خۆی هەیە و ناتوانێ تازە چاوی لەمنەوە ببێ. داماو هەر بتوانێ سکی ئەم سەگ و گورگانە تێر بکا خۆی کلورێکە. بەخوا بێت و ژەمێ نانیان نەوێ، سەری ئەو بەو بەختەیش ئەکرێننۆ. لەناو گشتیانا هەر تۆ بەکار دێی کوڕە شیرینەکەی دایە.

گەرچی حاجی ژن بەپێی تەجروبە دەیزانی کە ئەم خەڵفە، کەسێکی تر لە سایەی دادەنیشێ؛ هەروا کە سەعی کەسێکی تر لە سایەی دانیشتبوو؛ هەروا کە حاجی ڕەحمەتی، ئەم لە سایەی دانیشتبوو. بەڵام هەستێک لە دەروونیدا هانی دەدا ببێت بەلەمپەر لە نێوان ڕەعنا و کوڕەکەیدا. ئەم کارەشی بۆخۆی بەڕەوا دەزانی. هەستی دەکرد بەم شێوە ئەو گرفتە

دەروونییەی چارەسەر دەبێت.

ئەیوب هیچ ئاگای لە قسەکانی دایەی نەبوو. بێدەنگی ژوورەکە، سەرنجی ڕاکێشاو هێنایەوە سەر هۆش. تاک و تراک قسەکانی دایەی بیر دەکەوتەوە و دڵی پێ دەسووتا. بەڵام نەیدەزانی چی بکات. هەستی بەنەفرەتێک دەکرد لە خۆیدا. نەیدەزانی بەهۆی قسەکانی دایەوەی بوو، یان هینی ترسەکەی بەیانی بوو کە لە دەروونیدا سەری هەڵدابوو، ئێستەش بنچڕەکەی مابۆوە و هەژاندبووی. دەبوو بڕوات. هەستی دەکرد دەبێ بڕوات و پەنا بباتە بەر خەڵوەتی خۆی و خۆی ئارام بکاتەوە. لەگەڵ ئەو دێوەزمەی - کە لە دەروونی دایە - بەشەڕ بێت و لە خۆی دەراوێژێ.

دایەی سەیری ئەیوبی کرد؛ هەر چۆن کە لێی ڕوانی هیچ چەشنە پێوەندییەکی لە نێوان خۆی و ئەودا بەدی نەدەکرد، ئەیوب ڕۆشتبوو. تەزبیحەکەی خستەوە گیرفانی و چۆوە لای جلە میراتییەکانی حاجی ڕەحمەتییەوە. تەنیا شتێ کە هەتا خاوەنەکەی مابوو قەد قسەکانی ئەمی نەبیستبوو. هەموو جارێ ئەم قسەی حاجی بیردەکەوتەوە و دەیوتەوە: «حاجی دەیوت قسەی ژن ببیستە وەلێ بەقسەی مەکە». بەڵام هەموو نهێنییەکانی خۆی بۆ باس دەکرد. حاجی ژن، جلەکانی لەسەر چارەکەیەک بڵاوکردەوە تا ئەو گوڵ و توتن و مێخەکانەی کە لە تۆیاندا بوو ژوورەکە پیس نەکەن.

ئەیوب وەک خەیاڵ لە ژوورەکە دەرکەوت. هێدی چووە ژووری میوانخانە و دەرگای لە خۆی بەست، لە سوچێکدا دانیشت. هەردوو ئەژنۆی گرتە باوەشی و چاوی بەناو ژوورەکەدا گێڕا. مێشکی بۆ کۆوەنەدەبوو. بەنابەدڵی و بێهێزی هەستا. بڕێک بەناو ژوورەکەدا ڕوانی. یەک دوو شەقی توڕدا، بەڵام هێز و توانای لەگەڵ خۆ شەڕکردنیشی نەبوو. تەنانەت توانای ئەوەشی نەبوو بیر لە عەزۆ بکاتەوە. دەیویست کارێک بکات تا لە





خۆی دوور بکەوێتەوە، یەک دەور بەناو ژوورەکەدا پیاسەی کرد سەیری قاپی عەکس و قەتحەکانی کرد کە پڕ بوون لە ڕەسمی بچووک بچووک لە هینی خزم و کەس. لە پاڵ قەتحەکان کە لەسەر ڕەفەکە دانرابوو؛ ئەو کاسانەی - کە پڕ بوون لە وردە دان و خواردەمەنی - سەرنجی ڕاکێشا. دەیزانی کام جام و کاسە چی تێدایە. ئەمانەی پێشەوە مێوژ و هەنجیر و سینجو و جارجاریش تو شیرینی تێدا گیر دەکەوت.

ئەوانەی دواوەش کاکڵە و دانگۆیان تێدابوو. ڕوانیە دەوروبەری خۆی؛ سەیرێکی ڕەفە و قاپەکانی کرد و سەیرێکی پشتی و سەرینەکانی کرد کە بەدەور ژوورەکەدا ڕیز کرابوون. لە بەردەمیشیاندا پەتو ڕاخرابوو. گورج چەن باڵنجێکی لەسەریەک تەڵەکە کرد و چووە سەریان تا دەستی بەقاپەکانی بن ڕەفەکە بگات. پەلی کوتایە ناو قاپەکانی پێشەوە و لە هەموویانی خوارد. پاشان بەپەلەکوتێ دەستی کێشا بۆ بن ڕەفەکە. سەر پەنجەکانی کەوت لە قاپێک. بەڵام دەستی پێ نەگەیشت. دەستەکەی تری گرت بەڕەفەکەوە و خۆ هەڵهێنا. بەڵام ژێر پای بۆش بۆوە و بانجەکان ترازان، بەپێ دانانی باڵنجەکان داچوون و ئەیوب خلێر دەبێتەوە، لەگەڵ دەستی چەن قاپێک دەکەونە خوارەوە. هاوکات لەگەڵ زرمەو بەربوونەوەی و تەق و کوتی کاسە و قاپەکان چیمەن و ڕێزان لەگەڵ ڕەعنا خۆیان کرد بەژوورەکەدا. ئەیوب دەمی لە وردە دان ئاخنی بوو، دەستی ڕاستی پڕ لە کاکڵە. چیمەن حەپەسا و بەس سەیری ناو ژوورەکە و ئەیوبی دەکرد. ڕێزان بەس دەیڕوانیە چیمەن تا بزانێ ئەو چی دەکات؛ ئەمیش وێڕای ئەو تێوەبچێ. ڕەعنا سەیری چیمەن دەکات. بەچاکی دەزانێ پێش ئەوەی کە بەخۆیدا بێتەوە دەربازی بکات. ئەیوب هەست بەشەرمێکی گران بەرانبەر بەم ڕووداوە دەکرد. لە شەرمی خۆیدا پێ دەکەنی و سەردادەکات. ڕەعنا لە ترسی ئەوەی ئاژاوە ساز نەبێتەوە ئەیوب دەداتە بەر چەپۆک. ئەیوب دەچێتە خوارەوە. بەڵام زۆر چاک لێی ڕوونە ئەم کارە بەبێ تۆڵە نابێ.

دایکی گەڕاوە بۆ لای چیمەن و ڕێزان تا لە کۆوەکردنی ژوورەکەدا یارمەتیان بدات و ئاژاوەکە هێشتە نەتەقیبۆوە دەم کوتی بکات. بەڵام ڕێزان و چیمەن ژوورەکەیان بەجێهێشت و لەپاڵ پەنجەرەکە دانیشتن. چیمەن دەستی کرد بەگریان و ڕێزانیش وێڕای ئەو دای لە پرمەی گریان. ئەم دوو خوشکە گەرچی زۆر پێکەوە کۆک نەبوون، بەڵام لە کاتی مەترسی و پێویستدا لایەنی یەکیان بەر نەدەدا. چیمەن وتی:

– خەتای ئێوەیە ئەم جوانەمەرگەتان ئاوا لێ کردە. یاخوا خوالێتان بسێنێ. ئەم سەرەخۆرەی جوانەمەرگە... یاخوا بێ بەژێر ماشێنۆ.

هەردوو خوشکەکە دەنگیان دابوە دەنگ یەک و قسەیان بەئەیوب دەوت و دۆعایان لێ دەکرد و دایکیشی بەتوڕەییی لەسەری هەڵقڕا:

– یاخوا دەمتان بشکێ، قەزای بکەوێ لە هەردووکتان.

ڕەعنا هەستی بەوە کردبوو ئەگەر ئەم جوتە بچنە خوارەوە ئاژاوەکە وەک ئەوەی بەیانی گەورە دەبێتەوە، ڕووی کردە کچەکان وتی:

– هەستن قەیناکات کچەکانم خوا لێمی بسێنێ بێژم چی...

چیمەن بەگریانەوە نەیهێشت قسەکانی دایکی تەواو بێت وتی:

– چی قەیناکات؟ مەگەر خۆت پاکی ئەکەیتۆ؟ چی لە تۆیە... شان و قۆڵی تۆ دادەکەوێ؟

ئەمجار ڕەعنا بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لایەنی کچەکانی گرتبێت بەهەڕەشەوە وتی:

– ئەوە بۆ وا هاربووی، شەرتبێ شکاتی باوکت لێ بکەم بتکوژێ.

چیمەن بەگریانەوە وتی:

– ئەی شکاتی لێ ناکەی. ئێوە دڵتان دێت شکات لەم سەر ئاسنینە کەن.

ڕێزانیش وێڕای چیمەن وتی:





– ئەرێ وەڵڵا ئێوە قەزای ئەو دەخەن لە ئێمە. هەرگا وایە یاخوا، خوا لێتان نەبیستێ و قەزای ئێمەی لێ بکەوێ.

پاشان برێکی تر جوابەجەنگێ لەگەڵ دایکیان، هەردووکیان چوونە خوارەوە، ئەیوب خۆی لە مەترسیدا دی. زۆر چاک بەرەفتاری خوشکەکانی ئاشنا بوو. گورج هەڵاتە حەوشە تا مەجالی دەرچوونی هەبێت. لە حەوشەوە سەیری پەنجەرەی ژوورەکەی کرد. چیمەن هەلی دەرفەت زانی هەڵیکوتایە سەری. ئەیوب گورج بەخۆیدا هاتەوە و بەپێ خاوسی و قیژە قیژ هەڵاتە کۆڵان. چیمەن و ڕێزان یەکی تاکەوشێکیان بۆ توڕدا، کە دانێکی بەرشانی کەوت و ئەوی تر پێش خۆی گەیشتە بەردەرکی کۆڵان. ڕەعنا کچەکانی دامرکاندەوە و پێڵاوەکانی ئەیوبی گرت بەدەستەوە و بۆی برد بۆ کۆڵان.

ئەیوب لە خۆشی ئەوەی کە دایکی پێڵاوی بۆ هێناوە بەرەوڕووی چوو. ڕەعنا پێڵاوەکانی پێدا و توند پەلی گرت. هەر لەبەر دەرگاوە بەپەلێ کوتێ و کێشمە کێشم بردیەوە بۆ مەدرەسە. ئەیوب لە ڕێگەی هەرچی کرد نەیتوانی خۆی لە دەست ڕەعنا نەجات بدات یان پەشیمانی بکاتەوە:

– دەی خۆ کتێب و دەفتەرەکانم پێ نییە.

– قەیناکات، هەر بڕۆڕۆ بۆ مەدرەسە هیچت ناوێ.

– ئاخەر ئاخە مەعلیم ئەمکوژێ. ئاغە

– کوا نەجاتم بوایە بەدەستتۆ.

ئەیوب کە خۆی دیبیەوە، دی وا لەبەر دەرگای ڕەئیسی مەدرەسە. دایکی بەبێ چارشێو کردی بەژوورەکەدا. ڕەئیسی مەدرەسە بەسەرسوورماوی سەیری ڕەعنا و ئەیوبی کرد وتی:

– چ خەبەرە؟

ڕەعنا دەستی ئەیوبی بەردا . ئەیوب لە پشت دایکییەوە خۆی شاردەوە، دایکی وتی:

– وەڵڵا قوربان ئەم بەیانییە خۆی کرد بەنەخۆش، کەچی تەماشا دەکەم ماڵەکەی ناوە بەتەوقی سەرەوە، منیش گورج پەلیم گرت و هێنامەوە بۆ مەدرەسە.

ڕەئیس سەیری سەعاتەکەی کرد. ئیزنی ڕەعنایدا و دەستی نا بەجەرەسەکەدا. کۆتایی سەعاتی دووەم بوو. منداڵەکان بەقیژە قیژ هاتنە حەوشە. لە پاش چەن دەقەیەک بەردریا و پەنجەرەی ژووری ڕەئیس پڕ بوو لە منداڵ. مامۆستاکانیش یەکە یەکە لە ژوورەکەدا کۆبوونەوە. هەموویان دەیانناسی، لە تەواوی مەدرەسەدا ناسرا بوو. زەنگی چوونە سەر کلاسی منداڵەکان لێدرا. هەموویان بەڕاکردن و هەرا هەرا چوونەوە سەر کلاس. ئەم دوو سەعاتەی دوایی کەمابۆوە، مامۆستا لە پێشدا مەشقی ئارشی کەمانگیری تەماشا دەکرد، پاشان دەرسەکەی دەپرسییەوە، سەعاتەکەی تریش منداڵەکان ئینشایان دەخوێندەوە.

سەعاتی یەکەم تەواو بوو. منداڵەکان دەفتەری ئینشاکەیان ئامادە کردبوو. مامۆستا هاتە ژوورەوە. منداڵەکان لەبەری هەستان، سەیری منداڵەکانی کرد. ئەیوب خۆی بچووک کرد بۆوەتا مامۆستا چاوی پێی نەکەوێ. بەڵام مامۆستا یەکەم کەس ئەوی بانگ کرد تا ئینشاکەی بخوێنێتەوە. ئەیوب بەترس و لەرزەوە دەستی هەڵ هێنا کە نەیهێناوە. مامۆستا ئیزنی دانیشتنی پێدا. مامۆستا هەڵبژاردە چەن منداڵێکی بانگ کرد تا ئینشاکەیان بخوێننەوە. سەردێڕی ئینشاکە ئەمەبوو: «پار هاوین چوون بۆ کوێ؟» لەسەر کلاس مامۆستا هەڕەشەی ڕۆژی شەممەی لە ئەیوب کرد کە دەبێ هەم ئینشا و هەم مەشقی تازە و کۆنە بنووسێتەوە و لەبەری بکات.



## بەشی پێنجەم

چەن ڕۆژێک لە دزینی شێر شێر تێ پەڕیبوو. گورگی چاک ببۆوە. تەنانەت ئەیوب شەڕێکی پێکردبوو. منداڵەکان، لە هەموو ڕۆژەکانی تر زووتر لە ماڵ دەرکەوتبوون و لەکەلاوا کۆببوونەوە. هەموویان لە پەژارەی گورگی و توتکەکانیدا بوون. شارەوانی کەوتبووە ناوشار سەگە بەرەڵڵاکانی دەرمانخوارد دەکرد. لەناو شاردا کاغەزی بڵاوکردبۆوە کە «سەگ نەخۆشی هاربی پێوەیە؛ لەهەر شوێنێکدا دیتتان و پەلاماری دان. ئاگادارمان بکەنەوە». پاشان ماشێنەکەشیان بەناو شاردا دەگەڕاو بانگەوازی دەکرد و خەڵکی ئاگادار دەکردەوە. چەن کەسێک شکاتیان کردبوو کە سەگ پەلاماری داون. ئێستە منداڵەکان لەوە دەترسان خەڵکی گەڕەک شارەوانی

ئاگادار بکەنەوە. چون گورگی لەپاش دزینی شێر شێرەوە هەڵمەتی بۆ خەڵک دەبرد. هەر ئەوەندەی بەبەر کەلاواکەدا بڕۆیشتایەن لێیان دەوەڕی. لەلایەکی تریشەوە، منداڵەکان دزی شێر شێریان پەیدا کردبوو.

ئەیوب بەلای گورگییەوە وەستابوو. گورگی بەپاشدا کەوتبوو لاقێکی هەڵ هێنابوو بۆنی بەپێڵاوەکانی ئەیوبەوە دەکرد کە دەیهێنا بەبەرسک و ناو پایدا. حەتۆ، بلە، سمایل و بێهروز لەسەر دیواری کەلاواکەدا دانیشتبوون. سامان بەلای سەعی و ئازادەوە وەستابوو کە یەکی توتکێکیان بەباوەشەوە بوو. دەیاندان بەیەکدا، توتکەکان چنگیان بۆ یەک هەڵدەدا و قەپیان لەیەک دەگرت. حەتۆ ڕووی کردە ئەیوب وتی:

– دەبیاشە چی بکەین لەو هەتیوە

ئەیوب بەدەم قسەکەی حەتۆوە ڕووی وەرگێڕا و هەنگاوێک لە گورگی دوورکەوتەوە. گورگی سەری کرد بوو بەناو پایدا و بن کلکی دەلستەوە. ئەیوب یەک تۆز ڕاما و پاشان وتی:

– بەلاواپی ئێژین. هێنایەوە ئەوە باشە؛ نەهێنایەوە بەزۆر لێ ئەسێنینۆ.

بلە کە لەبەین حەتۆ و بێهرۆزدا هەڵتروشکابوو وتی:

– من کە هاتم لەبەر حەمامی حایشەریف مێشێنی دەکرد.

هەموویان لەسەر دیوارەکە پەڕینە خوارەوە و خۆیان تەکاند. ڕەزا کە تازە لەڕێوە هاتبوو وتی:

– دەی ماتلی چین بابڕۆین.

ئەیوب بەسەر گورگیدا چیچکانەی کردبوو، دەستی دەهێنا بەسەریدا و نەوازشی دەکرد.

بێهرۆز ڕووی کردە ڕەزا وتی:

– ئێژی چی لە خۆتۆ. هەر لەڕێوە هاتووی ئێژی دەی بابڕۆین. ئەسڵەن ئێمە بۆ کوێ دەچووین؟.

ڕەزا بەپێکەنینەوە وتی:





– بۆ کوێ؟ بۆ لای عەزۆ [ڕووی کردە منداڵەکان و بەپێکەنینەوە سەرێکی ڕاوەشاند– ئەشاباوە ئەمانە؛ من خۆم بەئەیوبم وت عەزۆ توتکەکەی بردە بۆ قۆپی فەرەج دایشاردە.

ئەیوب هەستا سەرپێ وتی:

– دەزانن ئێوە چی دەکەن [بەهێنانی وشەی ئێوە خۆی لە دەستەی منداڵەکان هەڵبوارد] ئێوە بچن بۆ لای، چونکە ئەگەر من بێم و بێژێ نایدەمۆ ئەوێ بەشەڕمان؛ حەز دەکەم بەلاوا ئێوە بڕۆن تا بزانم چی دەکات.

ئەیوب ترسەکەی لە منداڵەکان شاردبۆوە و وای نیشان دەدا کە خۆی لە شەڕ دەپارێزێ پەرێشانی لە ڕواڵەتیدا دەبینرا نەوا منداڵەکان زەختی لەسەر بکەن بۆ ڕۆشتن بۆ لای عەزۆ. سمایل لێی نزیک بۆوە ترسێکی سەیر نیشتە گیانی ئەیوب و تف لە دەمیدا وشک بووە لەگەڵ سمایل ڕوویان کردە یەک و سمایل وتی:

– بۆ وا ڕەنگت تێک چووە، سەرت ئێشێ؟

ئەیوب شەڵەژا بوو، سەرو دەستی ڕاوەشاند وتی:

– نە... وام لە بیری شێر شێردا. نازانم ئەو هەتیوە چی لێ کردە. دوای ئەوەش لە شارەوانی دەترسم بێت دەرمانیان بۆ بخات.

ئەیوب لەگەڵ سمایل درۆی کرد بوو؛ بەڵام لەگەڵ خۆی درۆی پێ نەدەکرا. خۆی دەیزانی ئەم تێکچوونەی بەهۆی ترسەوەیە، ترسی لە دەروونی خۆیدا ناسی بوو. ترسی لە ڕووبەڕووبوون. بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانێ لە ڕوویدا بوەستێ. بەوەش کە بیری لە ڕووبەڕووبوون دەکردەوە هیوای بەخۆی بوو. دەستی هێنا بەسەر خۆیدا و لە کەلاواکە خەریکی پیاسەکردن بوو. لە پەرێشانی دەروونی خۆیدا شەقی لە بەرد هەڵدەدا و لەبەرخۆیەوە هەڕەشەی دەکرد و جنێوی دەدا. خۆی کرژ دەکردەوە، کە بەم ڕەفتارانە دەیویست ئەو تەوژمەی کە لە دەروونیدا هەڵیدابوو خاڵی

بکاتەوە و لە خۆی دەراوێژێ. بەردی هەڵدەگرت و توڕی دەدا بۆ دیوارەکەی بەرانبەر. بەدەم بەردەکەوە خاک و خۆڵ و گڵمتک دادەباری. بەم کارە هەستی بەسووکی و ئارامی دەکرد، بەم چەشنە هەوڵی دەدا بەسەر خۆیدا زاڵبێتەوە. گورگی کلکی خستە ناو پای و بەترسەوە هەستا، بەگاڵەگاڵ چووە ئەولاترەوە تا لەبەر بەردی ئەیوبدا نەبێ. بەهەر بەردێک کە هەڵی دەگرت گورگی سەیری دەستی دەکرد و دەینوزاند؛ گوێی قوت دەکردەوە کلکە سووتێی بۆ ئەیوب دەکرد. بەتوڕدانی بەردەکە گورگی شوێن ڕەوتی دەگرت، کە دەدرا بەدیوارەکەدا تەکانێکی دەخوارد.

منداڵەکان ئەیوبیان بەم حاڵەوە بەجێهێشت، بێ ئەوەی پێی بڵێن بەرەو لای عەزۆ وەڕێ کەوتن. حەتۆ و سمایل لە پێشەوە دەڕۆیشتن و ئەو سیانەی تر بەدویاندا. لە چەن کۆڵان تێپەڕین و گەیشتنە بەر ئاشی حایشەریف. لە بەردیواری ئاشەکە وەستان. دەنگی هاڕەهاڕی مەکینەی ئاشەکە دەهاتە دەرەوە. بەرانبەر ئاشەکە مەدرەسەی کچانەی ناهید بوو. دەنگی خانم مەعلیمەکەیان دەهاتە کۆڵان کە بەدەنگی بەرز دەرسی پێ دەوتن. دەستەیەکی تریش لە حەوشە خەریکی تۆپێن بوون. لە بەردەرگای ئاشەکە چەن کەسێک خەریکی بار خاڵی کرد بوون لە وانیتێک. چەن داشەقە و ئەسپ و دوو سەیارەی تر لە سەرەدا وەستابوون. ئەسپەکان توبەرەیان بەسەردا کرابوو، خاوەنەکانیان بەسەر بارەکانیانەوە نوستبوون. دوو زەلام بەدەنگە دەنگ لە دەرگای ئاشەکە هاتنە دەرەوە؛ ئەوەیان وا تۆزێک پیر بوو مشکییەکی بەسەرەوە بوو. لەگەڵ ئەو دانەی تر کە دفتەرێکی بەدەستەوە بوو دەیوت:

– قوربان! تۆ خاس لێ ورد بەرەوە، وەزات خوا ئیرادی نییە.

کابرای دەفتەر بەدەست توند توند هەنگاوی هەڵدەگرت و بەدەم ڕێوە دەیوت:

– باوە گیان! من چەن ساڵە ئەمە کارمە. ئەم گەنمە بۆ چاڵی گرتە. دوای





ئەوەش خەوش و خۆڵی زۆرە.

– قوربان! وەزات خوا ئەوە وەچاو مەرحەمەتەوە لێو نەڕوانیە. تۆ وەچاو مەرحەمەت تواشای کە...

دوو کابراکە بەبەردەم منداڵەکاندا تێپەڕین و پەرەیان دا بەقسەکانیان منداڵەکان سەیری بەر حەمامیان دەکرد و چاویان بۆ عەزۆ دەگێڕا. لەپاڵ دەرگای تونەکە پاڵی دابوو بەکۆڵەکەی بەرقێکەوە و سەیری مێشێنی دەکرد. منداڵەکان وەک بەیەکتری نیشان بدەن تێکڕا ئەنگوستیان بۆ ڕاکێشا. سمایل رووی کرد. بێهروز وتی:

– بیهرۆز بچۆ بانگی کە.

بێهروز بەتووڕەیی سەیری سمایلی کرد. وای دەنواند کە هەرەکی نییە بچێت یان من بوو. منداڵەکان سەیری بێهروزیان کرد و لێی ڕامان. لەژێر وزەی سەرنج و نگایاندا خۆی نەگرت، ڕاستەوخۆ سەیری سمایلی کردەوە. بەلام سمایل دڵ قورسی کرد و بەئاماژە پێی حاڵی کرد کە بچێ. بێهروز بەرەولای عەزۆ بەڕێکەوت. لە دوورەوە چاویان بەیەک کەوت. بێهروز بەئاماژەی سەر بانگی کرد. بەلام عەزۆ خۆی گێل کرد. بێهروز خۆی گرژ کردەوە و بەدەنگی بەرز بانگی کرد:

– عەزۆ بێ بۆ ئێرە.

عەزۆ یەک تۆز سەیری کرد و بەشێنەیی چوو بۆ لای. بەدەم ڕێوە شەقی لەبەر هەڵدا و پای نا بەمیتەیەکدا . چەن جنێویان پێدا؛ بەلام خۆی نەکرد بەساحێوی جنێوەکان. دەستی نا کەمەری و لەبەردەم بێهروزدا وەستا وتی:

– ئا. فەرمایشت.... چی ئێژی؟

بێهروز بەسەر ئاماژەی کرد بەسمایل و ئەوان، خۆی بەرەو لایان ڕێکەوت. عەزۆ بەشێنەیی وەدووی کەوت و لەبەردەمیاندا خۆی بلاو کردەوە، کەوت بەسەر لاقێکیدا و دەستی فش کردەوە وتی:

– بەڵێ: سەریشی لەگەڵی ڕاوەشاند و تەماشای منداڵەکانی کرد کارتان بوو؟

حەتۆ لە پشت منداڵەکانەوە وەستا بوو؛ پاڵی دابوو بەدیواری ئاشەکەوە وتی:

– شێر شێر تۆ دزیتە بی هێرەرۆ.

عەزۆ بەشێوەی ڕاشکاوی قسەکەی حەتۆدا زانی بۆ ئەوە نابێ خۆی هەڵە بکات، باسەکەی گۆڕی وتی:

– گەلە کۆمەکێیە؟

سمایل هەنگاوێک چووە پێشەوە وتی:

– ئێمە بۆ شەڕ نەهاتین.

عەزۆ خۆی زیاتر فش کردەوە و سەر و سینگی هێنا پێشەوە.لاوە لا سەیری حەتۆی کرد وتی:

– شەڕ؟ [پێکەنی و دەمی خۆی لارکردەوە] نەخێر بەشکم بڕێکمان لێبدەن.

بلە لە پشت سمایلەوە وتی:

– بەشکمی ناوێ زۆری پێ ناچێ.

عەزۆ دەستی بۆ بلە ڕاکێشاو سەری بردە پێشەوە وتی:

– ئەوەنیت... حاڵی بووی ئەوەنیت.

– وا قسە مەکە ئەینا...

عەزۆ نەیهێشت قسەکەی تەواو بێت. پەڕیە ناو قسەکەی و شەقی لە بەردێک هەڵدا، بەردەکە درا بەقولاپەی بلەدا، بەکەڵەسەری وتی:

– ئەیناچی؟... ها؟ [پاڵێکی نا لە سمایلەوە کە لەبەردەمیدا وەستابوو خستی بەسەر بێهروزدا] هەر کارێک لە دەستان دێت بیکەن. کام کەل





سەختە بیگرن. تازە ئەگەر بەن لە قینم ئەوانی تریش ئەوەم کەسیش ناتوانێ بەرم بگرێ.

بلە دامۆکابۆو بەهەردوو دەستی قولاپەی گرتبوو. سمایل لەم کەڵەسەری عەزۆ توڕە دەبێ و دەستە و یەخەی یەک دەبن. حەتۆ و بێهروز کەوتنە بەین و لەیەکیان جیا کردنەوە.

ڕەزا پاڵی نا لە عەزۆوە بردیە لای دریای مەدرەسەکە. حەتۆ و بێهروز سمایلیان هێدی کردەوە.

عەزۆ دیسان خۆی فش کردەوە بەهەڕەشە وتی:

– هەر ئێستە دێم بزانم کامتان پیاون بەرم بگرن. دێم گشتی ئەوەم پیاویش نابینم بتوانی بەرم بگرێ. حاڵی بوون [بەدەست لەگەڵ قسەکردنەکەشیا هەڕەشەی دەکرد] دایکێشن بڕۆن.

حەتۆ وتی:

– ئەوەنیت بوێری توتک لە ئەیوب بدزی تۆ ئەسڵەن ناوێری ڕووبەڕووی ئەیوب بڕۆی.

عەزۆ پێکەنی و سەری ڕاوەشاند وتی:

– ئەیوب؟ ئەیوب کێیە؟ لای ئێوە بنیادەمە. هەزاری وا ئەوەم بۆ ئەو چەمە ئەی پەڕینمۆ ناهێڵم قولاپەی تەڕ بێ. حاڵی بووی. دەیدەم بەشانما. هەزاری وام بردەتە قۆپی. ئیتر خۆتان ئەمناسن و بیستیشتانە. دەزانن تەنیا قسە نییە. [ڕووی کردە حەتۆ بەتەوس و پێکەنینەوە وتی] ئەگەر چوبتۆ پێی بێژە بەکاک ئەیویت کچ دەس بەبەربۆ ئەگرێ، هۆشی دواتۆ بێ... ئیتر دایکێشن بڕۆن. دەی بڕۆ تۆ بۆ لای کاکە ئەیوبتان؛ هێری. بێهروز لەم قسەی عەزۆ تووڕە دەبی و بەتوندی هەڵمەتی بۆ دەبات. بەدەم پەلامارەوە چەن مشت و شەقی تێ دەسرەوێنێ. عەزۆش دێتە دەستە منداڵەکان دەیکەن بەشەڕە ناوجێی، گەمارۆی عەزۆ دەدەن، بەدەم جیاکردنەوەوە

دەیگرن تا بێهرۆز چاک دەیکوتێ. لاچاوی عەزۆ دەئاوسێ سمایل و ڕەزا بەپاڵەپەستۆ عەزۆ بەرەو پردی مشیر دەبەن. سمایل لە نیوەی ڕێگە دەگەڕێتەوە. بەڵام ڕەزا بەجێی ناهێڵێ. لەپاڵ پیر شەلاڵی ڕایدەگرێ عەزۆ لە دوورەوە جنێو دەدات و هەڕەشەیان لێ دەکات کە دەبێ تۆڵەی خۆی لە هەموویان بکاتەوە. دەلەرزی. تفی کردەوە، ناو دەمیشی خوێنی لێ هاتبوو. لێوە لەرەی پێ کەوتبوو. ڕکوقین گەرووی گرتبوو. دڵی پڕببوو. لەبەر دریای پیر شەلاڵی دانیشت. هەردوو ئانیشکی نایە سەر ئەژنۆی و سەری گرتە نێو دەستی. چاوی لە خەڵک شاردەوە. ڕەزا یەک تۆزی تر بەلایەوە وەستا؛ بەناچاری بەجێی هێشت. بەدڵ لەدوایی بەرەو لای منداڵەکان گەڕایەوە. زوو زووش لای دەکردەوە بەرەو لای عەزۆ. لەگەڵ منداڵەکان یەکیان گرتەوە و چوونەوە بۆ لای ئەیوب؛ شەڕەکەی بێهروز و قسەکانی عەزۆشیان بۆ گێڕاوە. ئەیوب لەوەی کە بێهروز توانیبووی لە عەزۆ بدات. چاکتر باوەڕی بەخۆی هاتبوو کە بتوانێ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بێتەوە و بەرەنگاری ببێت. قسەکانی عەزۆی بیرکەوتەوە؛ بەڵام گورج لەبیر خۆی بردەوە.

هەستی دەکرد منداڵەکان بەچاوی خراپ سەیری دەکەن لەو باوڕەدا بوو کە عەزۆ قسە گەلێکی تری کردووە و منداڵەکان بۆی ناگێڕنەوە. هەموو هۆش و بیری چوو بووە سەر تەماشا و سرتەسرتی منداڵەکان؛ هەستی کرد دەبێ خۆی لە منداڵەکان جیابکاتەوە یان خۆی لە نگاو سەرنجیان بشارێتەوە. بەبێ خودا حافیزی منداڵەکانی بەجێهێشت و بەرەوماڵەوە وەڕێ کەوت.

هەموو هۆش و بیری بەلای عەزۆوە بوو. ڕوانین و سەیرکردنی منداڵەکان لە بیر و مێشکیدا کاردانەوێکی تری بوو. نسبەت بەهەموو شتێ بەدبین ببوو. کاتێ لە کۆڵانەکانەوە ڕەدەبوو، ئاگای لە قیژە و هەرای منداڵەکان نەبوو؛ زیاتر چاوی دەگێڕا کە عەزۆ نەبینێ. چۆوە نێو کۆڵانی خۆیان:





کچان لەبەر دریاکاندا یەکی بەرەییێکیان داخستبوو خەریکی ماڵ ماڵێنێ بوون.

ئەوانەیش کە تۆزێ گەورەتر بوون خەریکی شەشخان و حەوت سەنگ بوون. تەنیا شتێ کە سەرنجی ئەیوبی لەناو ئەم دەنگ و قیژەی کۆڵانەدا ڕاکێشا کۆمانجەکەی ماڵ حاجی مینە و پەنجەرەکەی ماڵ زوبەیدە خانم، کە ئەم پەردەکەی دادرابۆوە و ئەو کەسی تێدا نەبوو. دیسان سەیری کۆمانجەکەی ماڵ حاجی مینەی کردەوە و بێ ئیختیار دەستی گرت بەبەریەوە قاقا و پێکەنینی ژنانی گەڕەک کە لە حەوشەی ماڵ ئەمان کۆببوونەوە سەرنجی ڕاکێشا و هێنایەوە بەخۆیدا. لە سەر خواجەنشینی بەردریاکە دانیشت. دەرگایەکی دوو تایی گەورە. هەر تایەکی شەش گوڵ مێخی پێوە بوو. تەقڵوبابێکی گەورە و هەڵقەرێز و دولایەکی ژەنگاوی بەلای سەرووی تا دەرگاکەوە بوو. ژنەکان لە پشت دریاکەوە دانیشتبوون، تا کاتێ دەرگا کرایەوە ئەوان نەبینرێن بەڵام کچەکان لە بەرانبەر دریاکە دانیشتبوون لە درزی درگاکەوە سەیری کچەکانی کرد. حەمیدە و شەریفە کچی دایە گوڵە لە شان ڕێزانەوە دانیشتبوون. مەستوورە کچی سەید عەلی چریک، نەجیدە کچی سەیزادە مەعزەر و کچەکەی زوبەیدە خانم لە دەور چیمەن دانیشتبوون؛ بەڵام گوڵاڵەی نەدی بۆی بوو بەپرسیار چەن ڕۆژێک بوو هەستی دەکرد کاتێ گوڵاڵە دەبینی ناو دڵی خاڵی دەبێتەوە؛ وەک برسیبێ. بەڵام برسی نەبوو؛ دڵی هیچی نەدەبرد. هەستی بەوە کرد بوو لە خۆیدا کە هەرکات گوڵاڵە دەبینێ حەز دەکات سەیری مەمکی بکات. چاوی بۆ جێگایەکی دەگێڕێ کە ڕووت بێ یان بەجۆرێک سەرنجی ڕابکێشێ. گەرچی هەموو جارێک بەدزییەوە سەیری دەکرد، وا کە گوڵاڵە هەست بەتەماشاکانی نەکات و چیمەنی خوشکیشی ئاگای لێ نەبێ؛ چوون ئەو، بەژێر خان چوونکەی زانیبوو.

دەرگاکەی کردەوە جیرەی دەرگاکە سەرنجی هەموویانی بەرەو لای ئەیوب

ڕاکـێـشـا کـچـەکـان لە شـان ئەیوبەوە سـەیرێکی دەرەوەیان کـرد. ئـەیوب دەرگاکەی کپ کرد. چیمەن گورج دەنگی دا:

– تۆزی لەو دریا خاڵی کە با چاومان لە درەوەببێ.

ژنەکان لە پاڵ بیرەکە دانیشتبوون؛ بەدەم قسەو کارەوە ئاوڕێکیان لێ داوە و خەریکی کارەکەیان بوونەوە. ئەیوب سلاوێکی کرد و توند بەرەو دەرگای دالان ڕۆیشت. لە ژێرەوە دیسان سەرنجێکی تری ناو کچەکانی داوە و سەرزارەکی چاوێکی پێدا گێڕان. بەدەم ڕێوە سەری هەڵبڕی، چاوی بەدایەی کەوت کە لەناو پەنجەرەکەدا، دانیشتبوو؛ تەزبێحەکەی بەدەستەوە بوو سەیری ناو حەوشەی دەکرد. لەگەڵ دایەی بەپێکەنین و بەڕوویەکی گەشەوە سەیری یەکان کرد و دەستیان بۆ یەک هەوادا. ئەیوب بەدیتنی دایەی بەرامەی گوڵباخی وشک و بۆنی مێخەک و ئارەقی نەعنا دەهات بەلووتیدا. ئێستە هەستی دەکرد ئەو بۆن و بەرامانە دێن بەپیریەوە، دەیبەن لە ژوورەکەی دایەی دایدەنێن و پیاڵێک نوقڵی ترش و شیرینی لەبەردەم دادەنێن و لێوانێک شەربەتی گوڵ و نەعنای پێ دەدەن. سەری داخستبوو ویستی بچێتە ژوورەوە بۆ لای دایەی لەوێ خۆی پەنا بدات، چ دالدەیەک لەوێ پەناتر و چ سووچێک لە دۆلایی جێو بانەکە ئارامتر.

ڕەعنا لەوەی کـە ئەیوب ئەوەندە هۆگری دایەی بوو، پێی ناخۆش بوو لەنێو دریای دالاندا بانگی کرد:

– ئەیوب گیان دابێ کوڕە شیرینەکەم.

لەگەڵ ئەوەی کە بانگی ئەیوبی دەکرد خۆی ڕادەدا و سەیری خەسووی دەکرد؛ هەردووکیان سەیری یەکیان کرد و بەبێزەوە ڕوویان وەرگێڕا.

ڕەعنا بەم سەیرکردنە بەخەسووی دەوت «کوڕی خۆمە ناهێڵم لێمی بکەی. من کوڕەکەتم لە تۆ کرد، بەڵام تۆ ناتوانی کوڕەکەم لە من بکەی».
دەی بێ کوڕەکەم ئادەی گورج پاییێک هەڵخە چۆ بۆ لای سەی عەبدوڵڵا پانزە قران توومان بۆ بیرە بەمریەمە تورکیش بێژە بێت بۆ حەوشی ئێمە.





ژنەکانی گەڕەک گشتیان لێرەن.

ئەیوب بەشێوەی قسەی دایکی ئاشنابوو، دەیزانی پیلانی دابڕانی ئەوە لە دایەی پاشان بانگ کردنی مریەمە تورکیش لە ڕقی دایەی بوو دەنا دایکی خۆشی لەو ژنە نەدەهات.

ئەیوب بەناقایلی ڕووی کردە دایکی وتی:

– ئەی بۆ خانمەکانی کچت [بەدەست ئاماژەی پێکردن] نانێری! تاقەتم نییە.

ڕێزان لەناو کچەکاندا هەڵقڕی لە ئەیوب؛ بەڵام دایکی دەمکوتی کرد، وتی:

– هەرا هەرا چەتیوە، قەزای ئەخەم لە گشت کەسم [ڕووی کرد، ئەیوب] ئابێ کوڕەکەم.

ئەیوب سەیرێکی دایەی کرد، وەک بییەوێت ڕاوێژی پێ بکات. دایەی بەئاماژەی سەر پێی وت کەبچێ. یەک تۆز لە دڕدونگیدا مایەوە، ئاخری لە دایەی خوداحافیزی کرد. دایەی لەبەرخۆیەوە وتی: «بڕۆ گشت کەسم، تۆ هینی خۆمی، تۆ دڵت هێن منە، تۆ ڕۆحت هینی من،... بڕۆ... بڕۆ» ئەیوب چوو بۆ لای ڕەعنا، دایکی بەئامێزی کراوە گرتییە خۆی: «بێرۆ... بێرۆ... هەناوم! تۆ هینی منی... تۆ لە من بوی لە من،... تۆ تەواوی جەستەمی... بێرۆ جگەرگۆشەکەم، ئەو چۆن دەتوانی تۆ لە من بکا... تۆ منی... من»
ڕەعنا ئەیوبی توند لە ئامێز گرتبوو، وەک هەرەکی بێت دیسان لە خۆی بگرێتەوە و سەرلەنوێ بەدنیای بێنێتەوە، ئەو تین و تاوی ئامێزەی پێ ببەخشێتەوە. ڕعنا سەیرێکی سەرکەوتووانەی خەسووی کرد و دەستی کرد بەگیرفانی سوخمەکەیدا تمەنێکی پێدا بۆ تۆو؛ قرانێکیشی دا بەخۆی لای دایە گوڵە بیدات بەنانشەکەری. ئەیوب ڕۆیشت و ڕەعنا هاتەوە لای ژنەکان. هەموویان بەحورمەتی ئەو یەکی تەکانێکیان دا بەخۆیان:

– یا اللّه.

– یا اللّه ... فەرموو

– ئەیەڕۆ حەدم چییە تۆخوا ئەگەر هەڵسن ناوی ئەڵڵا لەسەر سەرم.

زوبەیدە خانم تەشیەکەی هێنا بەلاڕانیدا و بنێشتەکەی لەناو دەمیدا گلاند وتی:

– ئەوە چییە چەتیوە وات گرتبوو بەباوشتۆ دەتوت فلان کەسە.

سەڵتەنە خانم گورج باسەکەی گۆڕی و لە جوابدا وتی:

– ئەیەڕۆ چۆن دڵت دێ زوبەیدە گیان! چ لە سوار بێ، چ لە گوان بێ. جەرگ جەرگە، بەخوا من هەرچی ئەحمەو گیان – خوا لەگەڵ منداڵەکانی ئێوە نەیسێنێ – سەر دەکاتە سەر ڕانم ئێژی دنیام پێ ئەدەن.

ڕەعنا ویستی لەسەر جێگاکەی کە لە بەین زوبەیدە و سەڵتەنە دابوو دابنیشێتەوە. بەڵام گورج بەبیریدا هات کە جێگاکەی بگۆڕێ. گەڕاوە؛ سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد. ویستی سەرنجی خەسووی بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ، کاتێ کە سەیری ئەم دەکات پشتی لێ هەڵ بکات و نەفرەت و بێزی خۆی سەبارەت بەو دەرببڕێ. بەڵام خەسووی لەبەر پەنجەرەکەدا نەمابوو تۆزێک لە پەنجەرەکە ڕاما و بەپێکەنینەوە چۆوە سەر جێگەکەی خۆی:

– بەخوا ئێژی جێگەکەی خۆم باشتربوو.

بەدەم دانیشتنەوە دیسان سەیری پەنجەرەکەی کردەوە. سەیزادە مەعزەر دەستی کرد بەگێرفانی سوخمەکەیدا بنێشتەکەی کە لەناو نایلۆندا بوو دەریهێنا و نایە دەمی. نایلۆنەکەی لەبەر پشتوێنەکەی دانا. بەدەستێکی خورییەکەی دەدا بەدەم تەشیەکەوە بەدەستەکەی تری تەشیەکەی بادەدا و خەریکی ڕستن دەبوو. سەڵتەنە و مەنیجە خەریکی خوری شیکردنەوە بوون، دەیان کرد بەشانەدا و پشکەڵ و کەمێڵەکانیان لێ دەکردەوە:





– خوری ئێستە نازانم بۆ وایە؟ بەخوا خوری جاران ئەتوت ڕۆحی بەشەرە. خوشکە گیان ئیسە هەر بی فرۆشن، خەڵک ئیمانیان نەما.

مەنیجە کە خوری شی دەکردەوە وتی:

– ئەرێ وەڵڵا خۆشکە گیان! ئەو وەختە خەڵک دڵیان پاک بوو، چاویان لە ڕەحمی خواوەبوو ڕەعنا دەستی نەدەچووە کارەکەی خۆی. هەموو بیرو هۆشی بەلای پەنجەرەکەوە بوو. لەوەی کە لە ئاوا کێشەیەکدا گیری کردبوو یان خۆی ئاوێتە کرد بوو، لە خۆی بێزار بوو. تەشییەکەی خستە ناو پیاسکەی خوریەکەی و ڕووی کردە پیرۆز ژنی سەید عەلی چریک کە خەریک بوو گلۆبەنی هەڵ دەکرد:

– ئا بێنە خۆشکە با منیش تۆزێکت بۆ هەڵکەم.

پیرۆز کە دەستی ماندوو ببوو، گلۆڵە بەنەکەی دا بەدەستییەوە وتی:

– یاخوا دەستت نەییێشێ! خۆ شەکەتی کردم.

پیرۆز تماشایەکی سپاسگوزارانەی ڕەعنای کرد و قۆڵ و باڵی ڕاوەشاند و هەناسێکی هەڵکێشا. ڕەعنا ئەم کێشەی لێ ببووە کێشێکی دەروونی هەستی بەوە کرد کە هیچ کات فیتی ئەم فیتی ئەوی نەبڕیوە. ڕا لەگەڵ ڕا کەمی هێناوە. تەنانەت لە کاتی جوابە جەنگێشدا.

هەموو جارێک تەنیا بووە و کۆستی تەنیایی کەوتووە. هیچ کات نەبوو خراپییەکەی جوابێکی خراپی هەبێت. هیچ کات نەبوو خەڵک هەست بەناکۆکییەکەیان بکەن. زۆرجاریش لای دراوسێکان درکاندبووی؛ بەڵام بۆی بەئەنجام نەگەیشتبوو. وەک ئێستە شەرمەزارییەکەی بۆ مابۆوە. کەوتۆتە بەر نەشتەری سەر کۆنەو ڕەخنە، چ لە لایەن خەڵکەوە، چ لە لایەن خۆیەوە بۆ سەر خۆی. ئێستە حەزی دەکرد بچێ باوش بکات بەخەسوویدا و دەست بخاتە دەور گەردنی و ماچی بکات. داوای لێبوردنی لێ بکات. بەڵام نەیدەتوانی. خۆی پێ ڕازی نەدەکرا. چوون داوا و خواستەکەی خۆی

بەرەوا دەزانی. شەڕی ئەم جارەی شەڕی جەرگ بوو. شەڕی وەرگرتنەوەی ئەوەی لە خۆی بەدی هاتبوو، خۆی خستبوویە سەر دنیا، شەونەخەوی پێوە کێشابوو، تەڕ و وشکی کرد بوو، گابۆڵکێ و دارە دارەی پێ کرد بوو. زمانی فێر کرد بوو بەژانییەوە ژانی بژارد بوو، بەڵام ئێستە چی؟ ئێستەکە لە خەم ڕەخسابوو، پاچکەی قەوی کردبوو، دەبوو هێزی ئەژنۆی ئەم بێ پەناگە و داڵدەی خەڵوەتی ئەم بێ، هینی کێ بوو؟ ئێستە کێ لە پەنایدا خۆی حەشار دابوو؟ ئێستە ئەم پیرێژنە خەریک بوو لێی داگیر دەکرد. خەریک بوو دەبوو بەخاوەنی. بەس کەوابوو کێشەکەی ڕەوابوو. بۆی هەبوو پەرە بەکێشەو ململانێکەی بدات. بەچنگە کڕێ لە خۆی بگرێتەوە. نا.... نا.... دەست ناکاتە ملی دەست دەنێتە بینی تا ماف و حەقی ڕەوای خۆی لە قورگی دەربکێشێ.

دەیزانی ئەم پیرێژنە چۆن ڕێگەی قەڵسکردن و ئازاردانی ئەمی پەیدا کردووە. چۆن هەرەکیەتی پیلانی بۆ بڕەخسێنێ؛ بەڵام درەنگ پەی پێ دەبرد. جار لەگەڵ جار چاکتر بەداوەوە دەبوو. چاکتر چەواشە و شەوارە دەبوو. ئیتر بیر و ڕێگەیەکی تازە بەمێشکیدا نەدەهات. دەیزانی دۆڕاندوویەتی، لەگەڵ ئەو پێی نەدەکرا. کۆنە ڕاوچییە و سەدان داوی تەقاندووە. بەڵام جارێک نەبوو ڕەعنا داوەکەی بەبەتاڵی نەتەقێ یان خۆی بەداوەکەی خۆیەوە نەبێ، وەک ئێستا.

دیسان سەیری پەنجەرەکەی کردەوە. دەستی گڵۆڵەکەی هەڵدەسوڕاند لەکاری خۆیدا کارامەبوو. پێویستی بەئاگاداری نەبوو. بەکاری خۆی شارەزا بوو. بەهۆی ئەوەی کە دەستی خەریک بوو شەکەت دەبوو، هۆشی هاتەوە سەر خۆی. بەبێ ئەوەی بیبەوێت چاوی بەناو پەنجەرەکاندا دەگێڕا. بۆ خەسووی سەرنجی دەرگای داڵانی دەدا. بەشکەم بێتە حەوشە، تریقە و قاقای چیمەن بەئاگای هێناوە؛ هۆش و بیری چوو بۆ لای دەنگی خەندەکە، بەڵام سەرنج و چاوی هەر لە دەرگاکەوە بوو. ئەمجار قاقا و پێکەنینی





گەلەکی کچەکان ڕووی پێ وەرگێڕا. چیمەن بورابۆوە بەدەم خەندەوە، مەستووره دەستی گرتبوو بەدەسیەوە، بچووکترەکان بەبەدەمیانەوە پێ دەکەنان. چونکە ئەمان هێشتە وانەبوون کە بتوانن بچنە ناو کۆڕی چپەوسرتەی ئەوانەوە. ژنەکانیش بزەکەوتبوە سەر لێویان. ئامادەبوون شتێک ببیستن و پێبکەنن. ڕەعناش وێڕای ئەوان بزەی هاتبوو. پیرۆز هەستی بەپەژارەیەک لە ڕەعنادا کرد بوو. ڕەعنا هەروا کە بزە بەسەر لێوبییەوە بوو خەیاڵ بردیەوە و بەدەم داڵغەوە ڕۆیی. بەرواڵەت سەیری گڵۆڵە بەنەکەی دەکرد؛ بەڵام سەرنج، سەرنجی ئەو نەبوو. پیرۆز ویستی سەری قسەی لەگەڵ دابمەزرێنێ. ژنەکانی تریش خەریک بوون هەستیان بەرەعنا دەکرد. پیرۆز یەک دوو قسەی کرد بەشکم لە خەیاڵ دەریاوێژێ. بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. گڵۆڵەکەی دەستی و گڵۆڵەی فکری ببوون بەتانوپۆی یەک و ڕەعنایان لە خۆیان ئاڵۆزاند بوو.

مامر و باڕۆکەکان لە بەین دەرگاکەوە کە ئاوەڵا بوو کشانە نێو حەوشە و بەهەڵاتن چوونە بەر دەرگای کۆڵانەکەیان.

حاجی ژن بەدەنگی گارەگاری مریشکەکان دەرگای داڵانی کردەوە و هاتە حەوشە. ئەیوب دەرگای حەوشەی ئاوەڵڵا کرد تا کەڵەشێرەکە بچێتە حەوشە. مامرەکان بەدیتنی حاجی ژن، لە دەوری کۆبوونەوە کە لەنێو دایەنەی کراسەکەیدا خەوشی بەچنگ بۆ دادەکردن و بەژێر دارتووەکەدا بڵاوی دەکردەوە. کەڵەشێرەکە بەقوتە قوت و لاوەلا چووە حەوشە. یەک دووجار باڵەکانی فش کردەوە و ڕووەو ئەیوب قژی کرد، بەڵام ئەیوب ڕێگەی پێ نەدا و دەرگاکەی لەسەر داخست. بەهاتنەوەی ئەیوب کچەکانیش هاتنە لای ژنەکان دانیشتن. ڕەعنا چاوی لە ئەیوبەوە بوو. هەرەکی نەبوو بچێت بۆ لای حاجی ژن. دەیزانی کە ئەیوب بەهۆی مامرەکانەوە هەر دەچێ بۆ لای. ناچار بانگی لە حاجی ژن کرد:

– حاجی خانم ئەوە بۆ تەشریف ناهێنی بۆ لامان؟

خەسووی بێ ئەوەی کە ڕووی تێبکات دایەنەکەی تەکاند وتی:

– کچم خەریکی تاقەت کردنی ئەم بێ زمانانەم ئێوە فەرموون.

پیرۆز لاوپێچی تۆوی لەدەستدا بوو دانە دانە نینۆک دەیشکاند وتی:

– حاجی مەحسوم فەرموو یەک تۆز لامان دانیشە.

– فەرموون ڕۆڵە منیش دێم.

ڕەعنا کە زانی خەسووی نایەت بۆ لایان مشتێ تۆوی کردە گیرفانی پانتۆڵەکەی ئەیوب و پێی وت:

– دەبڕۆ بۆ خۆت لەناو ڕەفیقەکانتا بیخۆ.

ئەیوب گورج دەستی کرد بەگیرفانیدا و خۆی ڕادا وتی:

– ناچم بۆ کۆڵان دەچم بۆ لای دایەم.

پشتی کردە ڕەعنا و بەرەو لای دایەی وەڕێ کەوت ڕەعنا گاڵتەی بەخۆ هات بۆ خەریکە لەسەر هیچ پەژارە بۆ خۆی دروست دەکات، شتێ کە ناتوانێ بەرگری بکات. لاوێچێ تۆوی هەڵگرت و ڕووی کردە ژنەکان. حاجی مەحسوم بەهاتنی ئەیوب و مریشکەکانی بەجێهێشت و چووە ژوور. نەیدەویست لەوە زیاتر ببێتە هۆی ناکۆکی دەروونی بۆ ڕەعنا. ئەو ڕەعنای چاک دەناسی، دەیزانی لەسەر چی شەڕ دەکات.

لە ڕاستیدا ئەم ئاژاوە حاجی ژن خۆی خستبوویە دەروونی ڕەعناوە؛ بۆی باس کرد بوو کە چۆن: «خەسووی سەعی کوڕی گرتە بەدڵییەوە و ئەم هەتا لای کردۆتەوە سەعی گەورەبووە وەک پیاوێک دیویەتی؛ نە بەمنداڵی، نە بەهەرزەکاری و جاحێڵی و نە بەنیمچەیی نەیدیبوو. قەد تێری لە دیاری نەخواردبوو. وەک دایەن هەرچی کۆرپەکەی برسی ببووایە پێیان دەدا تیری بکات، پاشان لەباوەشیان هەڵدەبڕی و لێیان دەسەندەوە». حاجی ژن وتبووی: (زۆرجار بێزوم دەکرد بەشۆردنی پەڕۆپاڵی منداڵەکەمەوە. لەبەرچاوی خۆم ببوون بەخاوەنی منداڵەکەم و لێیان داگیر کردبووم. زۆرجار





مەمکم بۆ دەجوی، بەڵام نەدەچووم بۆ لای شیری پێ بدەم. حەزم دەکرد مەمکەکانم وشک بێ با ئەونە نەیگرم بەباوەشمەوە و هەناسەی نەیەت بەڕوما. هەر شەوێ نەخۆش ببووایە تا بەیانی وەک مار لە جێگاکەمدا پێڵنگم دەدا و دەتلامەوە. لەگەڵ هەر ناکە و نوکەیا خەبەربووم و ناکە لە دڵمەوە دەهات. هەر ڕۆژێ لە حەوشە کایەی بکردایە، شەو لەناو جێگەکەما هەتا بەیانی لەگەڵیا پێدەکەنام و دارە دارم بۆ دەکرد. شەو لەناو جێگەکەما تەڕ و وشکم دەکرد. باڵنجێکم نابوو بەدڵەوە و بۆی سەعیم پێوە نابوو. شەوانە بەبێ ئەو باڵنجە ئارامم نەبوو. لەبەرخۆمەوە لایەلایەم بۆ دەکرد تا خۆم خەو دەیبردمەوە. لە خەونەکانیشما هەر لەگەڵی بووم. خەریک بووم شێت دەبووم. چەن جار نووشتەیان بۆ نووسیم، بردمیان بۆ دۆزەغەزە؛ دوو شەو و ڕۆژ لە خزمەت حاجی شێخ ئەوەلقارا بەستمیان بەکۆڵەکە گەورەکەوە. شێخ فەرمووبووی شتێ لە دڵیا گورپی کردە. ئیتر وازم لێ هێناو دەستم لێ داشۆرد. دوای سەعی سێ کوڕم لەبارچووچەن ساڵ سکم نەکرد تا خوا ئامینی پێدام و دوای دوو ساڵ خوا عەلی گیانیشی پێ دام. کە عەلی هات سەعی کۆتەڵ یوو نیمچە جاهێڵێ بوو. لەدوای عەلی دیسان سکم پڕ بوو. لەباری خۆم برد ئیتر سک نەما. نازانم هۆی چییە، هیچ منداڵێک بەقەی نۆ سکە خۆشەویست نییە. ئەگەر گەڕ و گەڕۆڵ و هەتیوەش بێ؛ بنیایەم بەدنیای نادات. نازانم هی ئەوەیە من نەمدیوە بەخۆمۆ، یان هەروایە» ڕەعنا هەمووی ئەم پەژارانەی لە دەروونی خۆیدا زیندوو کردبۆوە بەهێنی خۆی دەزانی و لێی دەترسا کە بێن بەپیرییەوە و ئەو حەسرەتەی خەسووی بۆ بمێنێتەوە. حاجی ژن ئەم کێشەی بەحەقی ڕەعنا دەزانێ بەڵام خۆیش تەنیابوو. دەبوو کەسێک بکاتە پشتیوانی خۆی، ڕۆژگار تەنیایی لەبەرە.

ئەیوب لەژێر دارتووەکە دانیشتبوو سەیری دان چنینەوە و چینکردنی مامرەکانی دەکرد. کەڵەشێرەکە هەر تاوێک بەدەور دانەیەکیاندا دەهات و

ئەتسا بەسەریا. هەموو مریشکەکانی بەناو دەناسی. چینین، کەڵاو زەرە گردە، لاولاو کە قاچ و قوولێکی درێژی هەبوو ساڵی دووجار کڕ دەکەوت. قوڵ قوڵ، پەپولاری و ناسکێ، ئەم سیانە سەریان باریک و خۆیان قەڵەوبوون. ناوبانگی کەڵەشێر و مریشکی حاجی مەحسوم لە تەواوی کازمان و ناو قەڵادا بڵاو ببۆوە.

کچەکان زۆر چاک سەرنجی ڕەفتار و قسەکردن و شێوەی ڕشتنی ژنەکانیان دەدا. جار بوو کچەکان بەبڕێ ڕەفتاری ژنەکان کە تایبەت بەخۆیان بوو ئێرەییان دەبرد. لە ڕکا گەمەیان پێ دەکردن و لەناوخۆیاندا لاساییان دەکردنەوە. وەک زوبەیدە خانم کەلاویچێ تۆوی لە دەم دەکرد و یەکە یەکە دەی تروکاندن و توێکڵەکەی بەلا دەم و دەور و لێویدا کۆ دەکردەوە و وەک هێلانەی گۆڕەوویلکە شۆڕی دەکردەوە. کە ئەم کارانەش وەک هونەر و کردێکی سەمەرە ئەنجامیان دەدا. بەدەم ئەم هونەرەیانەوە ئەوەی کە لە مێشکیاندا ببووایە سەبارەت بەخەڵکی گەڕەک دەیانوت: ژنیان تەڵاق دەدا. پیاویان لە پیاوەتی دەخست، ژنیان بەسەر ژندا دەهێنا، فلان ژن یان فلان پیاو حەز لە کێ دەکات، ژنیان بۆ کوڕ دەهێنا و کچیان بەشوو دەدا.

ئەویان شێت دەکرد و ئەمیان بێ بن. لەگەڵ ئەم ناونیتکانەشدا سەیرێکی ژنەکانی تریان دەکرد و تەشیەکەیان دەدا بەلاڕانیاندا. کە ئەم سەیرکردنە بۆ سەلماندنی قسەکانیان بوو ئەوانیش ئەگەر بەدڵیان نەبوایە لچێکیان هەڵدەقورتاند و ئەگەریش پێیان خۆش ببووایە دەیاندا لە قاقای پێکەنین و خۆیان ڕائەدا. بەدەم قاقاوە سک و شان و سینەیان هەڵدەتەکاند و بەدەست دەیاندا بەشان و ڕانی پاڵدەستەکەیاندا و دەیان وت:

– ئالووە ئافرەت عەمرت نەمێنێ [دەستی دەگرت بەبەر چەناگەیەوە و لەژێرەوە سەیری دەکرد] ئەیەڕۆ ئەوە ئێژی چی؟





لە دەرگا درا هەموویان بێ دەنگ بوون و ڕوویان کردە دەرگاکە. هاوڕێ لەگەڵ تەقەی دریاکە گوڵاڵە هاتە ژوورەوە. سڵاوی کرد؛ بەلایانەوە وەستا سەڵتەنە خانم جوابی سڵاوەکەی داوە و وتی:

– گوڵاڵە گیان! دایکت بۆ دیار نەبوو

گوڵاڵە مشتێ تۆوی لە دەستدا بوو توند خەریک بوو دەیتروکاند وتی:

– وەڵڵا میوانمان بوو، ئیستە ڕۆیشتن دایکم خەریکی ماڵ کۆکردنەوە بوو منیش وتم با بچم سەرێکی کچەکان بەم.

– بەخێر بێی ڕۆڵە!

ئەمە ڕەعنا بوو ڕەعنا هیچ حەزی نەدەکرد گوڵاڵە ئاموشۆی چیمەن و ڕێزان بکات. ژنەکانی گەڕەکیش حەزیان نەدەکرد. ڕەعنا لەو کاتەوە بەژێرخان چوونەکەی ئەیوب و گوڵاڵەی زانیبوو کەمتر ئاموشۆی نازاری دایکیشی دەکرد. گوڵاڵە لاویچێ تر تۆوی هەڵگرت و ڕووی کردە کچەکان وتی:

– کچەکان هەڵسن بابچینە بەر دریا دوو نەفەر بوینین.

چیمەن سەیرێکی دایکی کرد. ڕەعنا ناو چاوی لێ گرژ کردەوە. کچەکانی تریش جوابیان نەداوە. گوڵاڵە هەستی کرد کە ناهێڵن بێنە بەر دریا، بەدڵیەوە گرت و بەجێیانی هێشت. ژنەکان لە دواوە لچێکیان لێ هەڵقورتاند و بەئیشارەی دەست و سەر وتیان «لێی گەڕێ، بابڕوات». ئەمجار هەموویان ڕوویان کردە یەک و سەرێکیان بۆ یەکتر نخوون کردەوە کە کارەکەیان بسەلمێنن.

ئەیوب بەهاتنی گوڵاڵە ویستبووی پەلەپەل مریشکەکان بکاتە کولانە و بەبیانووی تۆ و هەڵگرتن چاوی بەگوڵاڵە بکەوێت. بەڵام مریشکەکان نەچوونە کولانە و گوڵاڵەش ڕۆیشت.

بەڕۆیشتنی گوڵاڵە تەزێکی سارد بەلەشیدا هات و ناو دڵی خاڵی بۆوە.

کەڵەشێرەکە ئەیوبی ماندوو کردبوو؛ وەک هەموو ئێوارەکانی تر نەدەچووە کولانەوە؛ بەم بۆنەوە هەر تاوێک مریشک و باڕۆکەیەک دەهاتە دەرەوە ژنەکان گەرمی قسە بوونەوە. هەوا خەریک بوو تاریکی دەکرد زەردەپەڕی خۆرنشین لە پشت کێوەکانەوە تیشکی هاویشتبووە ناو ئاسمان. لە دوورەوە دەنگی بانگی ئێوارە دەهاتە گوێ. ژنەکان کەرەسە و پیتاکیان کۆکردەوە و تەشیەکەیان کرد بەبەر پشتوێنەکەیاندا دایەنەی کراسەکەیان تەکاند و کردیان بەلادا. پیرۆز مەستووری کچی دا بەر و لەگەڵ خۆی بردیەوە و بەدەم ڕێوە خواحافیزیان کرد. بانگی مزگەوتی حاجی شێخ ئیسماعیل بەرزبۆوە ژنەکان هێشتە لەبەر دریای ماڵ ڕەعنا وێستابوون. تێکڕا جوابی بانگی ئێوارەیان داوە:

– ماشەڵڵا... ماشەڵڵا [چاویان بەست و ڕوویان کردە ئاسمان] لەبەیکە یاڕەسولەڵڵا... تۆ ماشەڵڵا [سەریان ڕادەوەشاند] هەرچی زیخی چۆمانە... هەرچی گەڵای دارانە... ئەونە هەزار سەڵەوات لە دیاری پیاغەمبەر گیان دایک و باوکم بەقوربانی بێ.

مەنیجە وتی:

– ئامان... ئامان... ئۆف پەنام بەتۆ خوای گیان [بەدەم ئەم قسانەوە خۆی ڕادەژەند] ئۆ شافیعی ڕۆژی مەحشەر، سەگی ڕووڕەشی دەرگاکەتم... تۆبە بێ... تۆبە. سەڵتەنە وتی:

– خۆشکە خۆبنیایەم ئیمانی دەچێ بەدەم ئەم قسانەوە، لاوە ئافرەتە سەڵەواتێ لێبەن [هەموو پێکەوە سەڵەواتیان لێدا] ئەی خوا پەنام بەتۆ لە قسە و باس و غەیبەت و بوختانکردن.

– جاوتت خوشکە جاوتت.

– ئەرێ وەڵڵا ئەونە گوناهە هەر نەوێتۆ لەو دونیا دامان دەنێن ئەو قسانەت بۆچی کرد. تۆیش ئێژی من نەبووم. چاو و گوێچکە شەهادەت ئان





ئێژن وتت. مەگەر تۆ نەبووی؟ کەزابی ڕووڕەش؛ ئەی ڕووت ڕەش بێ وەک ڕەشە لە دیوانی خوا.

– ئەرێ وەڵڵا خوشکە، گشت ئازای ئەنامان ڕاستی ئێژن؛ ئێژن کردمان وەلێ ئەم پێی کردین ئەم مەلعونە.

– ئەرێ بەخوا میسقاڵە زەڕڕات لە گوناهمان خۆش ناون.

– جا ئیتر ئێمەی ڕووڕەش ئەونە دەگرین، ڕەسولەڵڵا گیان دێت بەهاوارمانەوە لە لای خوا شەفاعەتمان بۆ دەکا و بۆمان دەپاڕێتۆ.

ژنەکان خەریک بوون کۆتاییان بەقسەکانیان دەهێنا چاویان بەگوڵاڵە کەوت کە هاتە بەر دریا و سەیرێکی ئەمانی کرد و دەرگاکەی شەق پێوەدا زوبەیدە وتی:

– ئەمە بۆ وای کرد خێری دایکی [دەستی گرت بەبەر چەناگەیەوە و لێوی هەڵقوورتاند، سەرێکی ڕاوەشاند و بەگۆشەی چاو ڕوانییە ماڵ گوڵاڵە و چەمۆڵەیەکی حەواڵەی دریاکە کرد] جا باشە؟ ئا، دایکت بنێرە ئەو نانەمان بۆ بکات.

ژنەکان دەستیان کرد بەپێکەنین، کچەکان لێیان دوورکەوتبوونەوە و لەولاترەوە وەستابوون. سەڵتەنە وتی:

– ئەرێ ئەوە نازار بۆ دیار نەبوو.

زوبەیدە کە هەمیشە لە هەموو بوارێکدا قسەی پێ بوو وتی:

– جا بۆ دیاربێ خوشکە، هەردێت باسی جوانی خۆی و کچەکەی دەکات. ئەرێ وەڵڵا هەردێت ئێژێ خۆم بیست و حەوت ساڵم و گوڵاڵەش ناگات بەپانزە ساڵ شوو دەکات.

مەنیجە وتی:

– ئەوە بۆ هەر بیست و حەوت ساڵیەتی! لەوەتی من لەبیرمە هەر ئەونەیە. ئەوە من دافەتریام.

– ئێژێ کچەکەم دوانزە ساڵیەتی.

ڕەعنا لە جوابی مەنیجەدا وتی:

– وەڵڵا ئەم لەش و لارە هینی دوانزە ساڵ نییە.

زوبەیدە گورج قسەکەی لە دەم ڕەعنا قۆستەوە وتی:

– دەی شەیتان بەفەخرکەوتبێ، کەم کوناو کون کا لەگەڵ هەتیو مەتیوا، کەم غارغارێن کا.

سەڵتەنە وتی:

– ئیمانی خۆت زایە مەکە ئافرەت.

زوبەیدە ڕووی وەرگێڕا و دەستی خستە بەر پشتوێنەکەی وتی:

– نەوەڵڵا بەئیمانی خەڵک [بەچاو ئاماژەی کرد بەڕەعنا] خەڵکان وا ئێژن.

هەموو ماڵاواییان کرد و بەرەو ماڵی خۆیان وەڕێکەوتن. ڕەعنا ڕووی کردە چیمەن وتی:

– ئادەی کچی دایکی پاییێک هەڵخە ئەو دوو تۆنگەی بەر سەماوەرەکە بێنە بابچم لە ماڵ حاجی ڕەحمان ڕایەک ئاو بێنم بۆ شەومان. خۆ ئەم بیرە دوابراوەی خۆمان ئەونە قورسە بنیایەم هەر تێری پێ ناخوات.

ڕەعنا هەردوو دەستی نا پشتی و پاڵی داوە بەدەرگاکەوە. لەگەڵ ڕێزان سەیری یەکیان دەکرد. ڕەعنا بەڕێزانی وت:

– ئا برۆ بەدادەت بێژە سەماوەرەکە پێوە بنێ، کزی کە بادوکەڵ نەکات.

ڕێزان بەهەڵاتن ڕۆشت. چیمەن بەتۆنگەکانەوە لەبەر دربای دالان گەیشت بەڕێزان و تۆنگەکانی پێدا بی با بۆ دایکی و بەدەنگی بەرز ڕووی کردە ڕەعنا وتی:

– دایە دای گیرساندە.





تۆنگەکانی لە ڕێزان وەرگرت و بەپێکەنینەوە سەیری پەنجەرەکەی ژووری خەسووی کرد.

سەبارەت بەخەسووی دیدی گۆڕابوو. هەستی پەشیوانی دەکرد. بۆ ڕەفتارەکانی ئەم عەسرەی. بەرەو ماڵ حاجی وەڕێ کەوت لە دەرگای دا. حاجی ژن دەرگای کردەوە. ڕەعنا بەشەرمەوە سڵاوی کرد وتی:

– ئەو دوو تۆنگە ئیجازە هەیە پڕکەم لە ئاو بۆ چای شەومان.

حاجی ژن سەرپۆشێکی سپی بەسەرەوە بوو، تەزبێحێکی ناجیلی دەنک درشتی لەملدا بوو وتی:

– فەرموون کچەکەم ماڵی خۆتانە.

بەدەم تۆنگە پڕکردنەوە برێ قسەیان کرد. تۆنگەکانی لە لێواری حەوزەکە دانا، ماڵ و حەوش و حەساری حاجی ژن چۆڵ و بێدەنگ. نە واتە و وتێرەی منداڵ، نەهەرا و قیژەی کچ و بووک. چەنای چەن ساڵ بوو لەم ماڵەدا بەتەنیایی و بەبێ هاودەم چۆل نشین کەوتبوو.

ڕەعناش دڵی پێی دەسوتاو هەرچی دەهات بۆ ئاو تۆزێک بەدەمیەوە دەوەستا و قسەی لەگەڵ دەکرد، تا بۆ چەن ساتێ لە تەنیایی دەری بهێنێ. حاجی ژنیش بەم بۆنەوە ڕەعنای خۆش دەویست.

ڕەعنا دەیدی کە حاجی ژن دڵی زۆر کەیلە و حەزی لە قسەیە؛ بەڵام کات زۆر درەنگ بوو. ڕەعنا سەیری ئاسمانی کرد. ئەستێران لە ئاسمان دەرکەوتبوون ئیتر دروست نەبوو لە دەرەوە ژن ببینرێ. ماڵئاوایی لە حاجی ژن خواست. لەناو دەرگاکەدا هێشتە نەچووبووە دەرەوە کە حاجی ڕەحمان هاتەوە. ڕەعنا خۆی دا پەنای درگاکە، تا حاجی بێتە ژوورەوە. سەری داخست و سڵاوی کرد. حاجی لە چەقی دەرگاکەدا وێستا. زەق سەیری حاجی ژن و ڕەعنا و تۆنگەکانی دەستی کرد وتی:

– مەگەر نەموت دەرگا بۆ کەس مەکەرۆ. بۆچی مەگەر ماڵی ئێمە حەوزە گەورەی بۆکانە، یان مزگەوتی مەلا برایم.

ڕەعنا بەدیوارەکەوە وشک وەستا. حاجی ژن گۆنای خۆی ڕنی و پەنجەی هەڵدەگلۆفی و دەیدا بەسەر دەستی خۆیدا. بەڵام حاجی گوێی بەخۆڕنینەکەی حاجی ژن نەداو توند بەرەو ڕەعنا ڕۆیشت. تۆنگەکانی لە دەست هەڵبڕی و ئاوەکەی قلّم کردەوە ناو حەوزەکە. تۆنگەکانی فڕێداوە بۆ ڕەعنا و لە حەوشە کردییە دەرەوە.

ڕەعنا نەیدەزانی چۆن لە ماڵ حاجی مینەوە تا ماڵ خۆیان ڕۆیشتبۆوە. دەستەو ئەژنۆ لە پاڵ سەماوەرەکە دانیشتبوو. منداڵەکان لە دەوری کۆببوونەوە. چیمەن بەهەرا هەرا و قیژە قیژ دایەی بانگ کرد. چنوور و ئازاد بەلای ڕەعناوە هاتبوون بەچۆکدا و زەق سەیریان دەکرد. ڕێزان دەستەو ئەژنۆ ڕوو بەدایکی دانیشتبوو. لچی هەڵقوورتاند بوو، ماتڵی دایکی بوو بگری و ئەمیش بیدات لە پرمەی گریان. دایەی هاتە ژوور، چیمەن و ئەیوب بەدویدا هاتن. چیمەن پاڵی دا بەچوارچێوەی دریاکەوە. حاجی مەحسوم منداڵەکانی لێ دوورخستەوە، ڕووی کردە ڕەعنا:

– چی بووە کچم. بۆ وا دەکەیت...... چی قەوماوە؟.

ڕەعنا زەق سەیری دیوارەکەی بەرانبەری دەکرد. منداڵەکان ترس نیشتبووە گیانیان.

حاجی مەحسوم هەموویانی کردە دەرەوە قەنداخێکی بۆ دروست کرد. ئارەقی نێوچاوانی بۆ سڕی و دەستی هێنا بەسەر و ڕوویدا. ڕەعنا لەمێژ بوو لە دووی هەڵ و دەرفەتێکی ئاوا دەگەڕا تا لەگەڵ خەسووی تەنیا بێ بتوانێ لێی نزیک بێتەوە. بەڵام هەموو جار لە خۆی تاراند بوو. ئێستە هەل و دەرفەتەکەی بۆ ڕەخسابوو. دەیویست لەدەستی نەدات دەیویست خەسووی بگرێتە خۆی و لە خۆی نەکات. مەراقێکی تەمەن درێژ لە دڵیدا تەقیبیەوە دای لە پرمەی گریان، حاجی ژن سەری گرت بەدەستەوە و نایە سەر کۆشی وتی:





– بگری... بگری کچم. هیچ لە دڵی خۆتدا ڕامەگرە... بگری... وەختارێ ئارام بویتۆ، قسە دەکەین. بگری... ڕۆڵە بگری.

حاجی مەحسوم دەستی دەهێنا بەشان و ملی ڕەعنادا. ڕەعنا بەهەردوو چنگی دایەنەی کراسەکەی خەسووی گرتبوو. دەگریا نەک بۆ دەرکردنەکەی لە ماڵ حاجی ڕەحمان، بۆ تەنیاییەکەی؛ بۆ تەنیا مانەوەکەی ئێستە بەسەر حاجی ژندا دەگریا تا جگەرگۆشەکەی لێ نەسێنێ تا ئەمیش وەک ئەو حەسرەت لە دڵ نەمێنێتەوە. تا شاهێدی باڵاکردن و هەڵدانی منداڵەکەی خۆی بێ. بیبینێ کە گەورە دەبێ. دەگریا بۆ ئەوەی دانێکیان قوربانی بن. با ئەمیش وەک ئەو، ئەو بەسەرهاتە تاڵ و حەسرەتمەندە تەجروبە نەکات. دەگریا کە ئەیوبی پێ ببەخشێتەوە. هەرچی دەبات بیبات؛ بەڵام ئەو نە. ئەیوب پاڵپشتی بوو. ئەیوب کوڕی گەورەی بوو. هیوایەتی بوو. دایەنەی کراسەکەی حاجی ڕادەژەند و لە دڵەوە دەیوت: «با بۆ من بێ هەمووی بۆ تۆ... بەڵام ئەوانە... لێمی مەتارێنە... لێمی مەکە» حاجی مەحسوم نەوازشی دەکرد و دڵداری دەداوە. بەڵام ئەو پتر هەنسکی دەدا و خۆی لە داوێنی خەسوویدا ون دەکرد. ڕەعنا بەزەیی بەخۆیدا دەهات، هەروەها حاجی ژنیش بەچاوی بەزەییەوە سەیری دەکرد. بیری چەن کات لەمەوبەری ڕەعنا کەوتەوە کە چۆن خۆی لێبایی ببوو. بەڵام ئێستە زەلیل لەبەر پایدا کەوتبوو. حەزی نەدەکرد لەوە زیاتر بەپەستی ببینێ هەڵیساندەوە و قەنداخەکەی دەرخوارد دا. ڕەعنا هێوربیۆوە. بەڵام هێشتە سەری بەهەنیسکەوە هەڵدەبڕی پاڵی داوە، سەری نا بەدیوارەکەوە و ڕوو بەسەر میچەکە چاوی بەست. نەیدەوێرا چاوی هەڵبڕێ. هەستی بەچکۆڵە بوون و دابەزینی خۆی دەکرد. هەستی دەکرد دەروونی هەڵۆڵ و بۆش بووەتەوە و ڕۆحی ئەوەندەی چنگێکی ماوەتەوە. خەسووی ڕووسەریەکەی لەسەر کردەوە و سەروچاوی پێ سڕی. بەڕووسەریەکەی باوەشێنی دەکرد. بای ڕووسەریەکە فرمێسک و ئارەقەکەی وشک کردەوە. لێوی خوێنی تێزاوە و

ڕەنگی سوور داگەڕا و گەشاوە. ڕەعنا خۆی دابوو بەدەم بای ڕووسەریەکەوە، سەر و پرژی شێوا. هەناسەی هاتەوە سەرخۆی و پشووی دا. حاجی مەحسوم لێی پرسییەوە کە چی بووە. ڕەعنا دیسان دڵی پڕبۆوە و بەگریان هەمووی بۆ گێڕایەوە، حاجی مەحسوم بەپێکەنینەوە دڵداری داوە وتی:

– جا ئەوە گریانی بۆ چییە؟ سواڵکەر هەتا ئەمری هەر سواڵکەرە. ئەوە کوڕی حەلەدۆڵپایە؛ هەتا مرد هەر ئاوکێشی ماڵ ئێمە بوو. چ ماڵە باوکم، چ ماڵە خەزوورم. باوکی ناوی مینە لوت بوو. بەلای تەشتێ گۆیژ و مەجەعمەیەک سرینچکەوە گیانی دەرچوو. باوکم بەم دەس و بەو دەس هەر هۆشی پیانۆ بوو. بۆچی مەگەر پێیان وایە خەڵک لەبیریان دەچێتۆ ئەوان چۆن بوون و کێ بوون. خەڵک ئێمەیش و ئەوانیش دەناسن. هەروا کە ئێمە ئەوان دەناسین و ئەوان ئێمە. بۆی دامەچۆ پاڵو سەد ساڵ بیکەی بەبەرۆک هەر پاڵووە.

ڕەعنا روسەریەکەی داوە بەسەریاو چاوی سڕی وتی:

– هەرچی حاجی ژن خۆی ڕنی بەکاری نەخوارد.

– نەوەڵڵا بەکاری چێ بێت ئەو بەقای بۆ ئێمە نەبوو. چاوی لە ماڵ ئێمە پشکوت، بەقای بۆ ئەو چۆن هەیە. یان بەقای بۆ ئەو پیرێژنە بەو بەختە نەبوو کە چەن ساڵ وەک بایەقوش بەتەنیایی دانیشت و چۆڵ پەرەستی بۆ دەکا. جا کچم ئەمانە سێ برابوون. گەورەکەیان هەر شوێنی گوم بوو.

بەجاهێڵی کەس نەیزانی چوو بۆکوێ. ئەم دووانەیش لە ماڵی خەزوور و باوکی منابوون تا بوون بەپیاو. باوکی سەعی – حاجی مەجی ڕەحمەتی – ئەم ژنەی بەتکاو ڕجا بۆ خواست. ڕیشی خۆی ناگرەو؛ ئەینا خۆ پێیان نەدەدا. داوای منیشیان کرد بۆی. وتم بەخوا خۆم دەسووتێنم. ژنەیان بۆ خواست. ماڵ خەزووری بردیانە لای خۆیان و دەسیان دا باڵی، کاشی هاتە





عەمەل لەمەودوا تڕی لێ دەدا حەوت حەوت. بیلامانێ فیزی دەکرد بەسەرمانا. دانێک نەبوو بێژی بەدبەخت فیز بۆکێ دەکەی؟

حاجی مەحسوم چوو بۆ لای سەماوەرەکە چاییەکی یەک ڕەنگی بۆ تێ کرد کە تازە ڕەنگی دابۆوە وتی:

– ها ئەمەش بخۆ، با پشویەکت تێ بێتەوە. وامزانی خوای نەکردە بەڵایەک ڕوویدا، کۆڵان تاریکە... ئەی... هەتیوێ... شتێ.

بەئیشارەی دەست و سەر کۆتایی بەقسەکانی هێنا. ڕەعنا چایەکەی خواردەوە. حاجی مەحسوم منداڵەکانی بانگ کردە ژوورەوە و خۆیشی چووە لای ژووری هۆدەکە دانیشت. تەزبێحەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دەرزییەکەی لە مورویەک دەرهێنا و دای لە دانێکی تر. پاش تۆزێک دەنگی منداڵەکانی دا کە سفرەکە ڕاخەن، ئێستە باوکیان دێتەوە؛ تووڕە دەبێ. ڕەعناش هەستا وێڕای منداڵەکان کاری کرد، بەدەم کارەوە چاییەکی بۆ خەسووی تێ کرد. خستییە سەرسینی و لەبەردەمی دانا. ئاگری ژێر چێشتەکەی کز کرد و هاتەوە نێو منداڵەکان.

وەک هەموو شەوانی تر شێو کرا. ڕێزان و چیمەن چوون بۆ حاجەت شتن. ئەم جووتە جیاواز لە هەموو تەنیایی و دوورەپەرێزییەک کە بەسەر خێزانی ماڵەکەدا زاڵ ببوو، یەکیان دۆزیبۆوە و لە دنیای شیرینی وتن و بیستن چێژیان دەبرد. حاجی ژن، ڕەعنا، سەعی لە دنیای دەروونی خۆیانەوە دەیانڕوانییە یەک و کەمتر لەگەڵ یەک دەدوان. ئەیوب لە تەنیایی و بێ هاودەمی ڕەنجی دەبرد و لە دەروونی خۆیدا بڕێک گرفتی بۆ دروست ببوو. بەردەوام ئێرەیی بەچپەو سرتە و گفتوگۆ درێژ و بێ بڕانەوەکانی چیمەن و ڕێزان دەبرد.

حەز و خولیای ئەوەبوو بچێتە ناویانەوە و بیگرنە خۆی. بەڵام چیمەن و ڕێزان وەها لە دنیای خۆیاندا ونبوون کە حازر نەبوون جێگە بۆ دانێکی تر

بکەنەوە. ئەویش دانێک کە لە خۆیان نەبوو. دانێک کە سەبارەت بەو هەستیان بەجیاوازی دەکرد. دنیای حاجی ژن و ڕەعنا لەگەڵ دنیای سەعی جیاواز بوو. تەنیایی ئەوان لەگەڵ سەعی لە یەک قوماش نەبوو ئەوان خۆیان لە یەک دوورگرتبوو؛ بەڵام ئەم خۆی بەپێویست لە هەردووکیان دوور دەگرت. بەهۆی ئەوەی ئەو ژنی بوو، ئەم دایک. هەردووکیان خۆیان بەخاوەنی شتێک دەزانی و دەیانویست لە یەکی داگیر بکەن. یان داگیریان کرد بوو. سەعیش خۆی بەخاوەنی هەردووکیان دەزانی؛ بەڵام بەو جیاوازییەی کە ئەویان دەبوو بیگرێت بەدڵەوە و ئەمیان بگرێت بەگیانەوە. ئەمیان باخچەیەکی پایز بوو، دەبوو پارێزگاری بکات. ئەویان مەرزەیەکی بەپیتی بەهارەکە دەبوو شێفی بکا و بیکێڵێ و بەهرەوەری بکات.

بەڵام ئیمشەو ئەم جووتە کە لەمێژ بوو یەکیان نەدیبوو، ئەم وەرزی بەهار و پاییزە کە هیچ کات بەیەک نەدەگەیشتن، یەکیان پەیدا کرد بوو. حاجی مەحسوم سەرەڕای عادەتی شەوانی کە لەپاش شێوکردن دەچووە ژوورەکەی خۆی، ئیمشەو تەنیاییەکەی لەگەڵ ڕەعنا دابەش کردبوو. سەعی بەپێی عادەت خەریکی داوچنینەوەی خۆی بوو. کە جار جار سەیرێکی دایکی و ژنەکەی دەکرد و لەبەرخۆیەوە زەردەخەندەیەکی دەگرت. ئەیوب دیسان سەیری دەست و مەچەکی باوکی دەکرد کە چۆن دەمارەکەی هەستاوە؛ ئەو پەنجە ئەستوورانە چۆن بەتوندی و چالاکی مەکۆکە لە بەین تۆڕەکەوە ڕەد دەکەن و بەتوندی گرێی دەدەن. مووی دەستی ڕەش و پڕ، قۆڵی کراسەکەی تا سەر ئانیشکی هەڵکردبوو. چپە و سرتەی بووک و خەسوو ڕواڵەتێکی تری دابوو بەڕوخساری ژوورەکە. وەک بڵێیی ئەم ئاشتییە کارتێکردێکی سەمەرەی لەسەر دار و دیوار پیتاکی ژوورەکەدا کردبێت.

ئەیوب دەفتەر و کتێبەکەی لەبەردەست دانابوو. هەر لاپەڕەی هەڵ دەداوە؛ بەڵام بیر و هۆشی بەلای باوکییەوە بوو. خۆی بەو نزیکتر دەزانی هەستی دەکرد ئێستە دەبوو لە شان باوکییەوە دابنیشتبایە و وێڕای ئەو





داوی بچنیایە. پێکەوە قسەیان بکردایە و بەرز بەرز پێبکەنیایەتن. دایکی یایەکێ لە کچەکان چایان بۆ بهێنایەتن، لەگەڵ باوی فەرموویان بەیەک بکردایە و زۆر پیاوانە قەندەکەیان داکرمانایە و هەڵیان قوڕنایەت. ئیسکان و ژێرپیاڵەکەیان بەتەقەتەق لەسەر سینییەکە دابنایەت و دەمیان بتەقاندایە. سەیرێکی دایکی و دایەی کرد، هیچ حەزی پێ نەدەکردن. حەزی لە چنوور و ئازادیش نەبوو کە لە خوارووی ژوورەکەوە خەریکی کایەکردن بوون. لەگەڵ ڕێزان و چیمەن جۆر نەدەهات، گەرچی زۆر حەزی لێ بوو بچێتە ناو دنیای خەڵوەتەکەیانەوە و سەریان لێ دەربهێنێ. کە ئەمە زیاتر بەهۆی خدەی پیاوبوونییەوە بوو کە لە خۆیدا هەستی پێ دەکرد. دیسان لەژێر چاوەوە سەیری باوکی کردەوە و چەن لاپەڕێکی تری هەڵداوە. باوکی لەژێرەوە سەیرێکی ئەیوبی کرد و خەریکی کارەکەی بۆوە. ئەیوب گورج چاوی لە باوکی دزییەوە. سەری داخست و قەڵەمەکەی گرت بەدەستەوە. باوکی مەکۆکەی داناو پەنجەکانی لێکئاڵاند و تەقاندنی. مەکۆکەی هەڵگرتەوە و بەدەم کارەوە وتی:

– ئیمڕۆ ڕەئیسی مەدەرەسەکەتان هاتبوو بۆ دوکان، مەعلیمەکەیشی لەگەڵ بوو. دوێ و پێر چیت کرد؟

چەن وشەیەکی ئاوا بچووک بەس بوو، بۆ ئەوەی خێزانی ماڵەکە لێک بپچڕێن و وەک دنکەی تەزبیحی پچڕاو هەریەکەی بەلایەکدا بڵاوەی بکەن. هەموو سەرنجەکان بەپەشۆکاوی و سڵەماوی ڕوویان کردە سەعی. ڕەعنا دەمی بەقسەکەیەوە وشک بوو. چنوور و ئازاد سەیری ئەیوبیان دەکرد. حاجی ژن سەری داخستبوو تەزبیحاتی دەکرد. ئەیوب چاوی لە بەین باوکی و کتێبەکەیدا بەسەر گوڵی قاڵیەکەوە وشک ببوو. ماتڵ بوو کە باوکی بەتوڕەیی پەرە بەقسەکانی بدات. لەوەی کە باوکی لەگەڵی قسەی دەکرد – تەنانەت بەناخۆشیش – خۆشحاڵ بوو؛ هەستی دەکرد کە دەیبینن و لەگەڵیدا قسە دەکەن. بەڵام گورج بیروبۆچوونی سەبارەت

بەباوکی گۆڕدرا، لەوەی کە بۆچی ئەگەر خەتایەکی بکردایە یان ڕەفتارێکی نائاسایی لێی ڕووی بدایە باوکی دەیدی و قسەی لەگەڵ دەکرد، ئەویش بەناخۆشی. بەخۆیدا شکایەوە. سەرنجی هەروا مێخی گوڵی قاڵییەکە بوو. بێ ئەوەی کە ئاگای لێ بێت بەقەڵەمەکەی کایەی دەکرد.

چپە و سرتەی دایکی و دایەی هێنایەوە سەرهۆش و لەژێرەوە سەیرێکی دایکی کرد و دزەی نگایەکی دا بەباوکی. دایکی بەئیشارەی چاو پێی وت کە دەرسەکەی تەواو بکات. بەپەلەپەل خۆی بەکتێب و دەفتەرەکانییەوە خەریک کرد و پاش تۆزێک کۆی کردنەوە و لە تەنیشت خۆیەوە داینان. ئەمجار دەفتەری ئینشاکەی کردەوە. ئینشاکە لێی ببوو بەلەمپەرێکی زۆر گەورە و هەرچی دەکرد بۆی نەدەنووسرا.

نەیدەزانی چی بنووسێ. هیچ یاد و خاترێکی ئەوتۆی لە هاوینی پارو هاوینەکانی تر نەبوو. کە لەگەڵ باوکی و بنەماڵەکەی بەسەریان بردبێت و بیری لە ئینشای منداڵەکان کردەوە کە لەسەر کلاس خوێندیانەوە؛ بێزی لە هەموویان بۆوە. چونکە هیچیان ڕاستیان نەدەکرد ئەوەی دەیان وت درۆ بوو. هیچیان نەچووبوونە دەرەوە، نەچبوون بۆ تاران و تەورێز. باوکیان نەیانی بردبوو بۆ هیچ کوێ. بەس لەناو هەموویاندا بیری لە ئینشاکەی سمایل و حەتۆ و بێهروز کردەوە کە ڕاستیان دەکرد. سمایل باسی کارکردنەکەی لە باخچەی مینەکۆڵ کردبوو. کە دەیوت ئەم هاوینەیش لە دوای ئیمتەحانی ئاخری ساڵ دەبێ دیسان بچمەوە بۆ باخچە. حەتۆش دەچووە قاوەخانە کاری دەکرد، کە یادەوەرییەکانیان زۆر جوان بوو. بێهروز چونکە باوکی ماشینی بوو هەموو هاوین و نەورۆزێک دەیبردن بۆ دەرەوە. پاشان بێهروز هەموو ئەو شوێنانەی کە ڕۆشتبوو باسی دەکرد بۆ منداڵەکان. ئەیوب بیری لە هەموو ئەو قسانە کردەوە کە بێهروز بۆی باس کردبوون؛ ویستی کەڵکیان لێ وەربگرێ. بەڵام هیچ کامی بەهینی خۆی نەدەزانی، لە ڕاستیدا حەزی نەدەکرد بیاننووسێ. چۆن دواجار بێهروز و





منداڵەکان بەجۆرێکی تر سەیریان دەکرد؛ بەو جۆرەی کە خۆی ئێستە سەیری منداڵەکانی تری دەکرد کە قسەکانی بێهروزیان نووسیبۆوە. لەبەرخۆیەوە وتی:

–خۆزیا ئاغە مەعلیم نیوتایەکە خاترە و یادێکی خۆشی خۆتان بنووسن.

یاد و خاتری خۆشی ئەیوب ئەوەبوو کە پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی بەهار، میرزا تۆفیق باوکی بێهروز سواری ماشینی کردبوون و بەناو شاردا گەڕاندبوویانی. بردبوونی بۆ لای بلوار و پادگان و شاڵمانکار؛ پاشان بەلای چەمدا هاتبوونەوە بۆ قۆپی قاقاو گۆمی زەناو، لەوێشەوە چووبوون بۆ لای کوشتارگا، تا نزیکەی پلەی تاسانە بردبوونی پاشان بەو شیوو و دۆڵانەدا هەڵگەڕابۆوە بۆ لای خیابانی سیلۆ و لای پۆمپی بێنزینەوە هاتبوو بۆ لای پارکی منداڵان لە خیابانی فەرەج. لەگەڵ بێهروز و خوشکەکانی تێر هەقلی عەقۆ و جۆلانە و خلیسکێنیان کردبوو. پاشان میرزا تۆفیق سواری کردبوونەوە و بەلای چوار ڕاو پلی هەوایی و بەرجامیعەدا هێنابوونییەوە بۆ لای فەلەکەی هەڵۆ. لەوێ لە دوکانی فاتێحی، بەستەنی بۆ هەموویان کڕیبوو؛ لەناو ماشێنەکەدا خواردبوویان. ئەمجار لەوێشەوە هاتبوونەوە بۆ لای قازاخانە و گشتیانی لەبەر کۆڵانەکەدا دابەزاندبوو. ئەیوب بیری هاتەوە کاتی لە ماشێنەکە دابەزیبوو هەستی کردبوو پای بەسەر عەرزەکەوە نییە. خەریکە لە ئاسماندا دەڕوات.

ئەیوب بەدەم ئەم خەیاڵانەوە، ئەوەی کە بەمێشکیدا هاتبوو هەمووی نووسیبوو. بەڵام بیری کەوتەوە ئەم ڕووداوە هینی پارەکە نەبوو. بەڵام خۆی بەخۆشترین ڕۆژی ژیانی خۆی دەزانی؛ ئێستەش جاروبار دەچۆوە ناو خەیاڵی ئەو دنیا ڕابراوە و بەوەیاد هێنانەوەی خۆشحاڵ دەبوو. بەڵام بەو جیاوازییەی کە خۆی شۆفێری ماشێنەکە بوو؛ میرزا تۆفیق لە دواوە لەسەر جێگەی ئەمدا، دانیشتبوو. کە زوو زووش دەنگی دەدا «میرزا تۆفیق دەست مەبەدەرۆ».

ئەیوب دەفتەری ئینشاکەی بەست. کتێبە فارسییەکەی گرت بەدەستەوە؛ چون لای باوکی نەدەبوو بەبەتاڵی دابنیشێ. دەبوو حەتمەن کتێب یان دەفتەری بەدەستییەوە ببووایە.

دەرسی ئارشی گەمانگیری هێنا و خەیاڵی چووە ناو جەستەی ئارشەوە کە چۆن لە بەرانبەری دوژمنەکانی ڕەد دەبێ و دەچێتە سەر کێوی دەماوەند. تیر لە کەوان دەردەکات. بەڵام لەوەی کە ئارش گیانی لەگەڵ تیرەکە دەرچبوو حاڵی نەدەبوو. لەناو دوژمنەکانییدا چاوی بەعەزۆ و یەکدوانێکی تر کەوت. کە لە مەدرەسەکەیاندا بوون. بیری کردەوە لە دەماوەند لە دڵی خۆیدا وتی دەبێ بەقەی تەپەی ماڵان گەورە بێ. حیلکە و تریقەی پەنهانی ڕێزان و چیمەن لە خەیاڵی ئارش بوونەوە دەریان هێناو لەناو ژوورەکەدا، دایاننناوە. چاوی بەهەمووویاندا گێڕا. هیچیان دوژمن نەبوون. هەموویان لەیەک بەدی هاتبوون. بەڵام بۆچی یەکیان نەدەدی. ئەی ئیمشەو چۆن بوو یەکیان پەیدا کردبوو. بەس ئەو و باوکی بوون کە سەریان داخستبوو یەکیان پەیدا نەکردبوو. ئەیوب پڕبەدڵ حەزی دەکرد کچ ببووایە؛ بۆ ئەوەی بیتوانیایە لەگەڵ ئەو دوو خوشکەی ببێ بەها و قسە و چیدی بەتەنیا نەمێنێتەوە. نەیدەزانی چی بکات، کە خوشکەکانی قسەی لەگەڵ بکەن یان ئەو بەهاودەمی خۆی بزانن. هیچ نەبێ جاروبار ئەگەر قسەیان دەکرد ڕووبکەنە ئەم و ئەمیش ببینن؛ بیدوێنن. یان ئەگەر قسەی لەگەڵ دەکردن بەسەر و لچ جوابی نەدەنەوە. ئەیوب ئەم شێوە جوابدانەوەی لێ ببوو بەگرفتێکی دەروونی و پێی قەڵس بوو. جارجار دەیدی کە چیمەن چۆن لەگەڵ ڕێزان دەدوێ. هەرچۆنێک بوو قسەیەکی ساز دەکرد و دەچوو بۆ لای چیمەن و دەیگێڕاوە. بەشەوق و زەوقێکی تایبەتەوە باسی دەکرد و دەست و سەری تەکان دەدا. هێندە بەتاووتینەوە دەیگێڕاوە کە جارجار وشەکانی بۆ نەدەهات و زمانی دەیگرت. بەڵام لە نیوەی قسەکانیدا سیما و سەرنجی سارد و کەمتەرخەمی چیمەن، لە زەوقی دەدا و قیزی لە نگای دەشێواوە و





دڵی تێکەڵ دەهات؛ حەزی دەکرد بەهەموو هێزی خۆی پەلاماری بۆ ببات. بەڵام گورج ڕک و نەفرەتەکەی خۆی دەخواردەوە و دەچووە خەڵوەت و تەنیایەکەی خۆی. زۆرجار کە بەهۆی ئەم ڕەفتارانەوە کە دەیدی و دەکەوتە نێو ئەم گوشارە ڕۆحی و دەروونیانەوە هەستی دەکرد کە خۆشیان ناوێ و لە خۆیانی دووردەخەنەوە. بچووکترین ڕەفتار و قسەیەک کە هانی بدایەت بۆ ئەم گێژەنە ڕۆحییە، سەبارەت بەخاوەن ڕەفتارەکە، بەدبین دەبوو. زیاتر لەوە دەر بارەی باوکی بەدبین بوو. هەستی دەکرد باوکی خۆشی ناوێت. لەبەر خۆیەوە دەیوت: «دەی بۆچی قەدرۆم تێ ناکات قسەم لەگەڵ ناکات. هەمیشە سەری داخستووە، و خەریکی داو چنینە. یان بۆچی ئەگەر تونی بێت یان داوای شتێک بکات هەر بەچیمەن و ڕێزان دەڵێ. دەی بۆچی بەمن ناڵێ؟ بۆچی قەد بەمن ناڵێ بەقوربانتبم کوڕە گەورەکەم. خۆ چیمەن کوڕ نییە، ئەو کچە». ئەیوب زۆرجار بۆ ئەوەی خوشکەکانی بیبەنە ناو جەرگەی خۆیانەوە و قسەی لەگەڵ بکەن، ویستبووی جلوبەرگی ڕێزان یا چیمەن لەبەر بکات. بەڵام چۆن زۆر لە ڕێزان و چیمەن دەترسا نەیوێرابوو لەبەری بکات. چۆن دەترسا لە لای منداڵەکانی گەڕەک بیدەنەوە بەڕوویدا. یان هەرچی کە دەبوو بەشەریان بی کوتنەوە بەنێوچاویدا. هەمووی ئەم بیروبۆچوونانە بۆ ئەوەبوو کە دەیویست بەهەر شێوەیەک بووە خۆی بەخوشکەکانی نزیک بکاتەوە. ئیمشەو دەیویست نەچێتە ژوورەکەی دایەی و نەبێت بەکوڕی ئەو. دەیویست کوڕی ڕەعنا بێت؛ وەک چۆن چیمەن و ڕێزان کچی ڕەعنا بوون بێتەوە ناو جەرگەی خێزانی ماڵەکە و لەگەڵیان بدوێت و بەدەم چرپەو سرتەیانەوە، تریقەی خەندە بیباتەوە. لە لایەکی تریشەوە دڵی بۆ دایەی دەسووتا کە تەنیا بیهێڵێتەوە؛ بەڵام ئەم شەو زیاتر دڵی بۆ خۆی دەسووتا و حەزی دەکرد لە خوارەوە بنوێ و بەدەم پرخە و موشەی برا و خوشکەکانییەوە خەون بیباتەوە. لە جێگەی خۆیدا سەری نا بەدیوارەکەوە و خۆی کرد بەنوستوو. شەو درەنگ بوو. سەعی داو و

ڕیسمانییەکەی کۆکردەوە. حاجی مەحسوم هەردوو دەستی نایە سەر عەرزەکە و بەتەکان هەستان. ئەیوبی بەلادا ڕاکێشا و باڵنجێکی لەژێر سەردانا، کتێب و دەفتەرەکەی ئەیوبی هەڵگرت و چووە دەرەوە. ڕەعنا بەم کارەی خەسووی کە ئەیوبی لەگەڵ خۆی نەبرد نگایەکی سپاسگوزارانەی کرد بەدویدا و مەوجێکی هێنا و کێشای بەسەر ئەیوبدا. چنوور و ئازاد وردەواڵەکانیان خڕکردەوە و سەریان کردە سەر باڵنجێک و لە تەنیشت یەکدا نووستن.

ڕەعنا لای ژوورووی ماڵەکەوە دۆشەکێکی بچووکی ڕاخست و ئەیوبی بردە سەری و مەوجەکەی پێدادا وە. چیمەن و ڕێزانیش لای خوارووی ژوورەکە، ڕاکشان. بەڵام هەر خەریکی خۆیان بوون. ئەیوب لەوەی کە لێیان دوورە، بەحسرەتەوە گوێی بۆ ڕادەگرتن. بەردەوام لەبیر و ئەندێشەی ئەوەدابوو بەخوشکەکانی نزیک بێتەوە؛ کارێک بکات، یان تەنانەت شتێکی بەسەر بهاتایە تا ئەوان دڵیان پێی بسووتایە و نزیکیان بکردایە. ئەڵبەت بەو جۆرەی کە ئەیوب بیری لە تەنیاییەکەی خۆی دەکردەوە، خۆی بەدابڕاو دەزانی. ئەوان سەرنجیان بەم چەشنە نەدابووە سەر پێوندییەکەی خۆیان. بۆ ئەیوب ڕوون نەبوو کە دوورگرتنەکەی ئەوان ئاگاهانەیە خۆیان ببوون بەچەن بەرەی لێک دابڕاو. ئەم بەهۆی نیازێکی ساکاری دەروونی دوورکەوتبۆوە و خۆی بەدابڕاو دەزانی، لێک دابڕانێکی دەروونی. یەکیان دەدی؛ بەڵام نەیاندەدۆزییەوە. بۆ یەکتر نەدەگەڕان؛ هەستیان نەدەکرد کە دەبێ یەکتر پەیدا بکەن. هەموو لەژێر یەک میچدا بوون؛ بەڵام هەریەکەی لە دنیای دەروونی خۆیاندا ونبوون. بێجگە لە ئیمشەو کە ئەویش لەوە ناچێت تا چەن شەوێکی تر پەرەی هەبێت. کە دیسان ئەو داکۆکییە ببێتەوە بەناکۆکی و دابڕان. ئەیوب - کە لەناو جێگەکەیدا ئەم خەیاڵانە بێزاری کردبوو - چەواشە ببوو لە سەرلێشێواویدا مابۆوە. تەنیا کارێ کە بەبیریدا هات جێگەکەی خۆی تەڕ بکات. ئەیوب ببوو بەوکەسەی کە





کەوتۆتە نێو گێژەنێکی سامدار و لەگەڵ خۆی دەیبات. چنگ بۆ هەر شتێک دەکێشێ تا بەشکەم، بتوانێ چنگی لێ گیر بکات و خۆی نەجات بدات. کە ئەم پەلەکوتێ چاکتر دەیبردە ناو دڵی گێژەنەکەوە ئەیوبیش لەناو ئەم گێژەنە دەروونییەی خۆیدا ونببوو. بیری دەکردەوە شایەد ئەگەر جێگاکەی تەڕ بکات ئەم کارە ببێتە هۆی ئاکام و بەیانییەکی باشتر. چاوەکانی بەست و هەردوو قاچی درێژکردەوە، هێواش مێزەکەی بەرداوە، بەخەیاڵی بەیانییەکی باشتر خەون بردییەوە.

# بەشی شەشەم

لەپاش ئەو خەونە خۆشەی کە دوێنێ شەو کردبووی، پەژارە دیسان ڕووی تێکردەوە؛ پەژارەی چۆن لەخەو هەستان. خێزانیماڵەکە هەموو هەستابوون و خەریکی ئیشوکاری ڕۆژانەی ناوماڵ بوون. ناشتا خورابوو. بەس ئەم مابوو کە توانای هەستان لە وجودیدا نەبوو کە لە ڕاستیشدا خۆی کردبوو بەنووستوو پێش ئەوەی کە یەکەم کەس کە دایکی بێت، لە خەو هەستێ، ئەم خەفەتی چۆن هەستان و جێگە بەجێ هێشتن خەبەری کردبۆوە. لەشی بەهۆی نم و تەڕی جێگەکەی داهێزیا بوو. هەستی بەشەکەتی دەکرد. هەرچی کە دایکی یان یەکێ تر لە خێزانی ماڵەکە بەناو ژوورەکەدا دەهاتن و دەڕۆیشتن، هەستی دەکرد، بەو چاوانەیان خەریکن





دەیپشکێنن و ناو جێگەکەی دەگەڕان. هەموویان پاش ئەنجامدانی بڕێک کار لە دەور سەماوەرەکە کۆبوونەوە. ڕەعنا بەو دەست و پەنجە چالاک و کارامانەی ئیسکان و ژێرپیاڵەکانی لەناو تاسەکە دەردەهێنا و یەکی دەستێکی لێ دەخستن و لەسەر سینییەک ڕیزی دەکردن.

دەورێک چایی تێ کرد. قۆریەکەی داچۆڕاند و چاییەکەی لەبەردەم منداڵەکان دانا. قۆرییەکەی لەناو تاسەکەدا ئاوکێشا و لەسەر مێزی سەماوەرەکە نخونی کردەوە. تا ئەوان چاییەکەیان خوارد بەروبەر سەماورەکەی خاوێن کردەوە. بەدەستماڵەکەی دەستی سەماوەرەکەی خاوێن کردەوە بۆ ئەوەی چاکتر پاکی بکاتەوە، پەنجەی دەکرد بەناو ئاوی تاسەکەدا و دەیپڕژاند لە سەماوەرەکە. سەماوەری پڕ کردەوە لە ئاو و تۆنگەکەی بەنیوەیی لە جێگەکەی خۆی داناوە. دەستماڵەکەی لەسەر کەڕەنای سەماوەرەکە دانا و ئاگرەکەی خەفە کرد. هەستا ئاوی تاسەکەی لە پەنجەرەکەوە پڕژاند بەناو حەوشەکەدا.

بەدەم ڕێوە کە گەڕاوە سەر جێگەکەی خۆی بۆنێکی ناخۆش، بەڵام ئاشنا کە هەوای لای ژووررووی ماڵەکەی ئاخنی بوو، هات بەلووتیدا. ئاوی ناو تۆنگەکەی کردە ناو تاسەکەو ئیسکان و پیاڵەکانی ئاوکێشا و خستنییەوە ناو تاسەکە. ئەیوب لەبەرخۆیەوە وتی: «خۆزگە ئەو تۆنگە لە دەست دایکم دەپەڕی و لەسەر جێگەکەی من قلْم دەبۆوە». بەڵام ئەمە بێجگە لە خەیاڵ هیچ شتێکی تر نەبوو. ڕەعنا ڕووی کردە ئازاد و چنوور وتی:

– ڕۆڵە ئازاد شەو لە کوێدا خەوتبووی؟

ئازاد گورج دەستی برد بۆ شەڕواڵەکەی وتی:

– بەخوا دایە ئێمە میزمان نەکردە بەخۆمانا.

ڕەعنا لەبەر خۆیەوە وتی:

– ئەی ئەم بۆنە هینی چییە؟

چیمەن بەچاو ئیشارەیەکی کرد بەڕێزان، لە ئەیوب نزیکبوونەوە. چیمەن مەوجەکەی لەسەر لادا. ڕێزان دەستی گرت بەبەرلووتییەوە:

– پیف چ بۆنێکە.

مـــەبەســـتی ئەوان عـــەزیەتکردنی ئەیوب بوو. نەک ئاشکراکـــردنی نهێنییەکەی ئەو کە خۆیشی پێوە نهێن کردبوو. ئەو هەتکەی کە خۆی بەدەستی خۆی بەسەر خۆیدا هێنابووی دەرکەوتبوو.

تەنیـــا پەنایەک کـــە بووی لە دەســـتی دابوو. لەناو بیـــابانی بەژی بێ پەناییدا مابۆوە. لە نێوانیاندا هیچ قسەیەک نەکرا؛ هەموو قسـەکان بەســـەرنج و نیگا دەردەبڕیا زۆر بەتوندی دەوترا و دەوترا، زۆر بەمـــەندی دەبیسترا.

ڕێزان و چیمەن زۆر بەسەرکەوتوویی سەیری یەکیان کرد. ئەیوب ناچار لەسەر دۆشەکەکەی هەستاو لەولاترەوە چیچکانەی کرد و هەردوو ئەژنۆی لە ئامێز گرت. سەری کرد بەناو سینگیدا، دایکی شەڕواڵ و بلووزێکی بۆ هێنا وتی:

– ئەم گومەزە بێ ئیمام زایە نەبوو.

ئەیوب چووە هەوێشـخان؛ جلەکـانی گـۆڕی و جلە تەڕەکانی لەوێ دانا. بەلارە ملێ چووە سەر سفرەکە، کە هێشتە لەناو ژوورەکەدا ڕاخرابوو. چەن پارویەکی خـــوارد و بێ دەنگ چووە ســـوچێکەوە دانیـــشت. ڕەعنا دۆشـەکەکەی بردە حەوشـە تا لەبەر خۆرەکـەدا هەڵیـخات وشک بێتـەوە. چیمەن و ڕێزان وەکو شتێکی سەمەرە چاویانی گرتبێ. لوتیان دەگرت و سەریان ڕادەوەشاند و پێی پێدەکەنان. ئەیوب بەسەرنج و ڕەفتارەکانیان زیاتر عاجز بوو تا بەقسەکانیان. چۆن قسە یەک وشە بوو، یەک مەعنا، بەڵام سەرنج یەک نگابوو، چەنها مەعنا لە پشتیدا بوو. چیدی نەیتوانی خـــۆی لەبەر تەوژمی نگایاندا بگرێ، لە ڕۆح و دەروونی هەڵدەکـــۆڵی.





هەستا لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە. لە چەقی دەرگاکەدا ڕێزان وتی:

– بێ ئەملاوە چیمەن، ئیسە بۆگەن و بۆسار دەمانکوژێ، ئەیوب ویستی جوابە جەنگێیـان لەگەڵ بکات؛ بەڵام لەگەڵ تەوژمی تانە و تەشـەرێکی زەختر ڕووبەڕوو بوو:

– ئا لاچۆ بەر ئەو دەریا بەر بە با، با بێت [دەستی گرت بەبەرلوتیەوە و ڕووی وەرگێڕا] خنکاین.

ڕێزانیش وتی:

– هێشتە قۆرت و نیوێکی باقییە دەڵەمیز.

ئەیوب هیچی تری پێ نەوترا. جوابەکەیان گورچک بڕو دەمگربوو. ڕکو نەفرەت لە خۆی دەروونی گرتبوو؛ لە خۆی بێزاربوو کە بۆچی ئاوای کرد. هیچ کـە پێـوەندییـەکـەی چاک نەکـرد بوو، لێـیـان نزیک نەببۆوە؛ بەڵکو دوورتریش کەوتبۆوە. دیوارێکی زۆر گەورەتر لە نێوانیاندا دروست ببوو لە پشت دیوارەکەوە پێی دەوتن: «من وام کرد تا لێتـان نزیک ببـمـەوە، بۆ ئەوەی دڵتـان بۆم بسـووتێ، بۆ ئەوی وەک خـۆتان ببـینن» بەڵام هەمـوو ئەم وتانە غـەیری گـفـتـێکی دەروونی بەهیچ زارێکدا نەهات و هیچ کـام لەو گوێچکانە، نەیان بیست. هەروا کە چەنها جار بەئاشکرا وتبووی و نەیان بیـستـبـوو. خـۆی لە ژوورەکـەی دایەی دادیەوە. ئیـتـر وەک جـاران بۆن و بەرامەی گوڵ و مێخەک و نەعنا ڕۆحیان نەوازش نەئەدا، کاتێ کە دەهاتە ژوورەوە پڕ بەسـیـیـەکـانی هەڵیـدەمـژی و لە دەروونی خـۆیدا ڕایدەگـرت. زۆرجار بەدایەی وتبوو: «هەرچی دێمە ژوورەکەی تۆ ئەو بۆنە خۆشانە لوتم خلیتک دەدەن». بەڵام ئێستە هەموو شتێک بۆنی نەفرەتی دەدا. ئەم ژوورە ئەوەندەی کە لەبیری بوو هەر پەناگەی خەڵوەت و تەنیاییەکانی بوو. هەموو ڕازونیـاز و قسـەکـانی خۆی لە گوێی ئەم چوار دیواریەدا، شاردبۆوە، لەناو زاری ئەم ژوورەدا – کـە وەک گـوێیـەکی گـەورە – دەمی کـردبۆوە و ئەمی گـرتبـووە خـۆی، درکـاندبووی،. دۆڵایی و جـێـوبانەکـان، گـوڵـی بەڕەو

قاڵییەکە، تەنانەت مێنێ بچووک بەدیوارەکەوە گوێڕایەڵی زۆربەی ڕازەکانی بوون و بۆی درکاندبوون. باڵنجەکان دامرکێنەری هەموو نا ئارامییەکانی دەروونی بوون و هەموو نەفرەتێکیان گرتبووە خۆیان. بەڵام ئێستە چی؟ هەر چوار دیوار و سوچ و کەلێنی ژوورەکە، تەنانەت دۆڵابیەکەیش پشکێنەر و ناوەخن دۆزەی خوشکەکانی خۆیان لێ مەلاس دابوو. ئیتر ئەم ژووره شوێنی حەواندنەوە نەبوو؛ ئەمن نەبوو. بێ ئیرادە هەستا. لەناو خۆیدا خۆی شاردەوە و لە ماڵ دەرکەوت. یەک دوو کۆڵان گەڕا.

هەستی کرد ئەو چاوانە هەروان بەشوێنییەوە. نەک تەنیا بەشوێنییەوە کە لەناو دەروونییەوە سەیری دەکەن. هەوڵیدا ئەوەنە بیریان لێ نەکاتەوە. بۆ ئەوەی لە بیریان بکات و چیدی دڵی نەخۆن، بەهەڵاتن چوو بۆ لای گورگی. خۆی لەنگاو تەماشای گورگیش تەزبییەوە، هەوڵی دەدا سەیری چاوەکانی نەکات. توتکەکانی بەست بەکۆڵەکێکەوە و گورگی خستە شوێن خۆیی.

گورگی هەردوو گوێی قوت و سەری قیت گرتبوو. کلکی نابووە سەر پشتی دەموقەپوسی کوڵ، سەرە یەک تۆز باریک، ناو قەد باریک و مل و سینە ئەستوور و بەرز و چالاک. ئەیوب کە سەیری گورگی دەکرد کەیفی پێی دەدات. گورگیش بەدەور ئەیوبدا خولەی دەهات. دوادەکەوت، پێش دەکەوت و جاروبار خۆی لە ئەیوب هەڵدەساوی. ئەیوب لە دوورەوە چاوی بەپشیلەکەی ماڵ حاجی مینە کەوت کە لەبەر کونی بن دیوارێکدا خۆی مەلاس دابوو. ئەیوب لە جێگەی خۆیدا وێستاو سەرنجی گورگی بەرەو لای پشیلەکە ڕاکێشا. پشیلەکە زوو زوو چنگی دەکرد بەناو کونەکەدا و ئەیمیاواند. گورگی چاوی بەنێچیرەکەی کەوت. سەرو گوێی قوتکردەوە و گورگ ئاسا بەبێ دەنگ لێی نزیک بۆوە و تەپی دا سەری. لە عەرزەکەدا تلاندییەوە. زیقە و قیژەی پشیلە، مرەو گورەی گورگی. پشیلەکە لەژێر





سکی دەرچوو، ئاوقەی داربرقێک بوو. بەچنگە کرێ لێی سەرکەوت. گورگی بۆی هەڵدەبەزیەوە؛ پشیلەکە لە حەیوەتا خۆی حەوادا بۆ دیوارەکەی نزیک دار تەلەکە. بەڵام چنگی گیرنەبوو کەوتە خوارەوە. لە حەوادا خۆی باداوە و بەچنگ و بەسەرەوە کەوت بەسەر گورگیدا. گورگی پەلاماری دا؛ بەڵام پشیلەکە خۆی دەرباز کرد. بەدەور گورگیدا خولایەوە، گورگی کایەی لەگەڵ دەکرد و یەک دوو چەپۆکی دا بەسەریدا؛ تەپی دا سەری. پشیلە لەژێر پەنجەکانیدا وەک دەمان هەناسەی دەدا. گورگی یەک تۆز پەنجەی لەسەر شل کرد. پشیلەکە هێدی ببۆوە، بەیەک هەڵمەت لە بەین پایەوە دەرچوو. بەرەو ماڵی حاجی مینە وەڕێکەوت. لە چەقی دەرگاکەدا کەڵپەی تێگیراند و فڕێیدایەوە ناو کۆڵان. پشیلەکە بەدەور خۆیدا خولایەوە و گێژ بوو. گورگی ماتڵی نەکرد. قەپی کرد بەپشت ملیدا و بەتوندیی ڕایوەشاند. پشیلە شل بۆوە و سەرو ملی داشۆڕاند. گورگی نایە عەرزەکە و چاک کەڵپەکانی تێگیراند. کرپەکرپی وردبوونی ئێسکەکانی لەژێر کەڵپەکانیدا بەرز بۆوە. گورپەکە دواتەکانەکانی خۆیدا. گورگی قەپۆسی لێ توند کرد و گیراندییە عەرزەکە. کەف بەلای دەمیدا هاتبووە خوار بەماندوویی دەیمڕاند. هەناسەی – کە بەتوندی لە لوتییەوە دەردەچوو – خاک و خۆڵی عەرزەکەی لا دەدا. کاتێ پشیلە لەژێر کەڵپەکانیدا بڕست و حەرەکەتی لێبڕا، گرتی بەدەمییەوەو بردی بۆ کەلاوا. لە سێبەرێکدا داینا، دەم و لمبوزی لستەوە و هەردوو چنگی نایە سەر لاشەکە و کەڵپەکانی تێگیراند؛ دایدڕاند. جەرگ و دڵ و ناوسکی ڕژایە عەرزەکە و دەمی نا ناو خوێنەکەی و لستییەوە. ئەیوب توتکەکانی بەرەڵڵا کرد. توتکەکان بەترسە ترس لەلاشەکە نزیکبوونەوە. بەڵام گورج بەمرێک پاشەکشێی پێ کردن و لەو لاترەوە کەوتنە قوتە. دەمیان دەلستەوە و سواری شان و قۆڵی یەکتر دەبوون، زوو زوو لایەکیان دەکردەوە بەرەو لای گورگی، چاوەڕوان کە لاشەکە بەجێ بهێڵێ.

درندەیی گورگی و کرپە کرپی وردبوونی ئێسکەکان لەژێر کەڵپەکانیدا، حاڵی ئەیوبی تێکدا؛ بەڵام بەسەرخۆیدا زاڵ بۆوە و هەستی کرد کە نیازی بەو بێ ڕەحمییە هەیە. هەستی دەکرد کە دەبێ گرفتەکانی خۆی ئاوا بەبێ ڕەحمیی چارەسەر بکات. بۆخۆی بەئەزموون و تەجروبێکی چاکی دەزانی.

بەم بۆچوون و باوەڕەوە چاکتر سەیری گورگی کرد کە چۆن خەریکی داپاچینی کەلاکەکە بوو. گورگی دەم و لمبۆزی لستەوەو لاشەکەی بەجێ هێشت. ئەیوب بەپێی تەجروبە دەیزانی ئەگەر گورگی بچێتە کەنارێکەوە و ڕابکشێ ئیتر هەڵناستێ. هێشتە زۆر لە کەلاکەکە دوورنەکەوتبۆوە فیکەی بۆ کرد و لەگەڵ خۆی بردی. گورگی ئەمجار چاکتر خۆی قیت کردبۆوە سەرفراز و سەرکەوتوو لە ڕاوێک وسکێک چاک لەوەڕابوو. کلکی نایە سەر پشت و کەوتە دوی ئەیوب.

ئەیوب لە کۆڵانەکانی کازمخاندا تۆزێک گەڕا، پاشان لە کۆڵانە تەنگەبەریەکەی پاڵ پیر محەمەد داگەڕا بۆ خیابانی ساحیلی و لەپشت سینەمای وەزیری، چووە ناو قۆبی محەمەدە کوڵ. لە دوورەرە لەگەڵ عەزۆ چاویان بەیەک کەوت. ئاگای لێبوو عەزۆ بەدیتنی ئەم خۆی شاردەوە. ئەم کارە دەبوو ئەم بیکردایە؛ بەڵام ئەو کردبووی. ئەیوب وا خۆی نیشاندا کە چاوی پێی نەکەوتووە. بەلاشییەوە گرینگە کە بۆچی عەزۆ خۆی شاردۆتەوە. بۆ ئەم باشتربوو، چوون ئەم لەوەی کە ڕووبەڕووی بێت بەڕاستی سڵی دەکرد. بەمێشکیدا هات کە بچێت لەگەڵی بیکات بەشەڕ؛ بەڵام لە دڵەوە بەخۆی متمانەی نەبوو، بەخۆی دڵ قورس نەبوو. پای لە شوێنی نەدەچوو؛ لەگەڵی نەدەکرد. بەڵام کاتێ چووە ناو قۆپییەکەی موستەفا مەترسی توتکەکان کەوتە دڵی. بێ ئەوەی کە ماتڵی بکات بەهەڵاتن گەڕایەوە. دنەی گورگی دەدا و زوو زوو حەلە حەلە و کس کسی بۆ دەکرد. بەهەر دنەیەکی ئەیوب گورگی زیاتر خۆی قوت دەکردەوە و





بەردەوام دەیڕاند. کاتێ گەیشتنە کەلاوا، عەزۆ یەکێ لە توتکەکانی گرتبوو خستبویە ناو تەلیسێکەوە و کەوتبووە شوێن دانەکەی تر. بەچاوپێکەوتنی یەک هەردووکیان ورەیان لە دەسدا، بەڵام ئەیوب سوور بوو کە دەبێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، عەزۆ چەن هەنگاوێک چووە دواوە. ئەیوب هەنگاوێک چووە پێش سەیری نێوچاوانی یەکیان دەکرد دەستیان مشت کرد و گرێیان خستە نێوچاوانیان. لە دوورەوە خێسەیان لەیەک دەکرد. بەڵام ورەی دەستەوئێکە بوون لە هیچیاندا نەبوو. عەزۆ لەوەی کە چوو بووە دواوە و مەیدانی خاڵی کردبوو پەشیوان بوو. هەنگاوێک هاتە پێشەوە. بەهاتنە پێشەوەی عەزۆ گورگی مڕانەی و کەڵبەکانی نیشاندا. ئەیوب بەم مڕەو گورگی وەک پاڵپشتێکی بەمتمانە و پشتیوانێکی بەباوەڕی پەیدا کردبێ، ورە کەوتە دڵیەوە لێی چووە پێش. عەزۆ کشاوە. تۆزێک لای ئەیوبی گرت و لە گورگی دوورکەوتەوە. ئەیوب لای لێ گرت. عەزۆ کەوتە نێوانیانەوە. عەزۆ پێشتر لاشەی پشیلەکەی دیبوو. بەچاوپێکەوتنی ئەژنۆی شل ببوو. پەلە پەلیشی کردبوو کە نەیبێنەوە بەسەریا؛ بەڵام بەترس و وەحشەت نەیتوانیبوو. ئەیوب هەستی بەترس لە عەزۆدا کردبوو. بەڵام هێشتە ورەی ئەوەی نەبوو کە پەلاماری بدات و دەستەویەخەی ببێت عەزۆ سەیری دەوروبەری خۆی کرد.

ئەیوب ڕەوتی تەماشاکەی خوێندەوە. دەوروبەری عەزۆ بەردی تێدا نەبوو ئەیوب گورج دوو خرکە بەردی بەپێ لە عەرزەکە هەڵکەندو هەڵیگرتەوە. عەزۆ بەپشتا چووە دواوە خۆیدا پەنای دیوارەکە. سەیرێکی دیوارەکەی کرد. بەرز بوو. لەبەر دیوارەکەشدا هیچ شتێکی نەدی کە بچێتە سەری و خۆی دەرباز بکات. لەبەر پێیدا بەردێک بوو، بەپێ خەریکی بوو کە هەڵیبکەنێ، بەڵام بۆی نەجوڵا. یان ئەم دەست پاچە ببوو نەیتوانیبوو. ئەیوب ئەوەی دەزانێ ئەگەر عەزۆ شتێکی بەدەستەوەبێ دەیوەشێنێ. پێش ئەوەی کە ئەو بکەوێتە دەست ئەیوب دەبێ دەست بوەشێنێ. لە حەوزی

پەریەکە و پێش دەستی بکات. بۆی ڕازاوە بەردەکەی کێشا بەلاقیدا. عەزۆ دەستی کرد بەگریان و خۆیدا بەسەر دیوارەکەدا. مەجالی قسە نەبوو، یان نەمابوو. تۆڵەبوو دەبوو بسەندرێتەوە.

ئەیوب بەردێکی تری تێگرت. مێشکی کاری نەدەکرد. خوێن بەرچاوی گرتبوو. عەزۆ پەلاماری بەردیدا، ئەیوب گورج هەڵیکوتایە سەری. عەزۆ لە شەڕدا کۆنەکار بوو. بەئانقەست خۆیدا بەعەرزدا؛ بەڵام ئەمجارە بەهەڵەداچوو. نەیتوانی ئەیوب تەکان بدات. ئەیوب لە عەرزەکەدا چاک تلاندییەوە دەم و لوتی هەموو ببوو بەخوێن. عەزۆ هەردوو دەستی گرتبوو بەسەر چاویەوە و لەژێرەوە دەیقیژاند.

ئەیوب بۆ یەک کات ویستی بەخراپی تۆڵەکەی بکاتەوە. بەڵام دەستی تێی نەچوو. لەسەر سینگی هەستا. عەزۆی هەستانەوە و لە کەلاوا کردیە دەرەوە. عەزۆ بەگریان هەڵهات. ئەیوب توتکەکەی لەناو تەلیسەکەدا دەرهێنا و لە کەلاوا دەرکەوت. کاتێ ماندنەوە نەبوو. بەرەو پارکی شار بەڕێکەوت. چووە ناو پۆلە بییەکان کە لەلای خوارووی پارکەوە بوو. لە قەراخ چەم خۆی شاردەوە. لەسەر گیاکان ڕاکشا. هەردوو دەستی نایە پشت سەری و چاوەکانی بەست. بەڵام گورج چاوی کردەوە. حەزی نەکرد بیبەستێ. دەیویست ئەم دنیایەی کە ئێستە بووی بیبینێ. گەرچی هیچ هەست و بۆچوونێکی تایبەتی پێ نەبوو. بەڵام لە دەروونەوە، لە دنیای ناوخۆیەوە هەستی بەئارامی و ئۆقرە دەکرد. بیری کەوتەوە کە شوێنەکەی بۆ ئەوە نابێ زۆر لێی بمێنێتەوە. ئەگەر کەوتە مەترسی مەجالی دەرچوونی نابێت. لەناو بیەکاندا هاتە دەرەوە، چووە ناو پارک. چووە لای پەیکەری دێو و فریشەکە وێستا. کە پەریەکە بەسەر دێوەکەدا زاڵببوو. خەریک بوو بەشمشێر سینگی دەدڕی. ئەیوب لە دەست و دەموچاوی شۆرد و خۆی فێنک کردەوە؛ لە گوێی حەوزەکەدا دانیشت. گورگیش لە ئاوی حەوزەکەی





خواردەوە و لە تەنیشت ئەیوبەوە وێستا. لە دوورەوە چاوی بەباوکی کەوت کە لەناو پۆلەبییەکاندا هاتە دەرەوە. تولێکی بەدەستەوە بوو؛ بەرەو لای ئەیوب دەهات. ئەیوب هەستا. بەهەستانی ئەم گورگی قوت بۆوە و بەرەو باوکی ئەیوب مڕاندی. سەعی بەتووڕەیی ئەیوبی بانگ کرد. ئەیوب لە جێگەی خۆی تەکانی نەخوارد. گورگی چەن جار لە سەعی وەڕی. سەعی لە دورەوە بەردێکی بۆ حەوادا؛ بەڵام گورگی دەرنەچوو، بەڵکو لە سەعی نزیکتر بۆوە. سەعی تولەکەی فڕێدا، بۆ ئەوەی ئەیوب سڵی لێ نەکات. سەعی زۆری نەمابوو بەئەیوب نزیک بێتەوە. هەنگاوەکانی توندتر کرد. ئەیوب گورگی تێ کسدا و خۆی هەڵهات. سەعی لە جێگەی خۆی دانیشت. ئەیوب لە دوورەوە فیکەی بۆ گورگی کرد.

٨١/١٢/٣٠

تەواو